توێژینەوە



# خوداوەندە بچکۆلەکە

نەبەز گۆران

ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە
jineftin.krd

توێژینەوە

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

## (خوداوەندە بچكۆلەكە)[1]

نەبەز گۆران

زمانێکی چیرۆکی قەرز دەکەم تا لە ڕێگەیەوە شـێوە و پێکهاتە، ئەرك و لە دایکبوونی خوداوەندە بچكۆلەكە دەرخەم، ئەو خوداوەندەی هەر لە یەکەم سـاتی لە دایکبوونییەوە بوویە یەكێك لە شـا خوداوەندەكان و بەبێ ئەوەی دروسـتكراوەكانی هێزەكەی دەرك بكەن، بەبێ ئەوەی توانا و وزەكەی ببینن وەك كەرەسـتەیەك تەماشـایان كرد، لە بچوكییەكەیەوە بۆیان ڕووانی، قورسـایی و بەردەوامییەكەی نەخرایە بەرچاو، بەڵام تەواوی زەمەنەكانی تێپەڕاند و بووە شا خودا و مرۆڤەكانی گیرۆدە كرد بە خۆیەوە.

((لە میزۆپۆتامیا، لە دەوڵەت شـارەكاندا[2] لە گۆشـەیەكی بچوك، لەناو پەرسـتگایەك، یا باوای دانیین گۆشـەی كۆشـكێك، چەند ڕاهیبێك بە هاوكاری پاشـا و كۆمەڵێك لە بیركەرەوەكـان خوداوەنـدێكی بچوكیان دروسـت كرد، خوداوەنـدێك دەیتوانی خۆی بخزێنێتە ناو هەموو درزێك و سوچێكی ژیانی مرۆڤەوە، لە هەموو شوێنێك جێی خۆی بكاتەوە، ئەو ڕاهیب و بیركەرەوانەی ئەم خوداوەندەیان دروسـت كرد، هیچ كات بڕوایان بەوە نەدەكرد هەم خۆیان دەكوژێت، هەم خوداوەندە گەورەكانیان و، هەم پاشـا و شـارسـتانییەتەكەیان تێدەپەڕێنێت. سـەرەتا بۆ هەندێك كاروباری مامەڵەكردن بەكار دەهات، پاشـان پێویسـتی بە ڕووبەری زیاتر و پەیوەندی زیاتر هەبوو، كاتێك بووە كەرەستەیەكی بەهێز بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان شمەك و پێداویستییەكانی مرۆڤەكان، شوێنی خۆی كردەوە و داخوازییەكانی گەورە بوون.

لە پەرسـتگاوە گەیشـتە ناو كۆشـك، لە كۆشـكەكانەوە گەیشـتە ناو خەڵك و بازاڕەكان، لەناو بازاڕەكانەوە گەیشتە ناو ماڵ و ناو گیرفانی كەسـەكان. بەبێ ئەوەی كەس هەست بە مەترسییەكەی بكات لە گەشـەكردندا بوو، گەشـەكردنەكەی بووبووە شوێنی دڵخۆشی و ئاسـانكاری بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، شـوێنی ئاڵوگۆڕەكانی پێشـووی گرتەوە، زۆر بە ئاسـانی سـیمای خۆی دەردەخسـت و لەگەڵ دەركەوتنیشـی هێزەكەی بڵاو دەبوویەوە. نەیدەویسـت تەنها لە دەوڵەت شـارێكدا قەتیس ببێت، لە دایك بوو تا بچێتە هەموو ئەو شـار و گوند و ناوچانەی مرۆڤی لێیە، ویسـتەكانی لێیە و داخوازیكەرانی بە پیرییەوە دێن، بەبێ ئەوەی خۆی بیربكاتەوە تەنها بە بوونەكەی ئـایدیاكانی و ئـارەزووەكانی

---

[1] ناوی خوداوەندە بچكۆلەكە، لە كتێبی مانیفێستی شارستانییەتی دیموكراتی، عەبدوڵا ئۆجەلانەوە وەرگیراوە.

[2] **دەوڵەتشارەكان** بە پێی مێژوو یەكەمین شارەكان لە میزۆپۆتامیا دروستكراون، ئەو شارانەش لە لایەن سۆمەرییەكانەوە بنیاد نران، یەكەمین شاریش_ئور_ە. لەناو بەشێك لە میتۆلۆژیادا هاتووە بیرۆكەی شار دروستكردنەكە بیرۆكەی خوداوەندە ژن بووە، بەڵام لە نیوەی میتۆلۆژیادا ئیدی دەسەڵاتی خوداوەندە پیاو شوێنی دەگرێتەوە و، پیاو دەبێتە دەسەڵات و پاشاو ڕاهیبی گەورە.

لەگەڵی هاتنە ناو دونیاوە، خاوەنی زۆرترین ئایدیاییە. ڕاهیب و بیرمەکەرەوە دروستکەرەکانی بە خۆشحاڵییەوە لە گەشەکردنی ئەم خوداوەندە بچوکەیان دەڕوانی. پێیانوابوو توانیوییانە هزریان بەکار بهێنن بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی تری مامەڵەکردن و کورتکردنەوەی ڕێگاکان و باشتر کاربەڕێکردنی مرۆڤ و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان.

خوداوەندە بچکۆلەکەی ناو گیرفان و خەزێنەکان، چیتر بیری لەو شوێنەی دروستکردنی نەکردەوە، لە جێگای خۆیەوە ئامانجی هەژموون و باڵادەستی بەسەر هەموو سەرزەوی میزۆپۆتامیا بوو، بەبێ ئەوەی خۆی بیربکاتەوە مرۆڤەکان فەزایەکیان بۆ دروستکرد بتوانێت ببێتە ڕکابەرێکی گەورەی سەرجەم خوداوەندەکان، وەك کۆی خوداکانی تری ئەو قۆناغە تەنها لەناو شارێکی دیاریکراودا نەدەمایەوە، بەبێ بانگەشەکردن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچووە شوێنەکانی دیکە و بوونی خۆی دەسەلماند. لەگەڵ تێپەڕینی لە شارێکدا داوای زمانی کرد، زمانێکی تایبەت بە خۆی، زمانێك هەمووان لێی تێبگەن و بتوانن بەو زمانە لەگەڵ خوداوەندە بچکۆلەکەدا قسە بکەن و ئەویش لێیان تێبگات. بازارەکان وەك سەرزەمینی گەشەکردنی هەوڵی زمانێکی میللی دێرینیان دا و خوداوەندەکە لەو زمانە تێ نەدەگەیشت، بۆیە لەناو کۆشك و پەرستگاکاندا زمانێکی بۆ دروستکرا، -زمانی ژمارەکان- پێش ئەو هیچ خوداوەندێك زمانی نەبوو، هەموو خوداوەندەکان بەو زمانە دەدوان مرۆڤەکان و ڕاهیبەکان پێی دەدوان، بەڵام ئەم خوداوەندە بچکۆلەیە زمانی تایبەت بە خۆی دەویست، ناچاری کردن ئەو زمانەی بۆ دروست بکەن، کە تەنها ئەوە دەتوانێت لەگەڵ هاتنە بوونی خۆی زمانێکی نوێش بهێنێتە بوونەوە. زمانێك تەنها لە ژمارەکان تێدەگات و هەمووانیش دەبێت زمانەکەی فێرببن بۆ ئەوەی لە گەشەکردنەکەشی تێبگەن، بەبێ زانینی زمانی ئەم خوداوەندە، لەو بونیادەش تێناگەین لە دایك بوونەکەیەوە لە ڕێگای زمانەوە دەچێتە ناو هزری مرۆڤەوە.

هێشتا دەرکی پێنەکرابوو چ داگیرکەرێکە، درکی پێنەکرابوو بەو بچوکییەی خۆیەوە دەسەڵاتەکانی لە هەموو ئەو خوداوەندانە گەورەترە لەسەر زەمینذا خۆیان دەنوێنن. لەگەڵ هاتنی زمانەکەیدا داواکارییەکانی زیاتربوون، داوای پەرستگەی کرد، بەڵێ پەرستگەی دەویست تا شوێنی تایبەت بە خۆی هەبێت، تا مورریدەکانی ڕووی تێ بکەن، ئەو مورریدانەی خاوەنی ڕێژەی زۆری ئەم خوداوەندەن هەست بکەن خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئەو پەرستگایە هەیە. هەست بکەن شوێنێك هەیە ئامانە و ئەو شوێنە دەبێتە چارەنووسی ئێستا و داهاتووی ژیانی خۆیان و نەوەکانیان. زۆری نەبرد، هەر لەناو میزۆپۆتامیادا، جارێکی تر ڕاهیب و پاشا و کەسە ژیرەکان دانیشتن بیریان لە دروستکردنی پەرستگا نوێیەکە کردەوە، ئەو پەرستگا نوێیەیان ناو نا-بانك-. بێگومان لەو قۆناغەدا پەرستگە نوێیەکە پیرۆزی پەرستگاکانی دیکەی نەبوو، بەڵام توانایەکی گەورەی هەبوو، کە تواناکەی بەسترابوو بە ژیانەوە، بەڵام بیرمان نەچێت ئەم خوداوەندە بچکۆلەیە بەر لە خۆی ئایدیای ئایینەکەی لە دایك بووە، کاتی هاتنە دونیای خۆیەوە، بەبێ وەهم و بانگەشەی میتافیزیکی لە ڕێگای بوونی خۆی و زمانەکەیەوە

مرۆڤی گرێدا بە ژیان و ویستەکانییەوە، هیچ کات (بە ئێستاشەوە) بانگەشەی دونیایەکی تر ناکات، ئەمما بە پێی پرۆژە ئەخلاقییەکانی ناو دونیای نەریت و دین، ئەوانەی بە شـێوازی ـچاکە- بەکاری دەهێنن، دەرگای دونیاکەی دیکەشـیان بۆ والآ دەکاتەوە، کەوایە لەگەڵ بەدەسـتهێنانی ئەم خوداوەندەدا دەتوانێت ببێتە دەلاقەیەکی کراوە بۆ ئەو پرۆژە میتافیزیکییەی لە خەیاڵی مرۆڤدا چەسپیوە، بە باشی بەکارهێنانی ئەم خوداوەندە بچکۆلەیە مرۆڤ دونیایەکی دیکەش بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەشەوە هەردووکی لە دەست بدات، چونکە خوداوەندە بچکۆلەکە لە بونیادەوە دوو دیوە، لەگەڵ دوو دیوبوونی خۆیدا تەواوی ژیانیشی کردووە بە دوو دیوەوە. دەسەڵاتەکەی لە سەرزەمینەوە بۆ دونیا خەیاڵییەکەی دیکە تێدەپەڕێت، چۆن مرۆڤ خۆی خولقێنەری خوداوەندەکان و ئایینەکان و نەریتەکانی خۆیەتی، بە هەمان شێوە خولقێنەری ئەو هێزە بچوکەیە کە دەسەڵاتەکەی لە خولقێنەرەکانی فراوانتر و مەزنترە. (بەشـێکی بەرهەمەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە میتافیزیکاوە تا کەرەستەکان، دوای دروست کردنیان بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ، بوونە کێشە و ئیشکالی گەورە بۆ ئاڵۆزی ژیان و مرۆڤ خۆی گیرۆدە بوو پێیانەوە.)

دوای بڵاو بوونەوەی هەتا دەهات خەڵکی زۆرتر خۆشیان دەویست، خەڵکی زۆرتر لە دەوری کۆدەبوونەوە، ڕاهیب و پاشاکانیش بەبێ خەم دانیشتبوون و خۆشحاڵانە سەیری دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکرد و ئاسودە بوون توانیویانە لەناو سیستەمی دەوڵەتشارەکانیاندا ژیان ڕێك بخەن، خەزنەکانی خۆیان پڕ بکەن، هیچ کات بیریان لەوە نەکردەوە، لە دایکبوونی ئەو خوداوەندە بچوکە لە دایکبوونێکی هەمیشەییە، سەردەمەکان و سوپاکان، یاسـاکان و خوداوەندەکان، دینەکان و ڕاهیبەکان، شـار و شـارسـتانییەتەکان، پاشـا و دەسەڵاتەکان، هیچ هێزێکی کۆن و نوێ ناتوانێت لەناوی بدات و یەکجار لە دایك بووە و بۆ هەمیشـە دەمێنێتەوە، خوداوەندێکی بچوکۆلەی نەمرە هاتووەتە ناو ژیانی مرۆڤەوە و تا کۆتایی چیرۆکی مرۆڤ دەمێنێتەوە.

دەچێت بۆ هەرشـوێنێك سـیمای خۆی دەگۆڕێت، ناوی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام ماتریاڵە ڕاسـتەقینەکەی خۆی ناگۆڕێت و بە وزەیەکی گەورەوە بەردەوامە. ئەو سـەردەمەی نەوەی سـۆمەرییەکان- بابلییەکان- برەویان بە پەرسـتگە نوێیەکە دا- بانك- ئیتر زەینی مرۆڤ لە خوداوەندی ناو پەرسـتگاکانی دیکەوە گۆڕی بۆ خوداوەندێکی تر، هێزێکی دیکە و بیرکردنەوەیەکی دیکە کەوتە نـاو زەینی مرۆڤەوە. ئەوە ئەو خوداوەندەیە بەو بچوکیەکەی خۆیەوە دەتوانێت ژیان دروسـت بکات و دەشـتوانێت بتخاتە پەراوێزی ژیانەوە. بە پێچەوانەی باوەڕە کۆنەکانەوە، خوداوەندەکە مرۆڤی ناچارکرد هەموو ئەو شتانەی بۆ بکات، کە ویستی ئەوە، تەنانەت ڕاهیبە مەزنەکانیشی خستە ژێر دەستی خۆی، تەنانەت ئەوانەش کە دروستیان کردبوو. لە دایکبوونەکەی چرکەساتێکی تاریك و مەترسیداربوو بۆ ژیانی مرۆڤ، (بە دیوەکەی تریشدا چرکەساتێکی گرنگ بوو بۆ ژیانێکی جیاواز و مرۆڤێکی جیاواز.) لەوانەیە لە دایك نەبوایە ژیان ڕەوتێکی تری بگرتایەتە بەر، بەڵام لە دایکبوو، دەبێت لەبارەی لە دایکبوونییەوە هزربکەین، لەبارەی دەسـەڵاتگەراییەکـانـییەوە، لەبـارەی هـێزە نەبـڕاوەکەیە و داخـوازییە زۆر و هەمیشـەییەکانییەوە. (هەڵبەتە لە ئاسـت بابلییەکان لەناو دەوڵەت شـاری سـۆمەری

سیستەمی بانکی بە شێوازێکی بچوکتر پەیڕەو کراوە، بەڵام لەسەردەمی بابلییەکاندا بە شێوەیەکی یاسایی و تۆکمە، سیستەمی بانك بووە بە بەشێك لە دنەدەری بازاڕ و بێخەم بوونی کەســی بازرگان و خاوەن کار و، هاتنە ئارای کۆمەڵێك یاســا، کە دەقەکانیان هێندەی گرنگی بە خوداوەنـدە بچکۆلەکە دەدەن هێندە گرنگی بە مـاهیەت و بوونی مرۆڤ نادەن.)

پارە... خوداوەندە بچوکۆلەکە ســەردەمەکانی تێپەڕان، لە پێناویدا پاشــاکان کوژران، پەرستگاکان ڕووخان، مێخوداکان لە دەسەڵاتدا کرانە دەرەوە و خودا نێرەکان شوێنیان گرتنەوە. لەشکرەکانی پێ دروستکران و شـارەکان لە پێناویدا سـەوتان. کۆمەڵگەکانی دابەشـکردن بەسـەر چینەکاندا و لەسـەر زەمین واقیعی نەك سـەرزەمینی میتۆلۆژی و ئەفســانەکان. میللەتەکان لە پێناویدا یەکتریان ســڕییەوە و وێرانەیان جێهێشـــت. بە پێچەوانەی میتۆلۆژیاکان و ئایینی نەریتی –ئیبراهیم-ییەوە، لەناو خودی شـــارەکان بەهەشـــت و دۆزەخی دروســـت کرد. ئەوانەی زۆرتر لەم خوداوەندەیان هەبوو کوردستانیانە دەژیان، (تێبینی: لەناو میتۆلۆژیای –سۆمەری-ئەکەدی-بابلی- ئاشووری- تـا هـاتنی کتێبی پەیدابوونی تەورات، بەهەشـــت ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتـامیـاییە، واتە کوردســـتانە، دوای ئایینی کتێبی پەیدابوون، بەهەشـــت جیاکرایەوە لە زەوی و خرایە شــوێنێکی نادیار و ئەو نەریتەی تەوراتییە، بۆ بەهەشـت بووە ڕوانینێکی تازە و لەناو ئایینی ئیسلامدا پەیڕەو کرا، بەڵام پێشـووتر بەهەشت تەنها لەسـەر زەوی بوو، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا، ئەو شـوێنەی باخ و میوە و خاتوونە چاو ڕەشـەکانی لێیە، ئەو شـــوێنەی ئادەم و حەوا لێ ژیاون و دەرکران بۆ ڕۆژئـاوای میزۆپۆتـامیـا، واتە دەرکران بۆ نـاو ژیـان، ئەو شـــوێنەی دوای تۆفـانەکە مرۆڤەکان لێی دابەزین و ئەو شـــوێنەی لە میتۆلۆژیاکاندا شـــوێنی دێوەکانە، شـــوێنی ئەو کەســـە کەڵەگەت و بە هەیبەتانەیە کەس ناتوانێت بچێتە نـاوی و دەبێت لە خوداوەندەکانەوە هێز وەربگرێت بچێتە ناوی و هەرکەســێك بچێتە ناوی ئیتر نەمری بەدەســت دێنێت و ناگەڕێتەوە ناو ژیان. لە بەشـــەکانی دیکەدا شـــرڤەی ئەو ئایدیانە دەکەین کە لە میتۆلۆژیا و تەوراتدا لەسەر ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیادا هاتوون.)

خوداوەندە بچکۆلەکە گەیشتە هەر شوێنێك لەو شوێنەدا کۆمەڵگەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشـــە بەهەشـــتییەکە، بەشـــە دۆزەخییەکە، هەزارەکان بریتیبوون لەوانەی خرابوونە دەرەوەی ویســـتەکانی خوداوەندە بچکۆلەکەوە. لە پاڵ ئەوانەدا تەنها بەوە نەوەســـتا پەرسـتگەی بۆ دروسـتکرد، پێویسـتی بە ڕاهیب بوو، پێیوسـتی بە شـوێنکەوتە هەبوو، بۆیە بازرگان، خانەدان، ســەرمایەدار..هتد هەموو ئەو ناوانەی دیکە بوون بە بەشـێك لەو ڕاهیبە نوێیانەی خوداوەندە بچوکۆلەکە دروسـتیان دەکات، ئەمما بە نەریتی جیاواز و ناوی جیاواز لە نەریتی ئایینە دێرینەکانی پێش خۆی، لەگەڵ خۆشـیدا تەنها بڕوایەك و پرۆژەیەکی نەهێنا بۆ دەســـتکارکردنی هزر و ژیـانی کردەیی مرۆڤەکـان، بەڵکو کولتوورێکی نوێشـــی بونیاد نا، کولتوورێك لەگەڵ زەمانە ژمارەییەکەی یەك بگرێت و هەوڵ بـدات کولتوورەکـانی دیکە لەنـاو خۆیدا بەگەڕ بخـات. ئەم خوداوەندە بچوکە – پـارە- لە قۆنـاغەکـانی دواتردا قبیلەگاکانیشـــی دروســـتکرد، لە هەر چوارچێوەیەکی

گەورەتر لە شـــاردا –بۆرســـە-ی دانا، تا تەواوی پەرســـتگا و ڕاهیبەکانی -بانك و بازرگان و ..هتد- ڕووی تێبکەن و لەوێوە لەســـەر بنەمای زمان و کولتووری ئەو لەو قبیلەگـا نوێیـانـەدا پەیرەوەکـانی بۆ جێبەجێ بکەن. هەرچۆن لەنـاو ئـایینەکـانـدا کۆی پەرســـتگاکان لە کۆتاییدا ڕوو دەکەنە شـــوێنێك ناوی قبیلەیە، لە ئایینی خوداوەندە بچکۆلەکەشدا تەواوی بانکەکان، کە پەرستگەن ڕوو دەکەنە قبیلەکەی کە بۆرسـەکانن. کۆتا کاری خوداوەندە بچکۆلەکە بانگەشـــەی ئایینێکی ســـەرتاســـەرییە بۆ کۆی مرۆڤ لەســـەر زەوی، ئەم ئایینە بە ڕەگوڕیشـــە و ئایدیاوە قوڵ و بە ناوەوە نوێیە، بووتە بەهێزترین و کاریگەرترین ئایین لەم ســەردەمەدا، ئایینێك کۆی ئایینە یەکتاپەرســتەکان کۆکن لەسـەری لێیەوە نزیك بن و لە هەمان کاتیشدا بەهۆی بەهێزییەکەوە لێی دەترسن و لە چەندین گۆشـــەنیگاوە نەفرەتی لێ دەکەن، بەبێ ئەوەی توانای سـڕینەوەی ئایدیا و کلتوور و کردەوە هێزەکەییان هەبێت.))

بۆ ئەوەی چیرۆکەکە درێژتر نەبێت، بە شـــێوازی کنەکردن، دەچمە ســـەر قۆنـاغە جیاوازەکانی ئایدیاکە و لە دایکبوونەکەی خوداوەندەکە و پاشان ئایینەکەی.

## قۆناغی کشتوکاڵ: لە دایکبوونی ئایدیای ئایینەکە

پاش گێڕانەوەیەکی چیرۆك ئاسا لەسەر هاتنی خوداوەندە بچکولەکە بە شێوەیەکی خێرا، لەم گۆشـەیەوە هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی کنە کردنەوە بگەڕێمەوە بۆ سـەردەمێکی پێشتری میزۆپۆتامیا، ســەردەمێك لە کاتی دەســەڵاتی خوداوەندە دایکدا-ژن- بنەوانی پڕۆژەکەی دارشــت و لەناو دارشــتنەکەدا ئایدیای دیکەش لە دایکبوون، کە خوداوەندە دایك –ژن- هەڵگری باڵادەستی و کۆکردنەوەی سەردەمەکە بوو. لەو بەشـەی سـەرەوە بە زمانێکی قەرزکراوی چیرۆکی شـێوەی لە دایکبوونەکەی و هەژموونەکەیمان کردە بنەمایەك بۆ ناسینی سـەرەتای هاتنەکەی، پاشـان دەمانەوێت بە زمانێکی جیاواز لە زمانی –ئەدەب- لەو هێز و کولتوور و نەریتە بگەین لەگەڵ ئەم خوداوەندەدا دێتە ناو ژیانی مرۆڤەوە، لەوە تێبگەین پێش سـەردەمی نووسـینەوەی میتۆلۆژیا و بوونی دەوڵەت شـاردا، چی لە دایکبوو، ســـەردەبی خوداوەندە ژن بە بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی چی خولقاند؟ بۆچی قۆنـاغی کشـــتوکاڵ دەبێتە قۆنـاغی خوداوەندە دایك و قۆنـاغی شـــار دەبێتە قۆنـاغی خوداوەندە باوك؟ پاشـان لە سـەردەمی دەوڵەتشـار و میتۆلۆژیا و نووسـیندا چیدیکە هاتە ئاراوە؟ لەگەڵ هاتنی ئایینە یەکتاپەرســـتییە ئاســـمانییەکان- نەریتی ئیبراهیمی- چۆن تەماشـــای ئەم هێزە کراوە؟ وزە شـــاراوەکانی لە چیدان؟ بۆچی توانای خۆگۆڕین و ناوگۆڕینی هەیە و جەوهەرەکەی خۆشی لەدەست نادات؟ ئەبەدی بوونەکەی لە چیدایە؟ ئایا پێش خۆی ئایدیاکانی لە دایکبوون یان پاش خۆی؟ خۆی لە هەناوی چییەوە هاتوەتە دەر؟ لەم ســەردەمەدا کە ســەردەمی دەرکەوتنی تەواوەتی ئایینی ئەو خوداوەندەیە و لە ڕێگەی سیستەمی سەرمایەدارییەوە تەواوی خوێنبەرەکانی ژیانی داگیرکردووە، چۆن لەم خوداوەنـدە بچکۆلەیە تێبگەین لەنـاو گیرفـانێکدا جێگەی دەبێتەوە و تواناکەشـــی گەورەترە لە توانای هەموو دەسەڵاتەکانی مرۆڤ؟ ڕەگوڕیشەکانی لە کوێدان؟

ئەمانە و کۆمەڵێك پرسیاری دیکە لەسەر مێژوو و ئێستای ئەم خوداوەندە، ئەرکی ئەم بەشەی کارەکەمان دەبێت، چونکە بە نیازین سەرمایەداری وەك ئایینێك (بەقەولی *واڵتەر بنیامین*) کە خاوەنی خوداوەندێکی باڵا دەستە-پارە- بخەینە بەر باسەکەوە، بەڵام سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ پێش پەیدابوونی خوداوەندەکە، بۆ سەردەمی کشتوکاڵ و دەسەڵاتی -دایکە خوداوەند- بۆ ئەوەی چەمکی ئابووری شرۆڤە بکەین و لەو قۆناغەوە بپەڕینەوە بۆ لە دایکبوونەکە و پاشان بەناو مێژووی لە دایکبوونەکەوە تێپەڕین، تا دەگەینە سەردەمی -سیستەمی سەرمایەداری-. وەك بانگەشەکردنێکی نوێ بۆ ئایینەکە و ڕاگەیاندنی بەسەر کیشوەرەکاندا، گەرچی ئایینەکە خۆی لە سەردەمێکی تازەدا زۆر قسەی لەبارەوە دەکرێت، بەڵام ئایدیاکان و لە دایکبوونی خوداوەندەکەی لەناو مێژوویەکی دێریندایە و بەبێ ناسینی مێژووەکەی لە میزۆپۆتامیادا، لە هێزەکەشی تێ ناگەین. تەنانەت ئایینە یەکتاپەرستەکانیش بەشێکی گەورەی چیرۆکەکانیان خۆیان گرێ دەدەن بەو باسەوە و، خودا-یەزدان- لەگەڵ خوداوەندە کۆنەکاندا دێنە ناو پرۆژەکەوە و قسەی خۆیان دەکەن و هەوڵی یەکلاییکردنەوە دەدەن. لەوانەیە ئەم کنە کردنە پێچەوانەی ئەو تێزە بێت کە لە کتێبی –پارە-دا دەڵێت: "ئەم ئایینە تازەیە کاریگەری لەسەر یەکلاکردنەوەی گەشەکردن هەیە."[3] بێگومان ئایینەکە تازە نییە و فۆرم و ناوگۆڕینەکانی بە تازەیی خۆی نما دەکات، ئەگینا زۆر دێرینە، هێندە دێرین دوای کۆچی مرۆڤ لە قۆناغی ڕاوکردنەوە بۆ کشتوکاڵ کۆڵەکەکانی خۆی دادەکوتێت و لەوێوە بەناو هەزاران ساڵ تەمەندا تێدەپەڕێت و لە گەشەکردن ناوەستێت. بۆ ئەوەی ئاوازی ئیشکردنەکەمان ڕوونکەینەوە چۆن تازە نییە، هەنگاو بە هەنگاو لە دێرینەوە بۆ ئێستا دەست پێدەکەین.

"ئەگەر وەك دەستەواژە و زاراوەش نەبێت، بەڵام وەك ناوەرۆك دەشێت یەکەمین ئابووری بۆ ئەو شێوازی کۆکردنەوەیە بگەڕێنینەوە، لە یەکەمین پەیدابوونی خێزان و کشتوکاڵ، کە لە دەوری ژن کۆبووبوونەوە، لە یەکەم شاردنەوەی خۆراکی ناو عەمبارەکاندا لە لایەن ژنەوە یەکەمین ئابووری لە دایك بوو. بەڵام ئەم ئابوورییە بۆ ماڵە نەك بۆ بازاڕ و بازرگانی."[4] لە چەرخی کشتوکاڵدا، مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان دوردەکەوێتەوە، پیاو لە ڕاوچییەکەوە دەگۆڕێت بۆ شوانکارە، یان بۆ ماڵیکردنی گیاندارەکان و تووچاندن، دایك دەبێتە هێزی یەکەمی کۆکەرەوە و پەناگەی خێزان و بەخێوکەر و بەرهەم هێنەری نەوە، چەترێك بۆ ئەوانیتر و لە هەمان کاتیشدا لەژێر ئەم چەترەدا لە دایکبوونی دیکە بەرچاو دەکەون. ئەم کۆکردنەوە و دروستکردنی خێزان و گەشەکردنە بۆ دروستکردنی ماڵ و عەمبار، دەبێتە وێستگەیەکی دیکە، تاکو مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوەی جیاواز و ژیانی جیاواز بڕوات. هەموو شوێنەوارناس و مێژوونووسەکان چەرخی کشتوکاڵ و دانەوێڵە لە میزۆپۆتامیا، بە چەرخی خوداوەندی ژن ناو دەهێنن. چونکە ژن ئەو ژیری و ڕێکخستنەی تێدا هەبووە بتوانێت ئەشکەوتەکان

[3] بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی کتێبی _پارە_ یوڤاڵ نوح هەراری، وەرگێڕانی: ئارام قەفتان. چاپی ڕەهەند ساڵی 2020

[4] عەبدوڵا ئۆجەلان، مانیڤێستی شارستانییەتی دیموکراتی، بەرگی دووهەم، وەرگێڕانی لە تورکییەوە، لوقمان عەبدوڵا، چاپی سێهەم، لاپەڕە 60

بگۆڕێت بۆ ماڵ، بتوانێت پیاو لە ڕاوچییەکەوە بگۆڕێت بۆ کارکەرێکی دانەوێڵە چاندن، یان بۆ شوانێکی گیاندارە ماڵیکەرەکان، بتوانێت نیشتەجێ بوون بخاتە شوێنی گەڕان بۆ خۆراك و خۆ ژیان، لە پاڵ ئەمەشدا بەرهەمهێنانەکانی بە سەرەتایەکی ئابووری باس دەکرێن، گەرچی ئابوورییەکە زۆر سنووردار بووە و هێشتا شار و بازاڕ دروست نەبوون، ئەمما خودی بیرۆکەکە، بیرۆکەیەکی ئابوورییە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو، هەر ئەم بیرۆکەیە گەشەی پێدەدرێت و پاشان لەناو دەوڵەتشداردا ئابوورییەکە فراوان دەبێت و دەچێتە ناو بازاڕەوە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنەکانی دیکە و ئینجا خوداوەندێك لە هەناوی ئەم بیرۆکەیەدا لە دایك دەبێت ناوی دەنرێت- پارە-. (هەڵبەتە کۆتاییەکانی قۆناغی کشتوکاڵ، گوندەکان گەورە دەبن و، شێوازێك لە بازرگانی سنووردار لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات. ئێمە ناتوانین بازاڕ بە تەواوەتی لە قۆناغی کشتوکاڵ بکەینە دەرەوە، بەڵام هێشتا بازاڕێکی هێندە پڕ وزە نییە بەراوردی بکەین بە بازاڕی سەردەمی شارەکان. مامەڵە و ئاڵوگۆڕ لەژێر ناوی بازاڕی بچوکدا، لە کۆمەڵەکاندا ڕوویداوە و لە گوندەکانیشدا ڕوویداوە، دۆزینەوەی شوێنەوارناسەکان ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە.)

سەرەتای ئابووری بریتییە لە کۆکردنەوەی پێداویستییە ژیارییەکان، پێداویستییەك مرۆڤەکان بتوانن لە وەرزی سەرماوە تێپەڕن بۆ وەرزی دەستپێکردنەوە و سەوزبوونەوەی زەوی. عەمبارەکانی خۆراك لەناو ماڵە دۆزراوەکانی سەردەمی کشتوکاڵ، پاشماوەی ئەو دانەوێڵانەیان تێدا دۆزراوەتەوە توانای وشککردن و مانەوەیان هەیە، واتە دانەوێڵەکانی ناو عەمبارەکان سەرجەمیان وشککراوەکانن، ئەشێت ئەو بیرۆکەیەش چەندینساڵی خایاندبێت تاکو سەردەمی خوداوەندە-ژن- بە هاوکاری پیاو بتوانێت بیر لەم سەرەتا ئابوورییە بکاتەوە، (خوداوەندە پیاو لە بیرۆکەکان ناکەینە دەرەوە، بەڵام قۆناغەکە بە قۆناغی خوداوەندە ژن ناسراوە بۆیە هەر بەو ناوە لەسەری دەدوێین.) گرنگی ئەم سەرەتایە لەوەدایە مرۆڤ لە ڕاو و شکاریی و ژیانی کێویی و ساتگەراییەوە، دەگۆڕێت بۆ مەخلوقێکی نیشتەجێبوو کە هزری لە بری هێزەکەی بەکار دەهێنێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی. بناغەی ئەم بەردەوامیدانەش لەو تێزە ئابوورییەوە دەست پێدەکات -خوداوەندە ژن، دایك- دەیخاتە ناو قۆناغەکەوە. زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن، قۆناغی کشتوکاڵ، قۆناغێکە بیرۆکەی کۆکردنەوە و نیشتەجێبوون لە دەوروبەری ژن هاتوەتە ئاراوە و، هەر ئەم بیرۆکە بەهێزەشە لەو قۆناغەدا ژن دەکات بە خوداوەند و ئەوانیتر لە دەوری کۆ دەبنەوە. (وەك تێبینییەك: لە زمانی ئەکەدیدا خوداوەندە-ئێ یا- خوداوەندی ژیری و پارێزەری مرۆڤ و بەردەوامیدانە بە مرۆڤ، ئەم خوداوەندە مرۆڤی لە تۆفانەکە پاراست و بە ژیرییەکەی خۆی ئامۆژگاری کرد تا کەشتی دروست بکات و زەوی و گیاندارەکان بپارێزێت، هەمان ئەم وشەیە-ئێ یا- وەك خۆی لە شێوەزاری هەورامیدا ماوەتەوە و بە دایك دەوترێت-ئێ یا- بەڵام لە دەربڕیندا نەك لە ڕێنووسدا، لە دەربڕیندا بە -ئەیا- ئەدا دەکرێت، لێ ڕێنووسەکەی هەمان ڕێنووسی ئەکەدییەکە دەنووسرێت هەرچەندە زۆر دروستیش نییە، چونکە لە شێوەزاری هەورامیدا کۆمەڵێك پیت هەیە، لە ڕێنووسی شێوەزاری سۆرانی و کرمانجیدا نییە و بە ناچاری ڕێنووسەکە دەگۆڕدرێت. واتە وشەی دایك بە شێوەزاری

هەورامی ڕەگوڕیشـــەکەی بۆ ئەو وشـــە کۆنە ئەکەدییە دەگەڕێتەوە و بە هەمان ماناوە بەکار دێت، کە کەسێکی ژیر و پارێزەری مرۆڤ و بەردەوامیدانە بە ژیان.)[5]

قۆناغی کشـتوکاڵ قۆناغی دروسـتکردن و هێنانە ئارای کۆمەڵێك نەریت و کولتوورە، قۆناغی جیاکردنەوەی مرۆڤە لە کەسێکی گەڕیدە و بێشـوێنەوە بۆ کەسێکی دانیشـتوو خاوەن شـوێن و بیرکرەوە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویسـتی زیاتر. تا ئەو سـەردەمەی ژن بیری لە دانیشـــتن و کۆکردنەوە نەکردوەتەوە، مرۆڤ لەناو ئەشـــکەوت و شـــوێنە جیاوازەکاندا بە شـوێن ڕاوکردن و پێداویسـتی ڕۆژانەییەکانیدا وێڵ بووە، گەرچی لە سەردەمی ئەشکەوت نشینیشدا کۆمەڵێك بیرۆکەی سەرەتایی هەبوون، بێگومان خاوەنی زمانیش بوون، بەڵام خاوەنی تێزی ئابووری ڕاســتەقینە نەبوون، ئەو ئابوورییەی کە لەسەردەمی کشتوکاڵدا دروست دەبێت جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو خۆراك کۆکردنەوەی ڕۆژانەیە لە ئەشـکەوت نشـیندا ئەنجامیان داوە، هەر لەبەر ئەمەشـە سـەردەمی پێش کشـتوکاڵ بە سـەردەمی ئابووری ناو نابرێت و ڕاوشکاری شـوناسـەکەیەتی، (کۆمەڵێك نموونەش هەیە پێویســتە لە خوارەوە باســیان بکەین.) بێگومان ئەمە مانای ئەوەنییە سەردەمی ئەشکەوت نشینی جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و گیاندارەکانی دیکەی سرووشتدا نەبووە، بەپێی دۆزینەوەکـان جیـاوازییەکی زۆر لە ئـارادایە و جۆرێك لە گەشـــە لە مرۆڤدا ڕوویداوە، مرۆڤ لە سـەردەمی ئەشـکەوت نشـیندا خاوەنی زمان و دەر برین بووە، خاوەنی وێناکردن بووە، خاوەنی جیاکردنەوە و ناو لێنان بووە، خاوەن ئاگر و کەلوپەلی ســـەرەتایی بووە، تا زیاتر یارمەتی خۆمان بدەین بۆچوونەکەمان دروســـت دەرکەوێت چیرۆکێکی دۆزراوەی نـاو ئەشـــکەوتی (شـــانەدەر) دەخەینە ڕوو، لەم ئەشـکەوتە :"پیاوێکی کەم ئەندام دۆزرایەوە، لە تەنیشـت پیاوەکەدا هەشـت جۆر گوڵ دۆزرانەوە، دوای توێکاری بۆمان دەرکەوت گوڵەکان حەوتیان دەرمانی چارەسەرین و یەکێکیان ژەهرە، تەمەنی کەسە کەم ئەندامەکە سەرووی سی ساڵە، هەر لە زگماکەوە بە کەم ئەندامی لە دایکبووە، پێدەچێت هەوڵێکی زۆر درابێت بۆ چارەســـەرکردنی و بێسوود بووبێت بۆیە لە کۆتاییدا خۆی کوشتوە و نەریتیش وابووە هەر لە ئەشکەوتەکاندا مردوویان ناشتووە."[6] ئەم چیرۆکە دۆزراوەیە بۆمان دەردەخات لەو سەردەمەدا مرۆڤ زۆر شـــتی ناســـیوە، خاوەنی زمان و دەربڕین بووە، چونکە گەر زمان و دەربڕینی نەبوایە بۆ ناولێنان، بێگومان گوڵەکانی لە یەکتری جیا نەدەکردنەوە، بە جیاکردنەوەی گوڵەکان کە کامیان دەرمانە بۆ چارەســـەری و کامیان ژەهرە بۆ کوشـــتن، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژیرییەك لەنـاو مرۆڤـدا هەبووە و زۆر کـاری خۆی پێ جێبەجێ کردووە، هەڵگری بیرکردنەوە و زمان و ناسین بووە، هەڵگری تێگەیشتن و هەوڵدان بووە، ئەو کەســـە کەم ئەندامە تەمەنێکی زۆر هەوڵیداوە بمێنێتەوە و دەرمان بەکار بهێنێت بۆ

---

[5] شاسوار هەڕەشەمیی، داستانی گەلگامێش، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی دووهەم، ساڵی 2017 لاپەرە 55 دەڵێت: "ئێ یا ناوی خودای ژیری بە زمانی ئەکەدی، بە زمانی سۆمەریش ئەم خودایە ناوی ئێنکی بوو."

[6] ئەم دەقە دەقی گێڕانەوەیەکی تەها باقرە، نەوشیروان مستەفا لە کتێبی بەدەم ڕێوە گوڵ چنین وەریگێڕاوە

چارەســـەری پاشـــان لە کۆتایی هەوڵەکانی نائومێد دەبێت و خۆی دەکوژێ و گوڵە ژەهرەکەی خواردووە. بەڵام لە ئەشــکەوتەکاندا هیچ عەمبارێك بەدی ناكرێت (گۆزەی بچوك دۆزراونەتەوە.) واتە هێشــــتا مرۆڤ بیرۆکەی ئابووری درێژ ماوەی نەبووە، هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی ئایدیای ئابووری بهێنێتە ناو ژیانییەوە و زیاتر پشتی بە دەسکەوتی ڕۆژانە کۆکرنەوەی کەمێك خۆراك کردووە، کە بەشــی چەند ڕۆژێك بکات و کۆکردنەوەکانیشی وەك عەمبار-خەزێنە- تەماشا ناکرێن.

لە ســـەردەمی کشـــتوکاڵدا گۆڕانکارییەکان زۆرن، عەمبار بناغەی یەکەمی ئایدیای ئابوورییەکەیە و لەگەڵ خۆشـــیدا ئایدیای دیکە لە دایك دەبن، گەرچی ئابوورییەکە و کولتوورە تـازەکە زۆر دیـاریکراوە و لە چوارچێوەیەکی تـایبەتـدایە کە خێزان و کۆمەڵەیەکی بچوکە، ئەمما دروســـتکردنەکەی بۆخۆی دەلاقەیەکی گەورەیە بەســـەر ژیانێکی دیکەی جیاوازی مرۆڤدا دەکرێـــــتەوە. بۆ ئێمە کاتێك لە ئێسـتادا لەو قۆناغە دەڕوانین ئەشــێت دڵخۆش نەبین بە هاتنە ئارای ئەم کولتوورە ئابوورییە، چونکە زیادە کۆکردنەوە هزری مرۆڤ دەگۆڕێت و دوای گەشـــەکردنەکانی مرۆڤ گیرۆدەی خۆی دەکات. لەوانەیە وتنی: بیرۆکەی ئابووری خێزانی لەســەردەمی شـۆڕشــی کشـتوکاڵ، بنەمایەك بێت بۆ دروستبوونی بەخشین و ستایشـکردن و بەرهەمهێنانی خوداوەندەکان تووشـــی کێشـــەی هەڵە تێگەیشـتمان نەکات، چونکە ئەوە ســەرەتایەکە بۆ بینینی دیکە. تەواوی ئەو کەرەســـتانەی لەو قۆناغەدا دۆزراونەتەوە دەرخەری ئەوەن بەهۆی زیادە کۆکردنەوە و لە خۆ زیـاد بوونەوە مرۆڤەکـان بیریـان لە ڕێگـای دیکە کردەوەتەوە، پێشـــووتر لە پێش ســـەردەمی کشــتوکاڵ، بەخشــین و ســتایشــکردن و خوداوەندەکان کولتوورێك نەبوون لەنـاو ژیاری مرۆڤدا، (گەر بە شـــێوەیەکی بچوکیش هەبووبن، نەنووســـراونەتەوە تا پەیان پێ ببیین، وەك ئەگەرێك.) ئەوە بیرۆکە ئابوورییە لەگەڵ خۆیدا بیرۆکەکانی دیکەش دروست دەکات. بێگومان لەم قۆناغەشدا ململانێکان لەنێوان -پیـاو ژن-شـــوانکـارە و کشـــتوکـاڵ- بەردەوامی هەیە، چونکە پیـاو ئەو هێزەی دەسـەڵاتگەری لێسـەنراوەتەوە لە ڕاو و شـکاریدا بەدەستی هێنابوو، کراوە بە کەسـێکی چاودێر لەسـەر کێڵگە و مەڕوماڵاتەکان، کە هیچ کات نەیویسـتووە ئەو هێزە لە دەست بدات، بۆیە بەپێی شــوێنەوارناســەکان، چەندین هەوڵ دراوە دەســـەڵاتی پیاوســـالاری بەهۆی ئەرکی شـــوانکارییەوە بگوازێتەوە بۆ دەســـەڵاتی خێزانی و باڵادەســـتی خۆی بەســـەر قۆناغەکەدا بەدەســـت بهێنێت، ئەمما وزەی بیرۆکەکانی ژن و ســـرووشـــتی کۆکردنەوەی هەموومـان لەوە فراوانتر بووە، تـاکو پیـاو بتوانێت جـارێکی دیکە هێزی دەسەڵاتەکەی بۆ بگەڕێتەوە، شێوەی جەستەی ژنیش پەیوەست بە زەوییەوە هێندەی کە هێزی پیرۆزیی و گەورەیی پێ دەبەخشێتەوە و لە ململانێکاندا سەردەکەوێت.

هێزە گەورەکەی ژن لەم قۆنـاغەدا پێچەوانەی هێزی مەچەکی پیـاون، چۆن لە ســـەروەختی ئەشـــکەوت نشـــیندا ڕابەرایەتی لای باشـــترین ڕاوکەرە، کە پیاوە، لەم ســـەردەمەدا ڕابەرایەتی لای باشـــترین خاوەن بیرۆکەیە، کە ژنە و بەشـــێکی زۆری هێزەکەشـــی پەیوەندی بە زەوییەوە هەیە. بیرۆکەی عەمبار کردن، خێزان، دانیشـــتن، کۆبوونەوەی چەندین خێزان لەیەك شـــوێن، ماڵی کردنی گیاندارە کێوییەکان، چاندن،

چاودێریکردنی وەرزەکان، کۆکردنەوە و کەرەستەخستنی ناو ماڵ، دروستکردنی خانوو.... هتد. ئەمانە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی سەردەمی کشتووکاڵن، پاش نیشتەجێ بوون و بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك کەرەستە و خواردن، وردە وردە تێزی دیکەی نەریتی بۆ ژیارە نوێیەکە دێنە ناوەوە. یەکێك لەو تێزانە بەخشینە، مادام عەمبار هەیە و زیادە کۆکردنەوە پەیدا بووە، پێیوستی بە ستایشە، ستایشەکەشی لە بەخشیندایە بۆ ئەویترێك، ئەویترێك کە داتاشینی هێزێکە مرۆڤ خۆی دەیخولقێنێت و لە خۆی بە گەورەتری دەزانێت، یان وا دەبینین گۆڕانکارییە سرووشتییەکان و ترسان لە ڕووداوە سرووشتییەکان پەیبردن بێت بە ئەویتری گەورە. (لێرەدا مەبەست لە میتۆدی ئیشکردنی ***لاکان*** نییە بۆ ئەویتری گەورە، ڕێك مەبەست لەو ئەویتری گەورەیە لەناو قۆناغە مێژووییەکەی کشتوکاڵدا هەیە، کە داتاشینی وێنەی خوداوەندە بە فۆڕمی دایك.) هێزی ئەویتری گەورە باڵایە و تواناکانی بەسەر مرۆڤ و سرووشتدا هەیە، پێویستیش بەوەیە خیاڵکردن بۆی گەورە بێت، ئەمما داتاشینی شێوەی هێزە گەورەکە لەسەر وێنەی مرۆڤە-بتەکان- لەم پەیبردنەوە عەمبارە پڕەکان دەبنە دڵخۆشیەك بۆ مرۆڤی کشتوکاڵی، تا ئەویتری گەورە لە خۆی ڕازی بکات و بە وێنەی خۆی بیتاشێت و هەمان دڵخۆشی خۆی بۆ دانەوێڵە، بەکات بە دڵخۆشی بۆ ئەویتری گەورە-خوداوەند-. چونکە مرۆڤی ئەو قۆناغە (تاڕادەیەك ئەم قۆناغەش) پێی وابووە، دڵخۆشییەکانی خۆی بە شتەکان و کەلوپەلەکان و کەرەستەکان چی بن، بەشکردنیان لەگەڵ ئەویتری گەورە، دەبێتە هۆی دڵخۆشی ئەویتری گەورە و هەردوو دڵخۆشییەکە پەیوەندیان بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە، ئەمما گرێیان دەدات بە ئەویتریشەوە!

بەخشین بە ئەویتر، کاتێك ڕوودەدات ئیدی خێزانەکان زیاد لە پێداویستی خۆیان کۆکردوەتەوە، ئەم زیاد لە پێداویستییە جۆرێك لە کولتوور دروست دەکات، لە بری بەرخۆری و زیادە مەسرەفی، بەخشین دێتە جێگەی. هەر ئەم بەخشینەی قۆناغی کشتوکاڵە پاشان دەخزێتە ناو ئایینەکان و لەوێوە دەگوازرێتەوە بۆ سەرجەم کولتوورە جیاوازەکان و دەبێتە یەکێك لە پایەکانی کولتووری ئایینەکانی مرۆڤەکان. پرۆسەی سرووتی قوربانیش سەر بەم قۆناغەیە، چونکە پاش بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و بەخشین، بیر لە قوربانیش دەکرێتەوە و قوربانی لە کێڵگەکانەوە دەگۆڕێت بۆ مەڕوماڵات بۆ خوداوەندەکان. سەرەتای قوربانییەکان بۆ کێڵگەکان بوون، بۆ زیاترکردنی مەڕوماڵات بوون، لە شوێنێکی دیاریکراودا قوربانییەکە کراوە و هەر فیدراسیۆنێکی نیشتەجێ لە شوێنی خۆیان قوربانییەکەیان بە سرووتی تایبەتی خۆیان ئەنجام داوە و پاشان قوربانی کراویان بەخشیوەتەوە بەسەر یەکتریدا و بە سرووتەکەی ئەویتری گەورەیان لە خۆیان و خەزنەکانیان ڕازیکردوە. (وەك ئێستا هیچ کەس بۆی نەبووە بەخشینی قوربانی ڕەد بکاتەوە، ڕەدکردنەوەی بە خەتایەکی گەورە ئەژمارکراوە! قوربانی ئەو پیرۆزییەیە لە کشتوکاڵدا بناغەکەی هەڵچنرا و لە ئایینی یەکتاپەرستیدا بە تایبەت -سولالەی ئیبراهیمی- کراییە پەیڕەوێك و لە ساتێکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێت و سرووتەکەشی لەگەڵ هی سەردەمی کشتوکاڵ هیچ جیاوازی نییە و، هێڵە گشتییەکانی سرووتە کۆنەکە لەناو لاوژەی سەردەمی شاڕدا نووسراونەتەوە.) ئەرکی قوربانییەکەش بۆ سوپاسگوزاری بووە تا بەرهەمی زیاتریان

بۆ دەستەبەر بکات، لە ناو ئەو مێژووەدا ئەوە ئابوورییە ئایین و خوداوەند دروست دەکات، واتە: ئایینەکان لە هەناوی ئابوورییەوە لە دایك بوون، بۆ ئەوەی بناغەی هاتنیان ببینین بۆ ناو ژیانی مرۆڤ، بێگومان دەبێت لەو قۆناغەی کشتوکاڵ بڕوانین، چونکە پێش دروستبوونی ئابووری نە پەرستگە نە ئایین و نە هیچ خوداوەندێك و کولتوورێکی بەخشین و قوربانی بەرچاو ناکەوێت و پەیکەری خوداوەندیش سەر بەو قۆناغەیە، لەگەڵ دروستکردنی ئابووری و عەمبارکردنی خۆراك و دانەوێڵە ئیدی ئایین و کولتوورەکانیش بە شوێنیدا دێن و سرووتی تایبەتیان بۆ ڕێك دەخرێت، بۆئەوەی تێبگەین ئەرکی خوداوەند چی بووە و بۆچی بووە بە خوداوەند و پەرستکارەکانی چیانکردوە، گرنگە بیر لە خودی بیرۆکەی ئابوورییەکەی کشتوکاڵ بکەینەوە.

هەڵبەتە خوداوەندی سەردەمی کشتوکاڵی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ خوداوەندی سەردەمی شار و بازرگانیدا هەیە. بەر لەهەموو شت خوداوەنی قۆناغی کشتوکاڵ، -دایك، ژن- بووە. ئەم خوداوەندە سیفەتەکانی دەبەسترێن بە بەرهەمهێنان و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنەوە. بۆیە ئەرکی خوداوەندی دەخرێتە سەرشان، تا زیاتر بتوانێت کاروبارەکانی نیشتەجێبوون رێکبخات و بتوانێت بەرهەمهێنان گەشە پێبدات. شێوازی پەرستگاکەشی شێوازێکە دواتر لە شاردا شێوازەکەی بە فۆڕمێکی دیکەوە دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ بوونە خوداوەندی پیاو، ئیدی شێوازی پەستگاکە و ئەرکەکەشی دەگۆڕێت، لە ڕێکخستنەوە دەبێت بە دەسەڵات و لە دەسەڵاتیشەوە پایەکانی دەگۆڕێن بۆ ئەرکی تر و مامەڵەی تر.

پەرستگەی خوداوەندە -دایك، ژن- بە پێی دۆزینەوەکان بەم جۆرەیە: " دوو هۆدەیە، هۆدەیەکیان پەیکەری خوداوەندە ژنی تیاییە، هۆدەیەکیشیان کۆمەڵێك دانەوێڵەی تێدایە. ئەمە لە ناوچەی گوندە سەرەتاییەکانی وەك -نەتوفی و هتد دۆزرایەوە."[7] پێدەچێت سرووتی پەرستنەکە بەو جۆرە بووبێت، هەموو کەسێکی خاوەن بەرهەم لە کاتی چاندن و پاش چاندن سەردانی پەرستگەی خوداوەندە ژنی کردبێت، لە هۆدەیەکیان ستایشی کردبێت و لە هۆدەکەی تەنیشتیشی کۆمەڵێك خۆراکی بەخشیبێت، چونکە دۆزینەوەکان لەناو ئەو پەرستگا کۆنانەدا لە هۆدەکانی تەنیشتیدا خۆراکیان دۆزیوەتەوە. قوربانیکردنەکە لە خۆراکەوە دەستی پێکردووە و پاشان گۆڕاوە بۆ سەربڕینی گیاندارە ماڵیکراوەکان. بوونی پەرستگە بۆ خۆی ئاماژەیەکی ڕوونە ئیدی ئایین هاتووەتە ئاراوە، ئەگەر ئایینەکە زۆر سەرەتایش بووبێت و تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕێورەسمی دیاریکراویشدا بووبێت لەناو گوندەکاندا، دەرکەوتنی ئەم جۆرە پەرستگایانە دەمانبات بۆ بینینی دیمەنێك خوێندنەوە بۆ نەریت بکەین، نەریتێك کە پێش کشتوکاڵ بوونی نەبووە. عەمبارەکان و کۆکردنەوەکان وەك بناغەیەکی ئابووری مرۆڤەکان دەبەستن بەیەکەوە و بەم بەستنەوەیەش نزیکایەتی و خوێن، هەڵسوکەوتی جیاواز و کارکردنی جیاواز، نەریت و ئایین، ماڵ و پەرستگە، ماڵیکردنی گیاندارەکان و چەندین

---

[7] فیراس سەواح، نهێنی عەشتار، وەرگێڕانی: ئیبراهیم فەتاح. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم .ساڵی2010 لاپەڕە26

کاری دیکە لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئایدیاکە بنەوانەکەی لەم سەردەمەدایە، سەردەمەکەش بەلانی کەمەوە زیاتر لە ٢٠ هەزار ساڵە، زۆر مانەوەکەی بۆ خۆی یارمەتیدەر دەبێت بۆمان بتوانین لە بارەی کولتوورەکەشییەوە سەرنج بدەین. لێرەدا خاڵێکی گرنگ دەبینن، لەبارەی خوداوەندە ژنەوە، ئەو پەیکەرانەی دۆزراونەتەوە بەم جۆرەن: "شێوە ئافرەتێکی سك پڕ دەبینن، یان منداڵە بچوکەکەی بە سنگییەوە گرتوە، یان سنگی ڕووتە و بە دەست مەمکەکانی داپۆشیوە و لە حاڵەتی بەخشینداپە، دەستەکانی لاوازن، ورگ و مەمکی زۆر گەورەیە، یاخود چەپکێك گوڵە گەنم بەرز دەکاتەوە، یان باوەشی کردوەتەوە. لە دۆخی کەسێکدایە دەیەوێت جیهان لە باوەش بگرێت."[8] ئەم دیمەنانە ڕامان دەکێشێت بۆ ئەو هێزەی لە سەرەوە ئاماژەیەکی کورتمان پێدا. خوداوەندە ژن هەڵگری ژیانە، چۆن زەوی هەڵگری ژیانە، خوداوەندە ژن مرۆڤی نوێ دروست دەکات، چۆن زەوی ژیانی نوێ دروست دەکات. خوداوەندە ژن شیری هەیە بۆ هێشتنەوەی مرۆڤێك بە زیندوویەتی، زەویش چەندین خۆراکی هەیە بۆ زیندووهێشتنەوەی زەوی. خوداوەندە ژن باوەشی کردوەتەوە، چۆن زەوی باوەشی بۆ ژیان کردوەتەوە. خوداوەندە ژن هەڵگری گەنمە کە خۆراکێکی بنەڕەتی مرۆڤە، زەویش هەمان شێوە. کۆی ئاماژەکان بۆ شێوازی پەیکەرە دۆزراوەکان ئەو هێزەمان پێشان دەدات لەنێوان زەوی و ژندا هەیە. ئەشێت تەنها بیرۆکەکان بەس نەبووبن بۆ بەخوداوەند بوونی ژن، بەڵکو سرووشتەکەیە و پێکهاتەی ژن بە بەراوردی زەوی لەیەك چوون هەیە و ئەم لەیەك چوونە بووبێتە هێزێکی گەورە بۆی، زۆربەی پەیکەرەکان دەستی باریك و لاوازە، ئاماژەیە بۆ قۆناغێك پێویستی بە مەچەکی بەهێزی پیاو نییە ژن هەیبێت، گەورەیی مەمکەکانی و گەورەیی ورگی، هەردووکیان ئاماژەن بۆ بەرهەم هێنان، چ بە نەوەخستنەوە، چ بە خۆراك بەخشین. پەیکەرەکان پڕن لە سیمبول و ئاماژە، کە یارمەتیدەرن بۆ ناسینی مەزنییەکەی ژن لە کشتوکاڵدا، تەنانەت سەردەمی دەوڵەت شاریش کە سەردەمی دەسەڵاتی پیاوە، هێشتا نەیتوانی ئەو هێزە مەعنەوییەی ژن کۆتایی پێ بهێنێت و هەمیشە ژن وەك خوداوەندێك مایەوە و ستایش کرا.

لە کۆتایی سەرنج خستنە سەر پەیکەرەکان دەگەینە بڕوایەك بتوانین بڵێین: کۆی ئاماژەکانی پەیکەرەکانیش پەیوەندیان بە ئابوورییەوە هەیە. ئایدیای لە دایك بوونەکەی ئابووری ژنی لە پێگەیەکەوە گۆڕیوە بۆ پێگەیەکی پیرۆزتر و جۆرێکی جیاواز بینراوە. بەبێ بوونی ئابوورییەکە لەوانەیە پەرستگەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژن بۆ خوداوەندی و نەریتەکانی دیکەش بوونیان نەبووایە، ئەمما ئابووری توانی تەواوی ئەو ئایدیایانە دروست بکات ئەمڕۆ جێگای سەرنج و تێڕامانی ئێمەن. جارێکی دیکە بۆ یارمەتیدانی خۆمان، تەماشایەکی دواوە دەکەین، تەماشای سەردەمی ئەشکەوت نشینی دەکەین بزانین گۆزە دۆزراوەکان دەکرێت وەك عەمبار سەیریان بکەین؟ "چەند گۆزەیەك دۆزرانەوە دیارە بۆ خۆراك هەڵگرتن بەکار هاتبوون، ئەم جۆرە گۆزەیە تا

---
[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 37

ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەلایەن دانیشتوانی کوردی ناوچەکەوە دروست دەکرێن."[9] ئەم گۆزانە لە ئەشکەوتی **هەزارمێرد** لە سنووری سلێمانی دۆزراونەتەوە. سەردەمی ئەشکەوت نشینە، پێدەچێت بە شێوەیەکی کەم بیرۆکەی کۆکردنەوەی هەندێك خۆراك لە شەکەوتەکانەوە ئەنجام درابێت. بەڵام هیچ عەمبارێکی گەورە و هیچ پەرستگەیەك و سرووتێکی ئایینی بەدی نەکراوە، گۆزەکانیش هەندێك خۆراکیان تێدا کۆکراوەتەوە، ئێمە دەتوانین بڵێین: بیرۆکەی کۆکردنەوەی کەم کەم بە شێوەیەکی زۆر لاواز بۆ هەندێك کەرەستە و خۆراك لە ئەشکەوتەکانەوە داڕێژراوە، لە سەردەمی کشتوکاڵدا ئەم ئایدیاییە گەشەی کردووە و لە شێوەی عەمباردا خۆی دەبینێتەوە و سرووتیشی بۆ دروست کراوە و بووە بە ئابووری و بووە بە ئایین. ئەم لاکردنەویە بۆ ئەشکەوتەکان تەنها بۆ دەرخستنی نموونەیەکە لە خەمی مرۆڤ بۆ ژیانی، خەمێك کە لە سەرەتاکانەوە بیری لەوە کردوەتەوە بتوانێت بەشی ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك خۆراك پاشەکەوت بکات. هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی بیر لە ساڵ و وەرز بکاتەوە و شێوازە کۆنەکەی ڕاوکردنی بە بنەمای یەکەمی ژیانی زانیوە. (تێبینییەك: بەشێك لە شوێنەوارناسەکان شێوەی گۆزە و دروستکردنی گۆزە دەبەستنەوە بە شێوەی -دایك، ژن- چونکە پێیان وایە گۆزە لە ناوەڕاستەوە قەڵەوە وەك چۆن دایك هەڵگری سك بێت قەڵەوە، دوو دەسکەکەی ئاماژەن بۆ دوو دەستەکەکەی دایك. پڕکردنیشی لە خۆراك یان ئاو، یان هەر شتێکی دیکە، ئاماژەیە بۆ سکی دایك چۆن پڕ دەکرێت لە ژیان و دەمی گۆزەکەش ئاماژەیە بۆ زێی ژن کاتێك ژیانی منداڵی لێوە دێتە دەر، وەك چۆن گۆزە خۆراکی لێوە دێتە دەر. بەشێکیش لە گۆزە دێرینەکان، شێوەی مەمکی دایکیان لەسەر دەنەخشاندوون، بەڵام کۆی فۆرمی گۆزە، فۆرمێکە لەسەر فۆرمی ژن دروستکراوە و هەردووکیان هەڵگری ژیان و خۆراك و ئایندەن.)

بەڵام لە سەردەمی کشتوکاڵدا نەك تەنها ئایدیاکە، ململانێکان لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵاتی ئابووری و شوێن دەبێتە پرۆژەیەکی گەورە و لە چەندین دەقی نووسراوی سەردەمی شاردا ئەو ململانێیانە بە دیار دەکەون. ململانێی نێوان ژن و پیاو، ململانێی نێوان شوانکارە و جوتیار و چاندن و کشتوکاڵ، لەناو لاوژەکاندا بۆمان دەگێڕنەوە هەر لایەك بەپێی توانای خۆی ویستویەتی بەسەر لاکەی دیکەدا سەربکەوێت و دەسەڵاتەکان بۆ خۆی بەدەست بهێنێت. ئەوەی هەمیشە جێگەی پرسیارە، لە هەموو لاوژەکان و تەنانەت تا دەقە تەوراتییەکەش هەمووجار لە ململانێکاندا دەسەڵاتی شوانکارە شکستی هێناوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی جوتیاردا! ئەم شکست هێنانە جارێکی دیکە دەبێتەوە وزەیەك بۆ مانەوەی خوداوەندە ژن. چونکە گەر لەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا شوانکاری بەسەر جوتیاردا سەر بکەوتایە ئەوا دەسەڵاتی ژن شکستی دەهێناو دەسەڵاتی پیاو دەچووە شوێنی. لەوە تێدەگەین کۆی شەڕەکان لە خاڵی بەدەست هێنانی ئابوورییەوە سەر هەڵدەدات و هەر لەوێشدا کۆتایی دێت. تەنانەت کاتێك خوداوەندەکان دەکەونە نێوان دوو بەرەکانەوە هەمیشە خوداوەندە نێرەکان لە سەرەتادا پشتی شوانکارە دەگرن وەك نوێنەری دەسەڵاتی نێر، کاتێك نائومێد دەبن بۆچوونیان دەگۆڕێت و لایەنگری

---

[9] دۆرۆسی گارۆد. چاخی بەردین لە کوردستانی باشوور. لە ئینگلزییەوە، محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.2021لاپەڕە 77

كشتوكاڵ دەكەن دژی شوانكارە و لەم لایەنگیری كردنەدا خوداوەندە ژن لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، تا ئەو كاتەی شار دروست دەبێت. لە دروستكردنی شاریشدا ئەوە شوانكارەكان نین شار دروست دەكەن، ئەوە جوتیارەكانی كشتوكاڵن دەبنە هۆی دروستكردنی شار و جارێكی دیكە شوانكارەكان پەراوێز دەخرێن. بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئایدیای ئابووری ئەم ململانێیە بووەستین، دەگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی چەند لاوژەیەكی سۆمەری و بابلی و لە بەرامبەریشدا بەشێك لە دەقی تەوراتی دادەنێین، بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئابووری ئەو قۆناغە ئاشنایەتیمان هەبێت و لە ململانێكانیش ورد بینەوە. (تێبینی: كاتێك دەستەواژەی زەوی -ژنە دایكە، لە زمانی كوردیدا بەكار دێت، ئەم ئاماژە پێكردنە تازە نییە، لە میتۆلۆژیای بابلیدا، سۆمەریدا، ئەكەدیدا، هەمیشە زەوی مێ بووە و ئاسمان نێر بووە. سۆمەرییەكان دەڵێن: زەوی دایكە، نیشتیمان دایكە، مانەوەی هەردوو دەستەواژەكە لە ئێستادا سەر بە كولتووری دێرینە. تێگەیشتنەكەی ئەوان بۆ زەوی و ئاسمان بە پێی دەروونشیكاری ئێستا تێگەیشتنێكی سێكسییە. چونكە ئاسمان باران دەبارێنێت چۆن شێوازی جوتبوون بەهۆی گواستنەوە تۆوە منداڵ دروست دەكات، بە هەمان شێوەش بەهۆی بارانی ئاسمانی نێرەوە بۆ سكی زەوی كە مێیە جووتبوونەكە ڕوودەدات و لەم چوونەی ناو باران بۆ زەوی، سكپڕبوون بە سرووشتی تازەوە دێتە ئاراوە. تەنانەت میتۆلۆژیا دێرینەكان هەورەگرمە و بروسكە لە هەندێك شوێندا بە هاواری جووت بوونەكەی نێر بۆ مێ دەبینن و بەهۆی ئەو هاوارەوە بارانەكە دێت و پرۆسەكە ئەنجام دەدرێت. مێ بوونی زەوی ناونانێكی دێرینە و میللەتەكان بەكاری دەهێننەوە. هەندێك جار جوتیارەكان دەڵێن: ئەم ساڵ باران نەباری زەوی نێر بووتەوە، مانای ئەوەیە بەرهەمی نییە و بەرهەمهێنان تەنها پەیوەندی بە مێ بوونی زەوییەوە هەیە. نێربوونی زەوی گۆڕینی سروشتە مێیایەتییەكەیەتی بۆ نێرایەتییەكی بێ بەرهەم، باران نەبارینیش ئەنجام نەدانی چووت بوونەكەیە لە نێوانیاندا. ئەم دەستەواژەیەی جوتیارەكان دووبارەكردنەوەی تێگەیشتنە دێرینەكەیە بۆ زەوی.)

"منی پاكیزە شوو بە جوتیارەكە دەكەم، ئەو جوتیارەی ڕووەك دەچێنێت و بەروبوومێكی زۆر دەبەخشێت. ئەو جوتیارەی دانەوێڵەیەكی زۆر دەبەخشێت. بەڵام براكەی ئوتو- خوداوەندی خۆر، هانی دەدات شوو بە دوموزی شوان بكات و پێی وایە ئەم لە جوتیارەكە باشترە. ئەی خوشكەكەم شوانەكەت پێ باشتر بێت نیعمەتی زۆرە. ئانینا ئەی پاكیزە بۆچی ڕەدی دەكەیتەوە؟ كەرەیەكی خۆشی هەیە و شیرەكەشی نایابە... هتد."[10] (چكاوەی لاوژەكە بەم شێوەیە: خوداوەندە ئانینا دێتە سەر زەوی، دەیەوێت شوو بكات، لەنێوان ئەنكەمدە و دوموزی دا، كە یەكیان جوتیارە و سەر بە نیشتەنگەی كشتوكاڵ، لەگەڵ ئەویتریان كە شوانە و سەر بە كۆچەرییەكانە، پێویستە یەكیان بكات بە مێردی. خوداوەندەكە هەر لەسەرەتاوە ئارەزووی ئەوە دەكات شوو بە جوتیارەكە بكات، چونكە بەروبووم و ئابوورییەكەی بەهێزە، بەڵام بەهۆی دەستوەردانی

[10] فراس السواح، سەركێشی یەكەمی عەقڵ. وەرگێڕانی: د، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.چاپی 2012 لاپەڕە311

خوداوەندە ئوتوی خۆر کە برای ئانینایە، شوو بە دوموزی شوانکارە دەکات. شوکردنەکەی زۆر کورت خایەنە و، بەهۆی پەشیمان بوونەوەی دوموزی شوانکارە دەباتە ژێر زەوی و دەیسپێرێت بە خوداوەندی مەرگ. بە بڕوای سۆمەرییەکان هەرکەسێك چووبێتە ژێر زەوی ئیدی نەگەڕاوەتەوە و ئەوە شوێنێکە خوداوەندی مەرگ باڵادەستی هەیە بەسەریدا و ئەم ژیانەیان بە ژیانی ڕاستەقینە زانیووە. کوشتنی شوانکارەکە هۆکاری بینینی ئانینایە بۆ ئابووریی و فەرهەنگەکەی کشتوکاڵ، فریودانەکەشی لە ڕێگەی خوداوەندە ئوتوی برایەوە ئەنجام درا، بەڵام زوو دەرکی پێکرد و پشتی لە شوانکارە کرد بۆ جوتیاری کشتوکاڵی.) ئەم ئاماژانە لەم لاوژە سۆمەرییەدا دەردەکەون، ململانێکانی دوو چینەکەیە، چینی شوانکارە و کشتوکاڵ، تەنانەت خوداوەندەکانیشی دابەشکردوە بەسەر دوو چینەکەدا. لە ڕێگای زمان و دەست وەردانەوە سەرەتا خوداوەندەکە شوو بە شوانکارەکە دەکات، ئەمما زوو بۆی دەردەکەوێت ئابوورییە بەهێزەکەی جوتیارە کشتوکاڵییەکە زۆر گەورەتر و فراوانترە و پەشیمان دەبێتەوە لە هاوسەرگیرییەکەی. بیریشمان نەچێت، لاوژەکە لە سەردەمی شاری سۆمەری نووسراوە، تێگەیشتنی ئەوان بۆ دوو چینەکە یەکلاکەرەوەیە. پێیان وابووە، جوتیارەکان و کشتوکاڵ نشینەکان دینەمۆی دروستکردنی ژیانێکی تارادەیەك بەهێز ترن، هەر ئەوان بوون گوندی بچوك و گوندی گەورەیان دروست کرد، هەر ئەوانیش بوون بەهۆی بیرۆکەکانیانەوە شاریان دروست کرد و فەرهەنگی نوێیان خولقاند. ئەم تێگەیشتنە سۆمەرییە بۆ ستایشکردنی جوتیار و کشتوکاڵ، لە زۆربەی لاوژەکانیاندا بەدی دەکرێت و شوانکارە و کۆچەرییەکان، بەهۆی ناچاربوونیان بۆ گەڕان بەشوێن لەوەڕگادا سەر بە فەرهەنگی دەرەوەی شارن و پەراوێز خراوەکانن، بۆیە لە دەقەکانیاندا هەمیشە دیمەنێکی نەفرەتکراوانەیان بۆ نەخشێنراوە.

دوو چینەکە بە باوەڕی دێرینەکان خاوەن فەرهەنگەکانیان کشتوکاڵ نشینەکانن. لێ ئێمە لە ئێستادا لە بارەیانەوە کنەکردن دەکەین، ناکوینە ژێر هەژموونی ئەو دیدگایەوە سۆمەرییەکان هەیانە بۆ لایەنگری چینێك دژی چینێکی دیکە، چونکە دەزانین مێژوو لە ڕێگەی هەردوو چینەکەوە دروستکراوە و، هەردوولا بەژدارن لە دروست کردنی ژیانی نوێ و بەرەو پێشخستنی مرۆڤەکان. شوانکارەکان بەهۆی ماڵیکردن و لەوەڕاندنەوە بەشێك لە خۆراك و پێداویستییەکانیان بۆ مرۆڤ دەستەبەر کردوە، جوتیار و کشتوکاڵ نشینەکانیش بە هەمان شێوە. بەڵام هێشتا ئەو دیوە پەنهانە بۆچی لە دروستکردنی شاردا شوانکارەکان دەکرێنە دەرەوە و شار، بازاڕ، خانوو، زمان و فەرهەنگە نوێیەکان هەمووی دەخرێتە ئەستۆی جوتیار و کشتوکاڵییەکان؟! لایەکی دیکەی ململانێکە پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە. لاوژەکە تموحی بەرهەمی زۆر، خۆراکی زۆر، خەزنەی گەورە، ژیانێکی دامەزرا و نیشتەجێ بوون، دەکات بە بناغەی ستایشکردنی سەردەمی کشتوکاڵ. گەرچی بەشێك لە خوداوەندەکان بەرهەمەکانی شوانکارە نادیدە ناگرن و باسی دەکەن، وەلێ هێشتا لە دۆخی پەراوێزخستن ڕزگاریان نەبووە و لە کۆتاییدا دوموزی شوانکارە دەخرێتە ناو گۆڕەوە و خوداوەندەکە لێی جیا دەبێتەوە، جیابوونەوەکەشی لەسەر بنەمای ئابووری بەهێزی کشتوکاڵدا ڕوودەدات، ناتوانێت ببینێت کشتوکاڵییەکان خاوەنی بەرهەمی زۆربن و ماڵ و ژیانێکی دروست بۆ

خۆیان دەستەبەر بکەن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا بێت، ئەمیش لەگەڵ شوانکارێکدا بژیت لە پێناو لەوەڕاندندا بێ ماڵ بێت و هەر وەرزە و لە شوێنێکدا بێت لە کاتێکدا بەرهەمەکەی لەچاو بەرهەمی جوتیارێك زۆر لاوازترە. نەفرەتی شوان کردن، بۆ نموونە: (هەندێکجار لە زمانی شارییەکانەوە گوێمان لێ دەبێت بە تانەوە بە کەسێك دەڵێن: شوانە، ئەم تانە لێدانە تانە لێدانێکی شارە دێرینەکانی سۆمەرییە. هەمان نەفرەت و پیشاندانی کەسی شوانە وەك کارەکتەرێکی بێ فەرهەنگ و کێویی، کارەکتەرێك ئاشنا نییە بە ژیانی شار و لە دەرەوەی سیستەمەکەیەتی، تا ئەم ساتەش هەمان دەر برین لە زمانی شارییەکانەوە بۆ کەسی بێ فەرهەنگ بەکار دێت.)

لێرەدا دیدگای سۆمەری لەسەر کشتوکاڵ و ئابوورییەکەی، شوانکارە و ئابوورییەکەی سەرنجمان خستە سەر، کە بۆچوونێکی ڕوونە و خۆیان دەبەستن بە کشتوکاڵە و فەرهەنگی کشتوکاڵ و نەریتەکانیان پێ پیرۆزە و لە بەرامبەریشدا شوانکارە بە کێوی و بێکەڵك وێنا دەکەن. بزانین شارستانییەتی **بابلی** چ دیدگایەکی هەیە و لە کوێدا جیاوازە. "کاتێك بە دەروازەی حەوتەمدا تێپەڕی، تاجە مەزنەکەی سەری بۆ گەڕاندەوە. تەموزی مێردە لاوەکەی، بیبەن بە ئاوی تەهوڕ بیشۆن و بە عەتری خۆش چەوری بکەن، عابایەکی سووری لەبەر بکەن، ڕێگە بدەن شمشاڵە شینەکەی بژەنێ، با ڕاهیبەکانی عەشتار دەوری بگرن و هێوری بکەنەوە."[11] ( چەکاوەی لاوژەکە بەم جۆرەیە: عەشتار دەچێتە ژێر زەوی بۆلای خوداوەندی مەرگ. بەپێی دەروازەکان یەك لە دوای یەك شتەکانی لێوەردەگیرێت تا ڕووت دەبێتەوە. مردوو دەبێت ڕووت بێت، بە هۆی هاوڕێیەکییەوە خوداوەندەکانی دیکە فریای دەکەون خوداوەندی مەرگ نەیکوژێت. لەو سەرەوە لەگەڵ خۆی تەموزی دەهێنێتەوە. ئەو شوانکارەی بەهۆی ئابوورییە خراپەکەیەوە لەلایەن خوداوەندی سۆمەرییەوە نێردرا بۆ لای خوداوەندی مەرگ. لێرەدا عەشتار ئەرکی ئانینا دەبینێت، ئەرکێکی پێچەوانە، تەموزیش هەمان دەموزی سۆمەرییە شوانکارەیە، بەڵام لە شارستانییەتێکی دیکەدا، پێشتر بکوژەکەی ژن بوو، بە هەمان شێوە ڕزگارکەرەکەشی هەر ژنە، هیچ خوداوەندێك لەسەر کوشتنەکەی نیگەران نەبووە، لە شارستانییەتە تازەکەشدا هیچ خوداوەنێك بە ڕزگارکردنەکەی نیگەران نەبووە. ژن ئەرکێکی دوو دیوی دەبینێت لە دوو سەردەمی شاردا، لە جێگایەك بکوژە، لە جێگایەك ڕزگار کەرە، خۆی بوون و نەبوونە، مانەوە و کۆتاییە.) لەم لاوژەیەدا جیاوازی تێگەیشتنی بابلی و سۆمەری دەردەکەوێت. سۆمەرییەکان نەفرەت لە شوانکاری دەکەن، دەری دەکەن و دەینێرن بۆ مەرگ، ئابوورییەکەی هێندە بەهێز نییە لای خۆیان بیهێڵنەوە، خاوەنی فەرهەنگی شاریش نییە بیهێنە ناو شار و بیکەن بە مرۆڤێکی شاری. بە پێچەوانەوە بابلییەکان کە شارستانییەتێکی دیکەن، خوداوەندی جوانی و خۆشەویستی بۆ ڕزگارکردنی شوانکارەکە دەچێتە ماڵی خوداوەندی مەرگ، لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە سەر زەوی و شمشاڵەکەی پێدەداتەوە تا بیژەنێت و مەڕەکان بلەوەڕێنێت. ئەم شارستانییەتە دەیەوێت هاوتەرییبییەك لەنێوان شوانکاری و کشتوکاڵدا دروست بکات. بونیادی بەهێزبوونی خۆی نابەستێك بەیەك سەرچاوەی ئابوورییەوە،

---

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 383

دەیبەستێت بە هەردوو سەرچاوەکەوە. کێشەی لەگەڵ فەرهەنگدا نییە، ئەوەی وێڵییەتی بتوانێ دوو چینەکە پێکەوە ببەستێت و بیانکاتە دینەمۆی سەردەمە تازەکەی خۆی. لە هەردوو لاوژەکەدا خوداوەندە ژن ئەرکی یەکلاکەرەوە دەبینێت، لە شوێنێك شوانکارە لەناو دەبات لە شوێنێکی دیکە زیندووی دەکاتەوە، خوداوەندە ژن دیسانەوە دەبێتەوە بەسەرەتای ئابووریی، سەرەتای یەکلایکردنەوەی تێگەیشتنەکان بۆ ژیاری شارستانییەتەکە، چۆن لە قۆناغی کشتوکاڵ خۆی دەوارە گەورەکەیە، لە قۆناغی شارستانییەتی بابلیش ئەو ئەرکەی بۆ دەگەڕێنرێتەوە. (تێبینی: دوو بۆچوون لەسەر جەژنی تەموزی بابلی هەیە، بۆچوونێك پێی وایە: سرووتەکە بۆ خوداوەندە ژنە نەك بۆ ڕزگارکردنی تەموزی شوانکارە، چونکە لاوژەکە وا دەریدەخات خوداوەندە ژنی بابلی بنەوانی ژیانەوەیە و هەر ئەویشە جارێکی دیکە دەبێتەوە بەخاوەنی هەردوو چینەکە، بۆیە ڕێگا سەختەکە دەگرێتە بەر بۆ ماڵی مەرگ تا ئومێدێکی نوێ بهێنێتەوە بۆ خەڵك و چینی شوانکارە و جوتیار پێکەوە ببەستێتەوە و ئابوورییەکی پتەو بەرهەم بهێنن. بۆچوونێکی دیکە پێی وایە: تەموز وەك جەژنێکی بابلی دەکەوێتە بیست و یەکی مانگی سێ وە، سەرەتایەکە بۆ وەرزێکی نوێ و چاندن و سەوز بوون و هەناسەدانی زەوی. سرووتەکان لە پێناو ئەم سەرەتا نوێیەدا ئەنجام دراون. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر سرووتەکە، بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی "شانشینی ئەگباتان" لەوێ بە زمانی گێڕانەوە ئیشێکم لەسەر کۆی سرووتەکە کردووە بە چ شێوازێکە و چۆن بووە. جەژنی نەورۆزی کوردیش لەهەمان ڕۆژدایەوە سەر بەو مێژووەیە، تەنها سرووتەکەی و ناوەکەی جیاوازە لە سرووتە بابلییەکە.)

لەم لاوژەیەدا بابلییەکان بۆمان دەردەخەن ڕوانینیان بۆ ئابووریی ڕوانینێکی گشتییە و پەیوەندی بە چینێك بۆ چنێکی دیکە نییە. ژیانە نوێیەکەیان بریتی نییە بە پشت بەستن بەیەك سەرچاوەی ئابووری، پێویستیان بە سەرچاوەی دووهەم هەیە. شوانکارەکان ئاساییە نەبنە خەڵکی شار، بەڵام ئاسایی نییە پشت بە ئابوورییەکەیان نەبەسترێت و نەکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگ. هێنانە دەرەوەی شوانکارە لەناو ماڵی مەرگ، هێنانە دەرەوەی ئەو ئابوورییە سۆمەرییەکان پەراوێزیان خستبوو گرنگییەکی پتەویان پێ نەدەدا و هەمیشە لە ڕوانینە فەرهەنگییەکەوە تەماشای شوانکارەیان دەکرد. ئەم نەریتە بۆ بینینی قۆناغی کشتوکاڵ و شوانکارە دەپەڕێتەوە بۆ ئایینە یەکتا پەرستەکانیش. ئایینە یەکتا پەرستەکان بە هۆکاری دەوڵەمەندی میزۆپۆتامیا لە گێڕانەوە و لاوژەدا، نەیان توانیوە تەجاوزی بکەن و هەوڵێکی دووبارە کردنەوە دەبینین. جیاوازی نێوان هەردووکیان تەنها ئەوەیە، لە ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا ناوی کارەکتەرەکان و بەشێك لە شوێنەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمما جەوهەری گێڕانەوەکە هەمان شتە. هەندێکجار تێکەڵکردنی هەردوو دیدگای سۆمەری و بابلییە لەناو یەك دەقدا. با لە کتێبی پەیدابوونی تەورات بڕوانین بزانین بۆ کشتوکاڵ و شوانکارە چ وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت: " ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو، ئەویش سکی پڕ بوو قایین[قابیل]ی بوو، پاشان هابیلی برای بوو. ئیتر هابیل بوویە شوانی مێگەل و قایینیش بووە جوتیار. دوای ماوەیەك قایین هەندێك بەروبوومی زەوی پێشکەش یەزدان کرد. هەروەها هابیل چەوریی باشترین نۆبەرەی مێگەلەکەی پێشکەش کرد. جا هابیل و قوربانییەکەی جێی

ڕەزامەندی یەزدان بوون، بەڵام قایین و دیارییەکەی جێی ڕەزامەندی یەزدان نەبوون. قایین زۆر توڕەبوو ڕووی خۆی گرژ کرد، ئایا دەکرێ چاکە ئەنجام بدەی قبوڵ نەکرێت؟ جا گەر چاکە ئەنجام نەدەیت گوناه لەبەردەرگای ئارەزووەکانتدا خۆی مات کردوە، تۆ دەبێت بەسەریدا زاڵ بیت، جا قایین بە هابیلی برای وت، با بچین بۆ کێڵگەکە، واش ڕوویدا کاتێك هەردووکیان لە کێڵگەکە بوون، قایین هابیلی کوشت."[12]
ئەم چیرۆکە لە ئایینە یەکتاپەرستەکانی دیکە دووبارە کراوەتەوە و کەمێك ناوەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و شایەنی باسکردنەوە نین.

دەقەکە ڕوونە، کێشەی ئابووری نێوان شوانکارە و جوتیارە، هەریەك لە کوڕەکان سەر بە چینێکە، نهێنی نارازی بوونەکەی یەزدان تەنها لەوەدایە، قایین دنە دەدات بەسەر هابیلدا سەرکەوێت، ئەو سەرکەوتنەی لە لاوژەی سۆمەریدا لە نێوان خوداوەندەکە و دوو چینەکەدا دەبینین، لەم دەقەشدا بەهەمان شێوە دەیبینین. لە دەقە سۆمەرییەکە شوانکارەکە بەرەو مەرگ دەنێردرێت، لە دەقە تەوراتییەکەش بە هەمان شێوە، لە دەقە سۆمەرییەکەدا سەرەتا خوداوەندە ئوتو پشتگیری شوانکارە دەکات، لە دەقە تەوراتییەکەشدا بە هەمان شێوە ڕازییە بە بەخشینەکانی و پشتی دەگرێت، هەردوو کیان کوژراو دەخەنە بەرچاومان تەنها بکوژەکان ناوەکانیان جیاوازن. سەرکەوتنی کشتوکاڵ بەسەر شوانکارییدا یەکێکە لە ویستی خوداوەندەکان و یەزدانی تاك پەرستیش. گەر یەزدان بەخشینەکەی قبوڵ بکردایە، بێگومان هیچ کوشتنێك نە دەهاتە ئاراوە، لێرەدا کوشتن ڕەمزێکە بۆ سەرکەوتنی چینێك بەسەر چینێکی دیکە. دەقەکە پێمان ناڵێت: بۆچی یەزدان بەخشینەکەی قبوڵ نییە، بەڵام بۆمان دەردەخات دەبێت ئەم دوو چینە یەکێکیان بەسەر ئەویتردا سەرکەوێت، چینە کشتوکاڵ و جوتیارەکە یەزدان لە پشتیەوەتی و داوای سەرکەوتنی لێدەکات، وای لێدەکات بەسەریدا سەرکەوێت! ئەویش تەنها بە مەرگی شوانکارە ئەم سەرکەوتنە بەدی دەکات.

لەم دەقەدا تێگەیشتنە سۆمەرییەکە بەسەر تێگەیشتە بابلییەکەدا باڵا دەستە. بابلییەکان زیندووی دەکەنەوە، تەورات جارێکی دیکە دەیکوژێت و لەناوی دەبات. گەرچی لە بەشەکانی دیکەی دەقەکەدا ستایشێکی زۆری شوانکاری دەکات، ئەم ستایشکردنەش پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەهلی تەورات خۆیان شوانکارەبوون، بە جۆرێك لە جۆرەکان لە سەرەتای زووەوە بوونی خۆیان دەبەستن بە بوونێکی قوربانییەوە، خۆیان بە قوربانی پیشان دەدەن. لە لایەك دەیانەوێت پیرۆزییەك بۆ شوانکاری بگەڕێنەوە چونکە پیشەی خۆیان بووە، لە لایەکی دیکە وەك قوربانی وێنای خۆیان بکەن، بەڵام دەق نووسەکان نەیانتوانیوە لەو کاریگەرییە بێنە دەرەوە لە میزۆپۆتامیا وەریان گرتووە. لەهەردوو لاوژەکەدا-سۆمەری تەورات- خوداوەندە ئوتوی سۆمەری نێرە، یەهوەی تەوراتیش نێرە، هەردووکیان سەرەتا هاوکاری شوانکارەن بۆ سەرکەوتن، چونکە چینی شوانکارە پەیوەندی بە باڵادەستی پیاوە هەیە، دەیانەوێت ئەو سەرکەوتنە بەسەر باڵادەستی خوداوەندە ژندا بەدەست بهێنن، بەڵام کاتێك هەوڵەکەیان سەر ناگرێت، ئیدی ناچار دەبن بکەونە ستایشی کشتوکاڵ و ئەو هێزە ئابووری و گەشەکردن و پەیوەندییەی

[12] کتێبی پیرۆز، پەیمانی کۆن، کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی کتێبی پیرۆز.قایین و هابیل،4 لاپەڕە 5

دروستی دەکات بکەنە بنەمایەك بۆ پیاهەڵدان و ڕێز لێگرتنی. دیوی دووهەمی ڕەمزی لاوژەکان شەڕی دوو خوداوەندە و گەڕانەوەی دەسەڵاتە بۆ یەکێکیان. بە پێی ئەم جیاوازیی تێگەیشتنانە لەم بەشەدا کەمێك سەرنجمان لەسەر ئایدیای ئابووری لە قۆناغی کشتوکاڵدا خستە ڕوو. کۆی کێشەکانیش لەنێوان خوداوەندە دایك و خوداوەندە باوك، شوانکارە و جوتیار، کێشەن لەسەر دەستگرتن بەسەر ئایدیاکەدا. هەمیشە لە کێشەکانیشدا خوداوەندەکان و یەزدان کراون بە کەرەستەی هێز بۆ پاڵپشتی یەکێکیان. لە کۆتاییشدا ئەوەی ڕوونە لامان ئایدیای ئابووری کشتوکاڵ سەرکەوتووە و سروودەکانیشی دەبنە سرووتی زۆربەی ئایینەکان و هەر خۆشی بەرهەم هێنەری بەشێکی زۆری سروودەکان و ئایینەکانە. بۆ نیشاندانی باڵادەستی خوداوەندە دایك لەم قۆناغە و قۆناغەکانی دیکەدا، ئەم کۆپلە لاوژەیەی –عەشتار- دەکەمە کلیلی ئەم پاکێجە، لاوژەکە پڕە لەو غرورەی خوداوەندە دایك لە سەردەمی ئابووری کشتوکاڵدا بەدەستی هێناوە و هەتا کۆتایی ئاوابوونی شارستانییەتی میزۆپۆتامییا هێزەکەی خۆی لەدەست نەداوە و هەمیشە یەکێك بووە لە خوداوەندە گرنگەکان." من سەرەتام و من کۆتاییم. من فاحیشەم و من ڕاهیبم، من ژنی بە مێردم، من پاکیزەم. من دایکم من کیژۆڵەم. من مامانم و کەسیش مامانم نییە. من دڵنەوایی سکپڕانم. من دایکی باوکم و خوشکی مێردەکەمم و مێردەکەشم وەچەی خۆمە ...هتد"[13] خوداوەندی دایك دەبێتە زەوی، دەبێتە خولقێنەر، هەموو هەبووەکانی تر لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیانخاتە ناو بوونەوە، بۆ ئەوەی بوون بناسین لە دەقەکەدا، دەبێت دایك بناسین، دایك خۆی بوونەکە و هەبووەکەیە، هەبووەکانیش لەناو بوونی ئەوەوە دێنە دەرەوە. شێوەی بوونی خۆی و شێوەی بوونی زەوی، دوو شێوەی سرووشتین و پێکەوە دەیانکاتە یەك بوون، ئەوانی تر و کەرەستەکانیان بەبێ تێپەڕین بە ناو ئەم دوو دایکەدا نە دروست دەکرێن و نە بوونیش دەناسن. خۆی دابەش دەکات بەسەر هەموو شتێکدا و هەموو شتێکیش دەبێتە بەشێك لە ئەم. لەم بوونە دایکانەیەدا ئایدیای خوداوەندە بچکۆلەکە و ئایینەکەی دروست دەبێت.

## قۆناغی شار: لە دایك بوونی خوداوەندە بچکۆلەکە

لە باسی شاردا، خوێندنەوەیە بۆ جیهانێکی دیکەیە، جیهانەکەی شار کەمێك ئاسانترە بۆ ناسین، دەقەکان، شارەکان، پەرستگاکان، سیستەمەکان، تەتە قورە جێماوەکان، کەرەستە و پەیکەر و... هتد. دەبنە کۆمەڵێك بەڵگەی مێژووی و دیاریکراوی گرنگ تا لەبارەی سەردەمێکی دیکەوە بدوێین. شار واتە دەسەڵات و دیسپلین، هێز و چوارچێوە، یاسا و نەریت و خوداوەندی نوێ، باڵادەستی چینێك بەسەر کۆی چینەکانی دیکە و، ئەوانەی خاوەن ئابوورییەکی بەهێز بوون، بەسەر ئەوانەی خاوەن ئابووری لاوازن هەیمەنەیان هەبووە و تەنانەت بەشێك لە ژیان و بیرکردنەوەکانیان پەیڕەو کراوە و لە

---

[13] فیراس سەواح، نهێنی عەشتار، وەرگێڕانی: ئیبراهیم فەتاح. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم ساڵی2010 لاپەڕە 11

چەندین گۆشەوە پیرۆز کراون و خراونەتە ئاستێکی بەرزتر لەوانەی ئابوورییان لاوازە. لەناو سیستەمەکەدا پیاوسالاری و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ پیاو سەرەتایەکی دیکەیە بۆ ژیارێك، کە بەشێك لە ڕەگوڕیشەی ئایدیاکانی لەناو کشتوکاڵدان بە تایبەتی ئەو قۆناغەی کشتوکاڵ کە گوندی گەورە و ئاڵوگۆڕی بارزگانی بچوکی سنووردار دروست دەکات. لە ساتی شاردا دەسەڵاتی پیاوسالاری جوڵە و کردەیەکی زۆر ئەنجام دەدات، تا خۆی لە کولتوورەکەی پێشوو بتەکێنێت و کولتوورێکی دیکە دروست بدات. خۆتەکاندنەکەی لێنایە، پیاو هەرچەند هەوڵ دەدات لە ڕێگەی فیگەری دیکە و لاوژەی دیکە و، بیرکردنەوە و نەریتی دیکەوە، کۆمەڵێك ئایدیای سەر بە شارەوە خۆی ڕاتەکێنێت لە ڕابردوو، ئەمما لە کۆتاییدا تەنها دەتوانێت درێژە بە کولتوورەکەی پێش خۆی بدات و زیادە بخاتە سەری، نەك دابڕانێکی یەکجارەکی دروست بکات لەتەك پێش خۆیدا و کولتوورێکی تەواو سەربەخۆ بخاتە شوێنی. پێش ئەوەی لە بارەی ئەم ناکۆکیانەوە سەرنج بدەین، پێویستە قسە لەسەر واقیعێکی نوێ بکەین کە تا ڕادەیەك فرە ڕەهەندە. شار نشینی تەنها نموونەیەکی کۆکردنەوە و گەڵاڵەکردنی هێزە نەریتی و کۆمەڵایەتییەکان نییە لەیەك شوێندا، بەڵکو ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە گەشەکردنی ئایدیاکان و سیستەمە سیاسییەکان و تەنانەت سیستەمی بەڕێوەبردنیشدا، تا دەگاتە گۆڕینی فۆڕمی مرۆڤەکان و شوێنەکانیش. بەم پێوەرە ئێمە کاتێك دەگەینە ناو شار، ناتوانین بە هیچ جۆرێك لە سیستەمی سیاسیی دای ببڕین، چونکە زنارێك لە نێوان شار و سیستەمی سیاسییدا هەیە، لە هەندێك حاڵەتدا دەبنە یەك جیهان و یەك وێنە. سەرەڕای ئەوەی سیستەمی شارمان هەیە، ئەوەش نادیدە ناگرین لە دەرەوەی شاردا، گوند، شوانکارە، کەنارەکان و پەراوێزەکان، بەشێکی ناو سیاقە مێژووییەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی نیگاکەی ئێمە تەنها لەسەر شار و خوداوەندە بچکۆلەکەی ناو هەناوییەتی، ڕەنگە نەمان پرژێت بەسەر پەراوێزەکانی دەرەوەی شارەوە و، تەنها هەوڵ دەدەین بەژدارییەکەیان نادیدە نەگرین.

لە مێژووی دێریندا هەیبەتی شار پەیوەستە بە هەیبەتی دەسەڵاتی پیاوەوە. ژن دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشە پیرۆز و مەعنەوییەکەی لەناو پەرستگە و سرووتە دینییەکاندا وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بەشەکەی تری دەکرێتە کۆیلە و دەخرێتە ناو فاحیشەخانەکانی ناو شارەکانەوە، دەبێتەوە بە کەرەستەی ناو جیهانە نوێیەکەی شارو ئابووری و مامەڵە کردن. ئەو جیاکارییەی لەنێوان شار و گونددا دروست دەکرێت جیاکارییەکی شوێن نییە، جیاکارییەکی بیروباوەڕی، فیکری، ئایدیای جیاواز، نەریتی نوێ، سیستەمی ئابووری نوێ، تەنانەت مرۆڤێکی دیکەشە، هەر ئەم جیاکارییە وادەکات چینەکان دروست دەبن، چینی هەژار و دەوڵەمەند، چینی پیشەگەر و چینی سەرباز، چینی ڕاهیب و چینی دەسەڵاتدار... هتد. بەم جۆرە سیستەمی شار دونیایەکی دیکە دەخاتە ناو ژیاری میزۆپۆتامیاوە. لەم دونیا نوێیەدا بازاڕ و ئابووری، شان بەشانی پەرستگەکان-زکورە-کان، دەبنە دوو پایەی گەورە و پێکەوە لەگەڵ پایەی دەسەڵاتی پیاو-پاشاکان- تەواوی سیستەمەکان دروست دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. سێ پایەکە "دەسەڵات، ڕاهیب، ئابووری" سیانیەیەکی پێکەوە گرێدراون. هیچ کامیان ناتوانێت بەبێ هاوکاری ئەویتری گەشە بەخۆی بدات، هەریەکەیان لای خۆشییەوە لە

چوارچێوەی ئایدیاکانیدا دەســـەڵاتێکی هەیە و پاڵپشـــتە بۆ دەســـەڵاتەکەی دیکە و لە سـنووری پایەی خۆشـیدا، دەسـەڵاتەکانی کراوەن و بەهێزن، لێ لە کۆی فۆرمەکەدا پێکەوە دەبن و ئاراسـتەکەری تەواوی پنتەکانی ژیانی تایبەتی و گشـتین. لە سـەرەتای دروست بوونی شـارەوە سیستەمی بەڕێوەبردن و سیستەمی نەریتەکان و سیستەمی دروستکردنی کولتووری نوێی شـار، سیستەمی دەسەڵات و دینەکان، سەر بەو مۆدێلە شـارییەن لە دێریندا دروسـت کراوە. (لێرەدا مەبەسـت شـاری دێرینی سـەردەمی میزۆپۆتامیایە.) بەبێ سیستەم قسە لەسەر شار ناکرێت، چونکە خودی شار سیستەمە. یاساکان و جیاکردنەوەی هاوڵاتییەکان لەناو چوارچێوەی سیستەمەکەدا کۆ دەکرێنەوە. میرات و جیاکردنەوەی داهات و دانانی برگەی یاسایی بۆ کەسی خراپ و بۆ بازرگان و چینەکانی دیکە، شـێوازی بیناسـازی، شـێوازی ژیان کرد، شـێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی پەرستگە و سرووتە ئایینییەکان، دۆزینەوەی زمانی نووسین و خوێندنگە و ئەسـتێرەناسـی و گۆڕینی فۆرمی جادوگەر و دیاریکردنی کاتەکان و پیشەگەری، بەشێکی گرنگی ئەو دیسپلینانەن لەناو شارە دێرینەکاندا پەیڕەو کراون. — سـۆمەر-ییەکان بە هۆکاری ئەوەی یەکەم بونیاد نەری شـارن، لە زۆر شـوێندا وەك شـانازییەك قسـە لەسـەر داهێنانەکانیان و کۆمەڵگەکەیان و فەرهەنگەکەیان دەکەن. (تێبینی: سـەرنجێکی خوێنەرانەیە، سـۆمەرییەکان حەقی خۆیانە شـانازی بە خۆیانەوە بکەن، چونکە ئەو بناغەی شـارسـتانییەتەی دایانمەزراند، بوویە سـەرەتایەك بۆ کۆی مرۆڤ لەسـەر زەوی، بەشـێکی زۆری ئایدیا و سیستەمەکانیان لەناو گەلانی جیاوازی سـەر زەمیندا درێژەیان پێدەدرێت. ئەم بونیادەش وای لێکردن کەمێك بە غرورەوە لە خۆیان بڕوانن و غرورەکەشـیان جێگای قبوڵکردنە، گەرچی لە کۆتاییدا نەمان و ناوی دیکە و میللەتی دیکە شـوێنیان گرتنەوە، لێ تا سـاتی نووسـینی ئەم بابەتە هێشـتا بیرکردنەوە و کولتوورەکەیان بەش بەش، بە زیندوویەتی ماوەتەوە. وەك خوێنەرێکی مێژووی میزۆپۆتامیا ستایشی ئەو غرورەیان دەکەم لە خۆیاندا دەیبینن.)

بەرلەوەی باسی سیستەمە ئابوورییەکە بکەین، وەك ئاماژەیەك باشترە بڵێم: مێژووی تەواوەتی (بە پێی کـاتێك دیـاریکراو) لە دایکبوونی خوداوەنـدە بچکۆلەکە دیـار نییە. نازانرێت لە کام سـەردەمی پاشـایەتی و لەکام یەك لە شـارەکاندا دروسـت بووە. تەنها ئەوەی بۆمان ئاسان دەکات دڵنیابین لە شاردا خوداوەندە بچکۆلەکە لە دایکبوو، کۆمەڵێك قەواڵەی ئابووری سـەر تەتە قوڕەکان و کۆمەڵێك برگەی یاسـایی و، کۆمەڵێك لاوژەیە کە ئاماژە بە بوونی ئەو خوداوەندە دەکەن لەناو سـیستەمی دەوڵەت شـاری سـۆمەر و پاشـان لە سـەردەمی ئەکەدی و ئاشـووری و بابلیدا، بە وردەکاری زیاترەوە لەسـەر هێزی خوداوەندەکە و شێوازی مامەڵکردنەکەی دەقی جێماو لەبەردەستن.

لەسـەر دروسـت بوونی سـیسـتەمی شـار، دەقێکی سـۆمەرییەکان دەڵێ: " ئێوە ئەی خودایانی گەورە لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە، کورەکەی من پاشـا ئەنکی، ماڵێکی دروسـت کردووە. ئەریدۆی وەك و شـاخێك لە قوڵاییەوە هێناوەتە دەرەوە.ئەوی لە شـوێنێکی باشـدا دروسـت کردوە. ئەریدۆ پێگەیەکی پاکە، ئەو ماڵەی لە زیو

دروســـتکراوە، بە بەردی لاجور ڕازێنراوەتەوە."[14] (چکاوەی لاوژەکە بەم جۆرەیە: ئەنکی خوداوەند دێت بۆ دروستکردنی شار. گەرچی لای سۆمەرییەکان شاری نەیپور پێش ئەریدۆ دروستکراوە، بەڵام ئەم شارەش پێش تۆفانەکە دروستکراوە، دوای ئەوەی شارەکە دروست دەکات و بە جوانترین شێوە دەیرازێنێتەوە و ستایشێکی زۆری شێوەی کۆڵانەکان و کۆشکەکان و بازاڕەکان و سەرجەم شوێنەکان دەکات، ئەنکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆڕی خوداوەندەکان و بەهۆی سەرکەوتنییەوە لە دروستکردنی شارەکەدا، خوانێك ئامادە دەکرێت و دایکی بە پیاهەڵدانەوە باســی کارە مەزنەکەی دەکات.) لە دەقەکەدا وا دەریدەخات ئەم شارە دەســەڵاتی خوداوەندی نێر دروستیکردوە، واتە ئیدی شار لەژێر دەســەڵاتی پیاودایەوە و دەستکەوتەکان و شانازییەکانی بۆ دەســەڵاتی پیاو دەگەڕێتەوە. دەقی دیکەمان هەیە دروســتکردنی بەشــێکی دیکە شــارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بیرۆکەی ژن، بەڵام دەســـەڵاتدارییەکەیان بەدەســـت پیاوەیە. لە هەندێك بڕگەدا نێرخودا کاتێك مەست دەبێت، شــاری ئەریدۆ دەدات بە مێخودای ژن و ســەرجەم دەســەڵات و تاجی پاشــایەتییەکەی پێدەبەخشــێت، ئەویش بەخۆشــی گەڕانەوەی دەســەڵاتی لە یەکێك لە شـــارەکان دەکەوێتە ڕێ، زۆری پێناچێت خوداوەندی نێر بەهۆش دێتەوە و پەشــیمان دەبێتەوە لە فەرمانەکانی و جارێکی دیکە مێخوداکە لە دەســـەڵاتی شـــار و پاشـــایەتی دەردەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ خۆی.

دەمانەوێت بەو جۆرە شــرۆڤەی دەقەکان بکەین، لەســەر قۆناغی ئەشــکەوت نشــینی بەرچاوڕوونییەك نییە و تەنها لێکدانەوەی کەرەســـتە و پاشـــماوەکان دەبێتە ئامیانی خوێندنەوە، لە ســـەردەمی کشـــتوکاڵ شـــرۆڤەکان دەســـەڵاتی دایکە خوداوەند یەکلایی دەکەنەوە و بە خولقێنەری ئەو قۆناغە دەزانرێت و ڕەگوڕیشـەی ئایدیاکانی ئابووریی و پێکەوە کۆکردنەوەی دارشتووە، بەڵام بۆ دروستکردنی سیستەمی شار، دەقی جیاواز جیاواز لەبەردەستن. بەشێك لە دەقەکان خەیاڵی دروستکردنەکەی شار دەبەستنەوە بە ژنەوە و بەشـێکی دیکەی دەیبەســتنەوە بە پیاوەوە. لەناو ســەردەمی ســۆمەرییەکانیش لەبەر ئەوەی چەند شارێك هەبووە وەك "ئور، نەیپور، ئەریدۆ، لەگش،...هتد". هەریەك لەم شــارانە چەند دەقێکی لاوژەی لەســەر نووســراوە و دەقەکانیش جیاوازی بۆچوونیان تێدایە، تەنها شـــتێك زۆر یەکلاکەرەوەیە، دوای دروســـتبوونی شـــار دەســـەڵات گوازراوەتەوە بۆ پیاو پاشــاکان و ســەرلەشــکرەکان و بەڕێوەرە گرنگەکان بەدەســت پیاوەوە بوون. چونکە سیستەمەکەش فرەیی بازنەیی بووە هەر شارە و پاشا و خوداوەند و ڕاهیب و تەنانەت یاســـاکانی خۆشـــی جیاواز بوون، بۆیە مێژووەکەشــــی و سیستەمەکەیشی جیاوازی تێدایە.

لە تەنیشت ســتایشــەکانیان بۆ شــار، دیوێکی دیکەی شــار پیشــان دەدەن، دیوێك زۆر ترســناك و خەمبارانە، کە بەهۆی گەورەییەکەی و قەرەباڵغییەکەیەوە خوداوەندەکان بە باشــی ئەو دیوەی نابینن و لە شــکاتێکدا ڕاهیبەکان خوداوەندە نێرەکان ئاگادار دەکەنەوە هەر ســەرقاڵی خۆیان نەبن و تەماشــای ئەم دیوەی شــاریش بکەن: "شــاری نەیپور کە

---

[14] مەجید یوسف زادە، مێژووی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا. وەرگێرانی: سەمیر حسێن. بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم ساڵی 2012 لاپەڕە245- 246

ڕەواڵەتێکی ترسناکی هەیە، شوێنی تاوانبارەکان، خراپە کارەکان، سیخوڕەکان، ستەمکارەکان، خۆ پەسەندەکان و پەیمان شکێنەکانە."[15] لەم دیوەدا دەست دەخەنە سەر ئەو خاڵە لاوازانەی لە شاردا هەیە، ئیدی گوندەکان تێپەڕیانکردوە و شار شوێنێکە تەواوی ڕەنگەکان لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوە و دەیانژیەنێت. شارێك نییە لەسەر شێوازی یەك ڕەنگ و یەك جۆر ژیان درێژە بە خۆی بدات، یەکێك لە سیفەتە گرنگەکانی شار فرە ڕەنگیەتی، سۆمەرییەکان لە دێر زەمانەوە تەواوی دیوەکان و ڕەنگەکانی شارمان بۆ دەردەخەن. هەرچەندە کۆمەڵگەیەکی نەریتییە و زۆر وابەستەن بە سرووتەکان و خوداوەندەکانەوە، بەڵام چونکە شاریان دروستکردوە لەناو سیستەمەکەدا ناوابەستەیی و خراپەکاری و فریودان و چەندین کردەی دیکە بوونیان هەبووە، کە بەلای ئەوانەوە مەترسین بۆ شارە پیرۆزەکە. بۆ ئەوەی خوێنەرسەرقاڵ نەکەین بە ململانێی نێوان باوکسالاری و دایك سالاری لە شاردا، دوای ئەم سەرنجە ڕاستەوخۆ دەچینە لای کۆمەڵێك بەڵگەی مێژووی لە تەتە قوڕەکانەوە بۆمان جێماوە و بەڵگەکان دەخەینە ڕوو، پاشان هەڵسەنگاندنی خۆمان لەسەر هێزی خوداوەندە بچکۆلەکە لەسەردەمی شاردا پیشان دەدەین و لەبارەی لەدایکبوونەکەی و هێزەکەیەوە سەرقاڵ دەبێت.

"یەك کور نزیکەی سەدوهەشتا لیتر جۆ یان خورما، بەهای یەك سەکەبوو، کە کێشی سکەکە نزیکەی هەشت گرام زیوو بوو. یەك کور دانەی کونجی بە بەهای دە سکە بوو. چوار لیتر هەنگوین بە بەهای یەك سکە بوو. یەك تالان خوێ بە بەهای یەك سکە بوو. یەك مینا خوری بە نیو سکە بوو. بەهای یەك کراس بە نزیکەی دوو سکە. نەونێك نزیکەی دوو سکە. گۆزەیەك ئاوجۆ-بیرە- بەهای یەك سکە بوو."[16] نرخ بە شێوەی گشتی بڵاوکراوەتەوە، لە یەکێك لە گۆشەکانی بازاڕ، لەسەر تەتە قوڕێك نرخی کاڵاکان هەڵواسراوە و بۆ کڕیار و فرۆشیار دیاربوو نرخی هەر کاڵا و کەرەستەیەك بایی چەندە. ئەو خوداوەندە بچکۆلەیەی لەناو ڕاوێژێکی نێوان ڕاهیبەکان و پاشاکاندا دروست کرا، بە ماوەیەکی زۆر کەم خۆی خزاندە ناو بازاڕەکانەوە. بەپێی دۆزینەوەکان، سکەکانی شارێك بۆ شارێك، شارستانییەتێك بۆ شارستانییەتێکی دیکە جیاواز بوون. بەشێکیان لە ئاسن دروستکراون، بەشێکیان لە زیوو، بەشەکەی دیکەیان لە ئاڵتوون. دیارە کە لەو سەردەمەدا کۆی کانزاکان دۆزراونەتەوە و لەناو دەقەکاندا ئاماژە بەناوەکانیان دەکرێت. دۆزینەوەی کانزاکانی ژێر زەوی، هاوکارێکی گرنگە بۆ سیستەمی بەڕێوبردنی شار و، تۆکمەکردنی هێزە سەربازییەکان، دروستبوونی بازاڕی گەورە، لە دایکبوونی خوداوەندە بچکۆلەکە و، پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی نوێی شارییی.

بە پێی ئەم لیستە کورتەی نرخەکان لێرەدا دامان نا، هێزی خوداوەندەکە لە شاردا دەر دەکەوێت. خۆی بەتەنیا لە گۆشەیەکە و سەرجەم کاڵا و کەرەستەکانیش لە گۆشەیەکی دیکە. هەموو کاڵایەك و خۆراکێك بە پێی خوداوەندەکە قیمەتەکەی و سەنگینییەکەی دیاری دەکرێت. نرخەکان کاتێك مانایان هەیە لە بەرامبەر خوداوەندەکە پێوانەیان بۆ

---

[15] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 280

[16] مەجید یوسف زادە، مێژووی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا. وەرگێڕانی: سەمیر حسێن. بەرگی سێهەم، چاپی یەکەم ساڵی 2012 لاپەرە 182

بکرێت. پێشـوتر ئاڵوگۆڕ هەبووە، بۆنمونە: لە نێوان جوتیارێك و شـوانێکدا ئاڵوگۆڕی خۆراك و کەرەســتە کراوە، شــوان پێســتەی داوە لە بەرامبەری گەنم یان جۆی وەرگرتووە، جوتیاریش گەنم و جۆو گەنمە شــامی داوە، لەبەرامبەری شــتی دیکەی وەرگرتووە، لەکاتی هاتنی خوداوەندەکەوە سـیسـتەمی بازاڕیش گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە و ئیدی ئاڵوگۆڕ نەماوە، بە دەســت هێنانی ســکەکە، خوداوەندەکە، بە دەســت هێنانی کۆی کاڵا و پێداویستییەکانی خەڵکی بووە. بە پێی لێکدانەوەی سـەردەمی شـار، پێدەچێت دۆزینەوەی زیوو ئاڵتوون بووبێتە هۆی ئەوەی ئەم خوداوەندە و بکرێتە هێزێك لەبەرامبەر هەردووکیان و هەندێك کاتێك خۆی لە هەمان کەرەســتە دروســت بکرێت.(ئەمە تەنها لێکدانەوەیەکە بۆ ســاتی شــار و گەشــەی بازاڕ، لە ئایندەدا چاوەڕوانکراوە دەقی دیکە بدۆزرێنەوە ئەوکات وردەکاری زیاتر لە ســەر شــێوازی دروســتکردنەکەی بکەوێتە بەردەســت، چونکە بەشــێکی زۆری ئەو مێژووە لەژێر خاکدایەوە هێشتا هەڵنەکۆڵدراوە).

"لە هەندێك قۆناغی شــاردا، ئاڵتوون بە کاڵا حیســاب دەکرا، وەك و پارە حیســابی بۆ نەدەکرا. پەرستگەی ئینەن ڕێژەیەکی جۆراو جۆری ئاڵتوونی لە خەڵکی جۆراو جۆر کڕی، ســێ کیلۆ زیوی بە چوار میناو بیســت و پێنج ســکە کڕی."[17] ئەم ئاڵوگۆڕە لە هاتنی سـکە لە بەرامبەر کانزاکانی دیکە، دەبێتە شـوێنێکی بەهێزی خوداوەندەکە لە ناو بـازاڕ و بـازرگـانیدا. هێزی خۆی لەبەردەم کۆی کـاڵاکـانـدا ڕادەگرێت و وردە وردە باڵادەســتییەکەی دەر دەخات. بەو جۆرە وێنای دەکەین لە ســەرەتای هاتنە ئاراییەوە، تەنها وەك کاڵایەك لە کاڵاکان بەرکار هاتووە، بەڵام پشت بەستن بە بڕیاری دەسـەڵات و پەرســتگەکان-زەکورەکان- هێزەکەی گەورەتر بووە. بەبێ پشــتگیری بەردەوامی سیستەمی ئایینی و سیستەمی دەسەڵاتی پاشایەتی، ڕەنگە ئەم خوداوەندە نەیتوانیبایە بەو جۆرە خێرایە و بەو ئاستەوە لەبەرامبەر کانزاکانی دیکە ڕابوەستێت. دەتوانین بەوە بێ چێوێنین لە پاڵ دوو پایەکەدا پایەی سێیەمی دەسەڵاتێکی دیکە دێتە ناو ژیانی مرۆڤەوە. کاتێك دەبێتە دەسەڵاتێکی تەواو و کڕیار و فرۆشیار، بازرگان و خاوەن کار، لە دەوری کۆ دەبنەوە، ڕاسـتەو خۆی داوای پەرستگە دەکات، یان با وای دانێین مرۆڤەکان چۆن لە ســەرەتادا خوداوەندەکانیان لەســەر ســیمای خۆیان داتاشــی، ئەمجارە لە شــاردا خوداوەندێکی دیکەیان داتاشی و خۆشیان پەرستگەیان بۆ کردوە و هەر خۆشیان بوونە هەوڵدەر بۆ گەیشـتن پێی. "هەر لەو چوارچێوەیەشــدا ڕۆڵی پەرەســەندنی دەوڵەمەندە گەورەکانی کەرتی تایبەت لە هەزارەی دووهەم و یەکەمی پێش زایەنی دەردەکەوێت، لێرەدا (مورشــو- بانك) یان خانەی بانك، دەتوانێك نمونەیەکی باش بێت بۆ ئەو جۆرە سەرمایە"[18].

بە پێی تەتە قوڕەکان ســێ جۆر ســەرمایە بەرچاو دەکەوێت، ســەرمایەك ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە پەرستگاکانەوە هەیە. ڕاهیبەکان و بەڕێوبەری شوێنە ئایینییەکان دەستێکی درێژ و گەورەیان هەیە بۆ بازرگانی و بازاڕکردن. زەوی و زار و پارە و خەزێنەی

---

[17] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 184
[18] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 373

گەورەیان هەبووە، بە پشت بەستن بەم ئابوورییەی خۆیان توانیوانە پەرستگاکان بەڕێوە ببەن و، ڕاهیبەکانیش ببنە خاوەن سامانی گەورە. شێوازی -زەکورەکان، پەرستگاکان- و بیناسازییەکەی دەبڕێتە ئاستێکی باڵاوە، تەنها کۆشکی پاشاییەتی بۆی هەبووە بیناسازییەکەی بگاتە ئاستی بەرزی بیناسازی پەرستگاکان. لە قۆناغی کشتوکاڵدا پەرستگە بۆ ستایشکردنی سامان و عەمبارەکان دروستکرابێت، لە قۆناغی شاردا ڕۆڵی پەرستگە دەگۆڕێت بۆ شوێنێك تەنها ستایشی خوداوەندەکانی تێدا ناکرێت، بەڵکو خۆشی بە هاوکاری دەسەڵاتی پاشاییەتی خوداوەندە بچکۆلەکە دەخولقێنێت و دەیکاتە هێزێك لە پاڵ هێزە دینییەکەدا و ڕۆڵی کۆنترۆڵکردن و شکۆمەندی بەسەر ئەوانیترەوە بەرجەستە دەکات، بە مانایەکی دیکە پەرستگەکان دەبینە کۆڵەکەی ناوەند لەنێوان ئابووری خوداوەندە بچکۆلەکە و دەسەڵاتی پاشادا، بە هەردوو دیودا یەکتری بەکار دەهێنن، هەم پەرستگە هێزی خوداوەندە بچکۆلەکە بەکار دەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی، هەم خوداوەندە بچکۆلەکە پەرستگە بەکار دەهێنێت بۆ بەهێزی و گەشەکردنی خۆی و لە هەمان کاتیشدا ناچارکردنی پەرستگە کە لە هێزی ئەمەوە باڵادەستی خۆی وەربگرێت. واتە: ڕاهیبەکان چەندە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و دینیان بەرز بووبێت، بەهۆی گەورەکردن و دەوڵەمەندکردنی خەزێنەکانیانەوە بە کۆکردنەوەی خوداوەندە بچکۆلەکە هێندەی کە ڕێز و پلەو پایەیان گەورەتر بووە و، فۆرمێك لە فۆرمی ملکەچیان بۆ خوداوەندە بچکۆلەکە جێبەجێکردووە. ئەم جۆرە لە سەرمایەدار گرێدراوە بە سەرمایەی دەسەڵاتی پاشاوە.

جۆرێکی دیکەی سەرمایەدار هەبووە، بە زمانی ئێستا پێدەوترێت "کەرتی تایبەت"، بەڵام بە زمانی دێرینەکەی سەرمایەداری سەر بە پەرستگە و دەسەڵاتی پاشایەتی نییە، با بە ناوە کۆنەکەوە بیڵێین: بازرگانی گەشتکەرە، گەریدەیە. تایپی بازرگانی گەشتگەر لەنێوان شارەکان و شوێنە نزیك و دوورەکان، لە هەموو سیستەمی دەوڵەت شارەکاندا ڕێزی لێگراوە و زناری بەستنەوەی بازاڕی شارەکان بووە. ئەم جۆرەی سەرمایەداری بازرگان گەر کەسێکی دینی بووبێت یان غەریبەی شارێکی تر، گەر کەسێکی ئاسایی بووبێت یان ڕاهیبێك، گرنگ ئەوەبووە توانیویەتی فۆرمێك لە بازرگانی سەربەخۆیی دروست بکات و، چینی خانەدان و خاوەن سامانەکان لەم تایپەوە دروست بوون. تایپی تەنیشت ئەم بازرگانە دەسەڵاتدارەکانی ناو کۆشك و پاشایەتی بوون، دەسەڵاتیان کردووە بە پلیکانەیەك بۆ گەیشتن بە ئابوورییەکی بەهێز و بۆ گەیشتن بە ڕازیکردنی پاشا و ڕاهیبەکانیش. ئەم تایپە لە ساماندارەکان هەمان تایپەکەی ئێستەی ناو سیستەمی دەسەڵات و لە ڕێگەی سەرکزی و مشەخۆری و نادروست بەکار هێنانی دەسەڵاتەکانیانەوە، بوونەتە خاوەن سامان و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ناو کۆشکیان بەدەست هێناوە. بێگومان هەرسێ تایپەکە سەر بە جیهانی سێ پایە بنەڕەتییەکەن و هەرسێکیشیان پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، ئەوەی پێکەوە دەیان بەستێتەوە بەرژەوەندی و کۆکردنەوەی خوداوەندە بچکۆلەکەیە. بۆ نموونە: کاتێك بە بازرگانێك وتراوە بازرگانی گەورە، توانای زۆرترین بەدەست هێنانی خوداوەندە بچکۆلەکەی هەبووبێت. گەورەبوون و بچوك بوون فۆرمێك و ناونانێکە لەو کەسە بازرگانەی خوداوەندە بچکۆلەکە بۆی دیاری دەکات نەك فۆرم و شێوەی کەسەکە خۆی.

ئەم پەرەسەندنە لە شێوازی بارزگانی وا لە خوداوەندەکە دەکات داوای پەرستگە بکات. لەسەردەمی شاردا "مورشو" کە ناوێکی بابلییە، دەبێتە بانك. بە پێی تەتە قوڕە دۆزراوەکان، لە هەندێك شوێندا پەرستگە خۆی دەبێت بە "مورشو، بانك" لە هەندێك شاریشدا باڵەخانەی تایبەت بۆ ئەم مورشوانە دروستکراوە، واتە پەرستگەی تایبەتی هەبووە و ئەوانەی کاریان تێدا کردوە، پاسەوانەکان، شارەزایانی بازاڕ، خوێندەوارەکان، ئەو خوێندەوارانەی توانای نووسین و زانینی زمانە نوێیەکەی خوداوەندە بچکۆلەکەیان هەبووە، زمانی ژمارەکان. پەرستگە نوێیەکە وەك کۆشکی پاشاکان، وەك پەرستگە دینییەکان، هەم خەڵکانێك تێدا کار و خزمەت دەکەن، هەم خەڵکانێك پەیوەندی پێوە دەکەن و سەردانی دەکەن. وێنای ئەم پەرستگە نوێیە جیاوازییەکەی لەگەڵ پەرستگە دینییەکان ئەوەیە، پەرستگە دینییەکان دەست بۆ دیوە ناخەکی و دەروونییەکەی مرۆڤ دەبن، بەڵام پەرستگە نوێیەکە ڕاستەوخۆ دەست بۆ واقیعە ڕاستەقینەکەی ژیانیان دەبات و لە زۆر حاڵەتدا بەسەر دیوە ناخەکی و دەروونییەکان و وەهمەکانی مرۆڤیشدا باڵا دەست دەبێت. دەکرێت بەو جۆرە باسەکە لێك بدەینەوە، مرۆڤ خۆی شتەکان، خوداوەندەکان، ئایینەکان،.. هتد. دروست دەکات، بۆ ئەوەی پاشان خۆی بیان پەرستێت و لاوازییەکانی خۆی پێ بشارێتەوە. لەوانەیە هەر بیرۆکەیەك کە سەرەتا دەستی دابێتێ بۆ ئامانجێك دەستی داوەتێ خزمەت بە ژیان و ویستەکانی بکات، بەڵام پاشان ئامانجەکە گۆڕابێت و بووبێتە بارێکی دیکە بەسەر ژیانی مرۆڤ خۆیەوە. چۆن لە سەردەمی کشتوکاڵدا پەرستگەی دروست کرد بۆ ستایش و دڵخۆشبوونی خۆی و لەسەردەمی شاردا خۆی بوو بە کەرەستەی پەرستگە، بەهەمان شێوە پارەی دروستکرد بۆ ئاسانکارییەکانی ژیانی و زۆری نەبرد خۆی بوو بە کەرەستەیەك بەدەست پارەوە. بانکەکانی سەردەمی بابل، وەك پەرستگەکان ڕوویان تێکرا و بوونە شوێنی یەکلاییکردنەوە ژیانی خۆشی و دیاریکردنی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی کەسەکان، لە هەمان کاتیشدا بوونە شوێنێکی دیار لە بەرامبەر کۆی شوێنە دیارەکانی سەردەمی شاردا. ئەگەر لە خوداترسەکان ڕوویان لە پەرستگەی ڕاهیبەکان کردبێت تا لە ڕێگەی ئەوانەوە خوداوەندەکان لێیان خۆشبن، ئەوا بەشە زۆرەکەی خەڵکی ڕوویان لە بانکەکان دەکرد، تا چارەنووسی ژیانی واقیعی خۆیان بەهۆی بە دەست هێنانی خوداوەندە بچکۆلەکەوە دیاری بکەن.

ئێستا ڕوونە لامان، خوداوەندە بچکۆلەکە لەناو شاردا شوێنی خۆی کردەوە، خۆی بەتەنیا لە بەرامبەر کۆی پێداویستییەکان وەستایەوە و تەنها بەدەستهێنانی ئەو دەتوانرا ببێتە هۆکاری بەدەستهێنانی ژیانێکی پڕ لە چێژ. پاشان پەرستگەی بۆ دروستکرا، ڕاهیبەکانی کە بریتین لە بازرگان و دوکاندار و فرۆشکراوەکان لە دەوری کۆبوونەوە، ئێستا بزانین کاتێك دەبێتە دەسەڵاتێکی گەورە و بەسەر شارەکان و شوێنەکانی دیکەدا دەکشێت، چی لە پاش خۆی جێدەهێڵێت و چی لە مرۆڤ دەکات؟ چۆن مرۆڤ باری خۆی قورستر دەکات و هەوڵدانەکان و ململانێکانی بۆ گەیشتن بەم خوداوەندە بچکۆلەیە تا چ ئاستێکە و ئامانجی دروستکردنەکەی بە چ بیرۆکەیەك بوە و پاشان مرۆڤی بەرەو کوێ برد. "خۆشحاڵم ئەو سەد و چل سکەیەکی کە هێشتا بەو شێوەیە ماوەتەوە پێم بدەیت، بەڵام بۆ ئەو بڕە سود وەرمەگرە چونکە ئێمە هەردووکمان شەریف و

چاکین."[19] ئەمە دەقی داخوازییەکی پیاوێکی بابلییە بۆ بازرگانێك. پێدەچێت شـــێوازی زیاد خستنە سەر، باج، یان بە واتا دینیەکەی"سوو" لەو سـەردەمەوە هاتبێت، بازرگانە گەورەکان بەهۆی زۆری پارەکانیانەوە، قەرزیان بە بازرگانەکانی دیکە، یان خەڵکی دیکە داوە، ئەم قەرزانە لە بانکەکان تۆمارکراون، بە شـــاهیدی دوو کەس، هەندێکجار قەرزەکان زەوی و زارە، هەندێکجار خۆراکە، هەندێکجاری دیکەش پارەیە. لە ڕێگەی قەرزەوە فشار لەسەر قەرزدار کراوە لە کاتی خۆیدا بیداتەوە و ئەو برە زیادەیەی بخاتە ســـەر لە تۆمارەکاندا نووســـراوە و لەســەری ڕێککەوتوون. لە بەشـــێك لە دەقەکاندا قەرزارەکـان بەنـاوی پـاکی و شـــەریفی و نزیکی خۆیـان لە خوداوەندەکـان داوا لە بازرگانەکان و خاوەن پارە و موڵکەکان دەکەن، زیادە نەخەنە سەری و لێیان خۆش بن. (تێبینی: لە دوای هاتنی تەوراتەوە، زیادە خستنە سەر قەرز-سوو- بە فەرمانێکی ئاینی بە خراپە لێکـدرایەوە و قەدەغە کرا لەســـەر مرۆڤی خـاوەن بڕوای دینی. بەڵام ڕەگوڕیشـــەی بیرۆکەکە لە میزۆپۆتامیا وەرگیراوە، چونکە بەشـێك لە یاسـای دەوڵەت شـــارەکان ئەم زیادە وەرگرتنەیان ڕەت کردوەتەوە، لە بەشـــێکیشـــیاندا پەیڕەو کراوە، ئەمما دیوە نەریتییەکە ئەوەیە زیادە بە پێی تێگەیشـــتنی ئەوان کارێکی ناشـــەریفانە و خراپە، دواتر لە تەوراتدا دەبێتە فەرمانی دینی و دینەکانی پاش ئەویش هەمان فەرمان بە لێکدانەوەی جیاوازەوە پەیڕەو دەکەن. لەم ســیاقەدا خاڵێکی گرنگ دەردەکەوێت، کە ئەویش دین و بازرگانییە، یان دین و سەرمایەداری، بەبێ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەکانی ئایدیای ئابووری و قۆناغە مێژووییەکانی، تێگەیشـتن لە دین دیوێکی نادیار دەمێنێتەوە، هەرچۆن لەم بەشـــەدا چاو دەخەینە ســـەر ئـابووری ئـاواش لە ڕێگەی کنەکردنی ئابوورییەوە، بەشێکی زۆر کەمی ئەو دیوە نەبینراوەی دینیش بە ئاسانی دێتە بەردەمان و بینراو دەبێت).

باجەکان، زیادە خسـتنە سـەر، شـەراکەت، ڕێژە بەشـی، ئابووری سـەربەخۆ، ئابووری ئایینی، ئابووری دەسـەڵات، هەژاری، زۆرەملێ لە کار، کۆیلەیەتی..هتد. لەناو شار و سـەردەمی خوداوەندە بچکۆلەکەدا بەرەو گەشـەکردنێکی فراوان هەنگاو دەنێت. هەموو ئەم چەمکە تازانە ســـەر بە دونیای ئابوورین، دین و یاســـاکانیش دێن بە شـــێوازی تێگەیشـــتنی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ دەکەن و بنەمایان بۆ دادەنێت تا خەڵك بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەریەك لەم چەمکانە بکات. پێشـوتر جوتیار، شـوانکارە، هەرکارێکیان کردبێت لە سنووری خۆیاندا، لە بەرامبەریدا کاڵا گۆڕینەوەیان کردوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان، ئەمما لە سـەردەمی خوداوەندە بچکۆلەکەدا ئیدی شێوازی ژیان و مامەڵەکردن هێندە فراوان و ئاڵۆز دەبێت پێویستی بە سـیسـتەم و ڕێکخسـتنە. باجەکان یەکێکن لەو ئەرکە قورســـەی دێنە ناو ژیانی مرۆڤەکانەوە، پەرســـتگا و دەســـەڵاتدار و بازرگان و خاوەن موڵك و کـارەکان، بە بـاج وەرگرتن لەســـەر ئەویتری کـارکەر و جوتیـار و دوکاندار..هتد. تا دێت داهاتی خۆیان زیاتر دەکەن و هێز و وزەی ئەویتر بۆ خۆیان دەبەن. زیادە خستە سەر قەرز، لە چەندیش شوێنی دەوڵەت شاردا بەرچاو دەکەوێت کە فشـــارێکی زۆرە بۆ کەســـی قەرزار و داوای چارەســـەر دەکات. شـەراکەت بە هەموو

---

[19] همان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە373- 377

شـێوازەکانییەوە دەبێتە دیوێکی دیکەی ئابووری بۆ گەیشـتن بە بەرهەمی زیاتر. بەڵام هەژار و کۆیلایەتی، دەچێتە دۆخێکی دیکەوە، دۆخێـك هیچ ڕەحمێـك لە خوداوەنـدە بچکۆلەکەدا نییە، خوداوەندێکە هەست و دەرك کردنی بۆ ئەویتر نییە، کاتێك مرۆڤەکان لاواز دەبن و لەبەردەم خوداوەنـدەکـانیـانـدا چۆك دادەدەت بپـاڕێنەوە، بەشـــێکی پاڕانەوەکەیان تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی خوداوەندەکەیان نزیکیان بخاتەوە لە خوداوەندە بچکۆلەکە، چونکە دەزانن بە نزیك کەوتنەویان لەم خوداوەندە بچکۆلەیە بەشـــێك لە شـادی و خۆشـــی و ئارامییان بۆ دەگەڕێتەوە. تەنانەت پاڕانەوەکانیش گرێدراون بەم خوداوەنـدەوە. هیچ کەس لە خوداوەنـدە بچکۆلەکە نـاپـاڕێتەوە، دەزانن گوێی نییە و نابیستێت و هەسـت و ڕەحمی نییە، ئەمما خوداکانی دیکە دەکەنە پەیژەیەك بۆ گەیشتن بەم

"لە سەردەمی ئوردا نرخی خێزانێك بە تەواوەتی نیو مینە بووە و منداڵیش سێ شاقڵ و نیو بووە. کۆیلەکان بۆیان هەبووە تانە لەو نرخە بدەن کە بۆ فرۆشـــتنیان دانراوە و لەلایەن دادوەرەوە سـکاڵا تۆمار بکەن، بە دەسـتی ڕاسـتیان سـوێند بخۆن بۆ پشـت ڕاستکردنەوەی قسەکانیان."[20] (تێنبینەك، پێش هەڵسەنگاندنی ئەم چەند ڕستەیە. خاڵی یەکەم: لە ســـەردەمی بابلییەکانیدا، دادوەر ناوی"دیان" بووە. لە ســـنووری ســـۆران نـاوچەیەك هەیە نـاوی "دیـانە"یە، ئەو نـاوچەیە لە میتۆلۆژیـای بـابلیدا نـاوی هـاتووە، شـوێنی هاوینەی دادوەرەکان بووە، ناوەکەشـــی هەر لەوەوە هاتووە، لەناو میتۆلۆژیای بابلی، ئەوە یەکێك بووە لە ڕێگە بازرگانییەکان بۆ شـاری پیران و لەوێشـەوە بۆ شـاری ئەگباتان، ئەو ڕێگەیە پێیان وتوە"ڕایات" لەپشـــت قەزای چۆمانەوە گوندێك هەیە هەر بەو نـاوە کۆنەوە، ئێســـتا ئەو ڕێگەیە پێی دەڵێن: هاملتۆن، ناوە مێژووییەکەی ڕایاتە، بەڵام هاملتۆن چونکە کەســـێکی خوێندەوار بووە و ئـاگای لە مێژووی کۆن بووە، لە سـەردەمی نوێدا دێت بۆ تێکشـکانی ڕێگای ئاوریشـم، ئەو ڕێگە کۆنە بازرگانییە، تازە دەکاتەوە و نـاوی خۆی لێدەنرێت. خاڵی دووەهەم: شـــێوازی ســـوێند خواردن و بەرز کردنەوەی دەسـتی ڕاسـت لە سـەردەمی شـاری ئوری سۆمەرییەوە دەست پێدەکات، تا ســـەردەمی بـابلییەکـان لەنـاو دادگـاکـانـدا پەیڕەو کراوە، بەڵام دوای هـاتنی ئـایینە یەکتاپەرسـتییەکان، هەمان شـێواز دووبارە کرایەوە، بەس بەو جۆرەی لە بری ئەوەی دەستی ڕاستت بەرزبکەیتەوە، دەستی ڕاستت دەخەیتە سەر کتێبێکی دینی و سوێندەکەی پێ بخۆیت، ئەمما نەریتەکە هی میزۆپۆتامیایەو دینەکانی دیکە وەریان گرتوە.)

ڕســـتەکانی ناو تەتە قورە جێماوەکان ڕوونن، لە تەنیشـــت زەوی و زار و کاڵاکاندا، مرۆڤیش بووە بە کـاڵا و مـامەڵەی پێوە کراوە، بۆ هەر جۆرێـك لە مرۆڤ نرخێـك دانراوە و نرخی کەســـەکە بەو بڕە پارەیە دەســـت نیشـــان کراوە بۆی نووســـراوە، واتە مرۆڤەکە وەك خۆی، وەك شـــێوە، وەك جەوهەر و ئـایـدیـاکـانی نرخێکی نەبووە، نرخەکەی ئەو بەسـتراوە بە بڕە پارە دیاریکراوەکەوە. ئەمە بۆ ئەو مرۆڤە کۆیلانەی لە ڕێگەی بـازرگـانی، یـان قەرزارییەوە تووشـــی ئەو کـارە بوون، ئەو کۆیلانەی لە

---

ئەحمەد ڕبیع عبدولمنعم. نابو خەزنەسر و مەملەکەتی بابل. وەرگێرانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد.چاپی یەکەم 2017 لاپەڕە [20]57

شەڕەکاندا گیراون بەشێکی زۆریان هیچ نرخێکیان نەبووە. تەنانەت تا ساتی مردنیشیان کاری زۆریان پێکراوە. نرخی مرۆڤ لە گەشەکردنی خوداوەندە بچکۆلەکەوە بەرەو دابەزین دەچێت و بوەتە کاڵایەك وەك هەموو کاڵاکانی دیکە. ئەو مرۆڤەی لەناو میتۆلۆژیاکاندا بە وێنەی خوداوەند چێوێنراوە، ئەو مرۆڤەی ئایینەکان بەرزیان کردوەتەوە بۆ ئاستی خوداوەندەکان، هەمان ئەو مرۆڤە خوداوەندە بچکۆلەکە نرخەکەی دیاری دەکات و هەر ئەویشە مانای پێدەدات. سەرزەمینی خوداوەندە بچکۆلەکە - ئابووری و بازاڕ- سەرزەمینێکی مەترسیدارە و هەمووشتێك بە پێی نرخەکەی پێوانە دەکرێت. ئێستا کە زۆرترین قسە و بیرکردنەوە لەسەر ئابووری و سیستەمی سەرمایەداری و مەترسییەکانییەتی، ئەم ئایینە لە دێر زەمانەوە مەترسییەکانی خۆی دەرخستوە و ئەوە مرۆڤ خۆیەتی دەیەوێت لە دۆخی فەرامۆشیدا بێت و نەگەڕێتەوە سەر ڕەگوڕیشەی مەترسییەکانی و هەمیشە هەڵوەدای گەیشتنە بە خوداوەندە بچکۆلەکە، لە کاتێکدا مرۆڤ بەهاکەی دەناسێت و دەزانێت چۆن وێنای مرۆڤ دەکات، لێ هەوڵیشی بۆ دەدات و دەستبەرداری نابێت. گەر نرخێك لای کۆیلەیەك جێی نیگەرانی بووبێت، کۆیلە تانەی لە ژیان و کۆیلایەتییەکەی نەداوە، تانەی لە نرخەکەی داوە لە فرۆشتندا. واتە: کۆیلە بۆی نەبوە لەناو دادگادا باس لە ئازادی و ماهیەت و بوونی خۆی بکات، تەنها بۆی هەبووە لەنێوان فرۆشیار و کڕیاردا تانە لە نرخی خۆی بدات و ئاستی خۆی و جەوهەری خۆی و بوونی خۆی بە نرخەکەوە بەستوەتەوە. ئەو مرۆڤانەش لە سەردەمی سیستەمی هاتنە ئارای کۆیلەوە کڕین و فرۆشتینیان پێ کراوە، ئیدی هیچ کات وەك مرۆڤ تەماشا نەکراون، وەك کاڵایەك لە لایەن کڕیارەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. ئێمە لە هیچ شوێنێکی مێژووی پێش هاتنە ئارای ئایدیاکانی و خوداوەندە بچوکۆلەکە و سیستەمی بازار و بارزگانییەوە، کۆیلایەتیمان بە شێوازی نرخ بۆدانان بەرچاو ناکەوێت، کوشتن و تاڵانکردن و لەناو بردن هەبووە، بەڵام کۆیلایەتی لەو کاتەوە لە دایك دەبێت، ئایدیای ئابووری و بازاڕ لە دایك دەبن. بەم پێیە مرۆڤ خۆشی بوویە یەکێك لەو کاڵایانەی خوداوەندە بچکۆلەکە نرخیان لەسەر دادەنێت. بابزانین دیوەکانی دیکەی حەشری خوداوەندە بچکۆلەکە بە مرۆڤ دەگاتە چ ئاستێك.

"لە سەردەمی سیستەمە یاساییەکی بابلدا، چینەکانی مرۆڤ دابەشکران بۆ سێ بەش: بەشی **ئامیلۆ، موسکینۆ، ئاردۆ**."[21] (تێبینی: باچینەکان لێك بدەینەوە بزانین چ هەڵسەنگاندکێیان بۆ کردوون: بەشی چینی ئامیلۆ، واتە خانەدان و خاوەن سامانەکان، واتە شێخ و بەگ و ئاغا و دەسەڵاتدارەکانی ئێستە. موسکینۆ، واتە خزمەتکارەکان، وشەی مسکین، لەم وشە بابلییەوە وەرگیراوە. ئەمانە خزمەتکار و زەلیل و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە لە ژێر دەستەدان، تەنانەت درۆزە کەرەکانیش. چینی ئاردیۆ، وشەی ئارد، لە زمانی بابلی وەرگیراوە لەم وشەیە وەرگیراوە، ئەم چینە تەواوی خەڵکی دەکات، واتە زۆر و پەرش و بڵاون و لە کۆیلەوە بیگرە تا هاوڵاتییەکی ئاسایی سەر بەم چینەن.) بەپێی دەقەکە، خوداوەندە بچکۆلەکە ئاستی چینەکان دیاری دەکات.

---

[21] هەمان سەرچاوەی پێشوولاپەڕە 115

ئەوانەی خاوەن ئابووری بەهێزن و کۆشك و دەسەڵاتی ئابووریان گەورەیە، بەهۆی خەزنەکانییانەوە دەچنە ناو چینە سەنگین و بە شکۆکانەوە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاینییان بۆ دیاری دەکرێت. چینی دووهەم، چینێکی لاوازن، چینێکن ناتوانن خاوەن ئابووری بن، لەبەردەم چینە خاوەن ئابوورییەکەدا ملکەچ و کارکەرن، تێدەکۆشن بۆ ڕازیکردنی چینی سەرووی خۆیان. ئەم چینە گوزەرانیان بەستراوە بە ڕازیکردنی سەرووی خۆیانەوە، ئەشێت لەناو ئەم چینەدا چەندین کەسی بەشکۆ و خاوەن بیرکردنەوە و هوشیاریش هەبێت، بەڵام لاوازی ئابوورییەکەیان و دوریان لە خوداوەندە بچکۆلەکە نایانکاتە چینێکی پایەدار، بۆ ئەوەی پایەداری بەدەست بهێنن هیچ ڕێگەیەکی دیکە دادیان نادات جگە لە بەدەست هێنانی پارە. چینی ئاردۆ، ڕەشە زۆر و بڵاوی خەڵکەکەیە، ئەو ڕەشە خەڵکەی زۆرترین ماندووبوون و کارکردن بوەتە ژیانیان و خاوەنی بەشێکی زۆری جێبەجێکردنی بەرهەم هێنانەکانن، بەڵام چینی **ئامیلۆ**، چونکە سێ هێزە گەورەکە، پارە و ئایین و دەسەڵات، لای ئەو چینەیە هەڵقەیەکی پتەویان پێکەوە بەستوەتەوە و دەستیان بەسەر چینەکانی دیکەدا دەڕوات. بە پێی ئەم خاڵبەندییەی چینەکان کە لە یاساکانی سەردەمی **بابل**دا داڕێژراوە، تا ئەم ساتەی ئێمە قسە لەسەر خوداوەندە بچکۆلەکە و ئایدیاکان و ئایینەکەی دەکەیت، هەمان چینەکان بوونیان هەیە، لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەر ناوەکانیاندا هاتبێت، ئەمما نکۆڵی لەوە ناکرێت کۆتایی بەو چینانە نەهاتوە. لە دیوە کۆمەڵایەتیەکان و بازرگانی و ئاینییەوە، کۆمەڵێك نمونەی دیکەی دەقی دێرین دەخەمە ڕوو تا باشتر هاوکارمان بێت بۆ بینینی سەردەمی خوداوەندە بچکۆلەکە، کە چ فەزایەکی دروست کردوە و ئەو فەزایە بۆچی بەسەر قۆناغە مێژووییەکاندا تێدەپەڕێت و هێشتا ئامادەیی خۆی هەیە.

"کۆیلە نیشانەیەکی داخکردنی پێوە بوو، بەو نیشانەیە دەناسراییەوە و نەیدەتوانی خۆی لێ ڕزگار بکات، تا ئەوکاتەی ئازاد بوایە لە دادگا نیشانەکەی دەسڕایەوە. گەر پزیشك لە نەشتەر گەرییەکەی سەرکەوتوو بایە، ئەوا بەهەقی ئەوە پێنج شاقڵی وەردەگرت، ئەگەر پزیشك لە نەشتەرگەری خانەدانێکی کوشت، ئەوا دەستی دەبڕدرێتەوە، ئەگەر کۆیلەی کوشت نرخی کۆیلەکە دەدات بە خاوەنەکەی، هەر بازرگانێ بەشەودا قاچاخ چیەتی کرد دەکوژرێت، گەر بە ڕۆژدا کردی سزای دارایی دەدرێت. نابوتا داوا لە بیل تی دەکات بۆ ماوەی پێنج ساڵ کوڕەکەی لای بێت فێری خوێندن و نووسینی بکات، گەر فێربوو ئەوا بیست شاقڵ وەردەگرێت، فێریشی نەکرد بیست شاقڵی لێوەر دەگیرێتەوە. تومەت کچەکەی دەفرۆشێت بە ئابوتا، ئەگەر بە دڵی نەبوو پارەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە و گەر بەدڵیش بوو ئەوا پێکەوە دەژین...هتد ".[22] ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە، لە برگە یاساییەکان و لە ڕێککەوتنە ئابوورییەکانی ناو دادگاکان لە تەتە قوڕەکانەوە بۆمان جێماوە هەیمەنەی ئابووری و خوداوەندە بکچۆلەکە چۆن چووەتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەگەری مرۆڤەوە و بۆ هەر کردە و کارێك، بۆ هەر بابەت و پرسێك، نرخی داناوە و لە ڕێگەی نرخەکانەوە سیستەمی شارو بەڕێوە بردنی ژیانی

---

[22] کۆی یاساکان لە کتێبی بەدەم ڕێوە گوڵ چنین، بەرگی یەکەم، نەوشیروان مستەفا، کراون بە کوردی. بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی هەمان سەرچاوەی پێشوو، وەرگێڕانی: دەقی تەتە قوڕەکان، یان سەرجەم یاساکانی شاری ئور و یاساکانی حامورابی، بە تایبەت ئەو بڕگە یاساییانەی پەیوەندیان بە مرۆڤ و ئابوورییەوە هەیە.

خەڵکەکەی ڕێکخستووە. تەنانەت ئاستی بێ بەهای مرۆڤ لەم قۆناغی گەشەی ئابوورییەدا دەگاتە جێگایەك، جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بە خەزێنەکانیان دەپێورێت، پزیشکەکە گەر خانەدانێك لەژێر نەشتەرگەرییەکەیدا بمرێت، دەستی دەبڕنەوە، بەڵام کۆیلەیەك بکوژێت نرخی پارە بە خاوەن کۆیلەکە دەدات. باوکی کچەکە پارە لە زاواکە وەردەگرێت و کچەکەی پێدەدات بەو نرخەی بۆی دیاریکراوە، زاوا بە دڵی بێت کچە لای دەمێنێتەوە بە دڵیشی نەبێت، نرخەکەی خۆی وەردەگرێتەوە و کچە دەگەڕێنێتەوە. لەم دوو نموونەیەدا ئەو بەهایەی بۆ مرۆڤ باس دەکرێت کۆتایی دێت، شار و خوداوەندەکە بە پێی سامان بەها دەست نیشان دەکەن، ئەوەی لەناو سامانەکەدا نەبێت، لەناو بێ بەهاییەکەدایە، پاشان ژن لەو پیرۆزی و گەشە کردنەوە بەشێکی دەبێت بە کاڵا و کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێت. تەنانەت لە چەندین فاحیشەخانەی ناو شارەکاندا ئاماژە بە نرخی زۆر کەمی ژن کراوە بۆ پڕکردنەوەی چێژەکان. ئەگەر سەردەمی کشتوکاڵ و لە دایکبوونی ئایدیاکە بووبێتە زەمینەیەك بۆ کرانەوە و پەیوەندی دروست کرد و دروستبوونی خێزانی بچوك، ئەوا سەردەمی لە دایکبوونی خوداوەندە بچکۆلەکە چینەکان بڕیار لەسەر ئاستی ژیان و ئاستی مرۆڤەکان دەدەن، ئەویش لە ڕێگەی ئابوورییەوە.

لەم پاکێجەدا بۆیە ئەو چەند نموونەیەم کردە کلیلی بابەتەکە، بۆ ئەوەی پیشانی بدەم لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە، تا سەردەمی ئێستای شارەکان سیستەمی ئابووری و خوداوەندە بچۆلەکە، گۆشەیەکی ژیانی مرۆڤ بەدی ناکرێت ئامادەیە ئەوی تێدا نەبێت. ئەو باڵادەستییەی لەم خوداوەندە بچکۆلەیەدا هەیە، هەر ئەو بانگەشەی باڵادەستییەکە لە ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا بۆ خودای ناو ئایینەکان دەکرێت. تەفسیری ئایینە یەکتاپەرستییەکان بۆ خودا ئەوەیە، لە هەموو شوێنێکدا هەیە و ئاگای لە هەموو شوێنێکە. خوداوەندە بچکۆلەکەش لە هەموو شوێنێکی ژیانی مرۆڤدا هەیە و ئاگای لە کۆی کردەکانی مرۆڤە. چینەکانی جیاکردەوە، نرخی بۆ مرۆڤ و ئاکار و کردەکانی دانا، دوو جۆر ژیانی دروستکرد، ژیانێکی خۆش و پڕچێژ، لەگەڵ ژیانێکی پڕ زەحمەت و ماندووانە. شکۆی بە چینێك بەخشی و چینێکی زۆریشی پەراوێز خست و ژیانیانی کرد بە ئازار. مرۆڤی ناچارکرد لە سەردەمی ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا ئایدیای دیکە بۆ ژیانێکی دیکە دروست بکات، چونکە مرۆڤەکان بەرگەی ئەو واقیعەیان نەدەگرد ئەم خوداوەندە بچکۆلەیە دروستی کردووە. ئایینە یەکتاپەرستییەکان بۆیە بەهەشت و دۆزەخیان لە واقیع کردە دەرەوە و خستیانە ناو جیهانێکی دیکەی فەنتازییەوە، تا هیچ نەبێت ئومێدێك ئەگەر وەهمیش بێت بۆ مرۆڤ بمێنێت هەوڵی بۆ بدات لە جیهانەکەی دیکە بەدەستی بهێنێت. هیچ کام لە خوداوەندەکان چ هی سەردەمی میزۆپۆتامیا، چ هی سەردەمی ئایینە یەکتاپەرستییەکان، هێندەی خوداوەندە بچکۆلەکە واقیعی نیین و ژیان وەك خۆی بە تەواوی خەوش و کێشەکانییەوە پیشان نادەن.

## قۆناغی نوێ: لە دایکبوونی ئایینەکە و گشتی کردنەوەی

خوداوەندە بچکۆلەکە لە پێشدا ئایدیاکانی لە دایك دەبن، لە ناوەڕاستدا خۆی لە دایك دەبێت و، پاشان ئایینەکەی لە دایك دەبێت. ئایینەکەی لەم سەردەمەدا ناوی سیستەمی سەرمایەدارییە. سیستەمێکە تا ڕادەیەك بەسەر زەویدا کشاوە و کۆی دەوڵەت و شارەکان چوونەتە ناوییەوە و ناتوانن خۆیانی لێ بهێننە دەرەوە. ئەم سیستەمە نوێیە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی شارە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا، نادادی و نایەکسانی و بێ ڕەحمی زۆرتری لەگەڵ خۆی هێناوە و بە زەحمەت دەتوانیت بەهاکانی مرۆڤ و بەهاکانی کاڵاکانی لە یەك جیا بکەیتەوە. لەم بەشەدا زۆر بە کورتی هەندێك سەرنج لەسەر سیستەمەکە دەخەمە بەرچاو، چونکە ڕۆژانە لە دونیادا چەندین فەیلەسوف و ئابووری ناس، لەبارەیەوە دەدوێن و تا ڕادەیەکی باش کەلێنەکانی و چاڵەکانی و مەترسییەکانی خراونەتە ڕوو.

"سەدەی هەژدە سەدەی بازرگانی بوو، ئەمە ڕای روون و ئاشکرای **پینتۆیە** دەڵێت: لەم ڕۆژگارەماندا وای لێهاتووە، بازرگانیکردن ببێتە شەیدایی، دەمێکە خەڵك هەر باسی بازرگانی و دەریاوانی و هێزی دەریایی دەکات."[23] ڕێگای دیکە دەدۆزرێتەوە، ڕێگای ئاو بۆ گەیشتن بە شوێنە دوورەکان. بازرگانی لەنێوان شارێك بۆ شارێك، دەگۆڕێت بۆ بازرگانی لەنێوان شانشینێك بۆ شانشینێکی دیکە. نەتەوەکان تەنها لەناو شانشینەکانی خۆیاندا بیر لە سەرمایە ناکەنەوە، بەڵکو بە هۆی سەرکەشییەکانەوە ڕێگای نوێ دەدۆزنەوە بۆ بازرگانییەکی گەورەتر. شەیدابوونەکە ئەو بەرەو پیر چوونەیە کە مرۆڤ لەگەڵ ئایینە نوێیەکەدا تەماهی دەکات. جەوهەری ئایینەکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە لەناو سنوورێکی دیاریکراودا نەمێنێتەوە، بۆیە خەڵکەکە زۆربەی باسەکانیان لەو سەدەیەدا لەسەر بازرگانی و ڕێگا ئاوییەکان و هێزە دەریاییەکانە. ئەو شەڕ و داگیرکاریانەی لەسەردەمی لە دایکبوونی ئایینەکەدا لەنێوان گەلەکاندا بەرپا دەبن شەڕی ئابوورین، شەڕە بۆ گەیشتن بە زیادە ئابووری و هەر گەیشتنێکیش بە ئابووری گەورەتر، ڕاستەوخۆ گەیشتن بووە بە دەسەڵاتی گەورەتر. پاشاکان و میللەتەکان لە پێناو ئازادی ئەویتری دەرەوە، یان گەیاندنی پەیامێکی مرۆڤ دۆستانە بۆ ئەویتری دەرەوەی خۆیان تووشی پێکدادان نەکردووە، هەوڵەکەیان بۆ گەیشتن بووە بە سەروەت و سامان و زەوی ئەویتر. لێرەدا دوو نموونە: لە مێژووی دێرین و مێژووی سەردەمی پەیدابوونی ئایینەکە یارمەتیدەرمان دەبن، بۆ ئەوەی لەو شەیدابوونە تێبگەین "**پینتۆ**" لە باسەکەی خۆیدا دەیوروژێنێت.

لە سەردەمی کۆندا هیچ میللەتێك پەلاماری نیمچە دورگەی عەرەبی نەداوە، لەناو مێژووی سۆمەری و میسری فیرعەونییە، تا کۆتاییەکانی ساسانی و هاخامەنیشنی، پەلامارێك و دەقێك نابینی بۆ ئەو ناوچانە، هەمووان بڕوایان وابوە خاکی بێ پیت و

[23] کارڵ مارکس و فریدریك ئەنگلز، ئایدلۆژیای ئەڵمانیا، وەرگێڕانی: عومەر رەسوڵ. دەزگای دواڕۆژ چاپی یەکەم 2017 لا 77

بێکەڵکن، خاکێکن سامانیان لێ بەرهەم نایەت و بیابانە، بۆیە فەرامۆشیانکردوە و بەلایدا نەچوون. بەڵام ئەو خاکانەی بە پیت و خاوەن سامان بوون، هەمیشە لەژێر هەڕەشەی گەورەدا بوون، ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا، ئۆرشـــەلیم، دوو لەو خـاکە بە پیتـانەن، لە چەندین لاوژەی سـۆمەری و ئەکەدی و ئاشـووری و بابلیدا باس لە پەلاماردان دەکات بۆ سـهـریان. لە هەموو هێرشـــێکیشـــدا بیر لەوە کراوەتەوە چ دەســـکەوتێك دەبێت و زەوییەکانیان چۆن کۆنترۆڵ دەکرێت و باجەکانی ســـەریان بەچ میکانیزمێك جێبەجێ بکرێت. واتە: هێرشـــەکـان هێرش بوون بۆ کۆکردنەوە و فراوانکردنی دەســـەڵاتی ئابووری، نەك هێرش بن بۆ چارەسـەرکردنی پرسـەکانی دیکە. بەڵام لە سـەدەکانی نوێدا کاتێك دەزانرێت نیمچە دورگەی عەرەبی ژێر زەوییەکەی بەرهەمی هەیە، ئیدی ئەو خاکە فەرامۆشکراوە دەبێتە جێی سەرنجی داگیرکەران و هەوڵی دەست بەسـەراگرتنی دەدەن. "هێرشـە سـەرکێشییەکانی کۆلۆنیالی لە پلەی یەکەمدا بۆ فراوانبوونی بازاڕەکان و گۆڕینی بۆ بازاڕی جیهانی، وردە وردە بوونە ڕاســـتییەکی واقیعی ڕۆژانە، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ســـەرهەڵدانی قۆناغێکی تازە لە قۆناغەکانی بەرەو پێشـــچوونی مێژوو. ململانێی بـازرگـانی نێوان نەتەوەکـان بەهۆی داگیرکردنی وڵاتە تـازە دۆزراوەکان، وایکرد ســـەرئەنجام بەرەو پێشـــچوونێکی گەورە و یەکێتییەکی مەزن ببەخشن."[24]

کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەکە سەر بە ئایدیای ئایینی ئابوورییە. میللەتە بەهێزەکان لە ڕێگەی ئـابووری بەهێزەوە خۆیـان تۆکمە دەکەن، هێزی گەورە بونیـاد دەنێن، پـاش بەهێز بوونیان بیر لە فراوانکردنی دەسـەڵاتە ئابوورییەکەی خۆیان دەکەنەوە، کۆلۆنیالیزم ئەو چەمکەیە لە ڕێگەیەوە دەتوانن بگەن بە ئامانجەکانیان. ئەو دەوڵەتە تازانەی بە تایبەت ڕۆژهەڵات کە لای ڕۆژئاواییەکان دۆزرانەوە، کەوتە ناو نەخشەی کۆلۆنیالی کردنەوە و سامانەکەیان دابەشکرا بەسەر داگیرکەر و خاوەن زەوییەکاندا. پێشکەوتنەکان زیاتر پەیوەندی بە دوو خاڵەوە هەیە، خاڵێکیان کاڵا و کەرەستە نوێ و ڕێگا نوێیەکان دەهێنێتە کایەوە، خاڵێکی دیکە بازاڕی گەورەتر دروســت دەکات. پیشـەسـازی و بەرهەمهێنانی کەرەســـتە نوێیەکان، پێویســـتیان بە بازاڕی گەورەترە، ئەو بازاڕە گەورەیەش نایەتە ئاراوە گەر شوێنی دیکە و سەرزەمینی دیکەی پێوە نەبەسترێت. لە سەدەی هەژدەوە کە ئایینەکە دەبێتە ئایینێکی گشتی و مرۆڤەکان شەیدایانە لێی کۆ دەبنەوە، زەمینی کۆلۆنیالی و بازاڕی گەورە ئامانجێکی گرنگی ئایینەکەیە.

لەو قۆناغەی ئایینەکە دەست پێدەکات تا ئەم ساتە، چەندین نەتەوە و سەرزەمین لە پێناو بـازاڕە گەورەکەدا تووشـــی وێرانە بوون. مرۆڤەکـان لە پێنـاو ئـارەزووەکـان و بەدەســتهێنانی زیاتر، خۆیان دینەمۆی بەرەودانن بەم ئایینە. بێگومان خودی ئایینەکەش فۆڕمێکی لە بازاڕ و ژیان دروســـت دەکات، لە فاحشـــەیەخانە دەچێت، مرۆڤ تێیدا کەرەستە و بەکارهێنراوە. وزەکەی و ماهییەتەکەی و بوونەکەشـی دەبێتە بەکاربەرێك لە پێنـاو ئـایینەکەدا. گەر لە ســـەردەمی دەوڵەت شـــاری خوداوەنـدە بچکۆلەکەدا فاحیشەخانەکان و شوێنی کۆیلە فرۆشەکان بووبێتە سیمایەکی دیاری پوچکردنی مرۆڤ

---

_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 74[24]

لەبەردەم خوداوەنەکەدا، لە سەردەمی ئایینەکەیدا مرۆڤ خۆی دەکاتە سیمایەکی پوچ و بێکەڵك بۆ ئەوەی لەناو پەرستگەی ئایینەکەدا شوێنی ببێتەوە. سیستەمی سەرمایەداری لە ئەمڕۆدا پەرستگەیەکی گەورەیە، لە چەندین شوێن قیبلەگای هەیە، بوونی مرۆڤی پوچ کردووە و بەستویەتییەوە بە کاڵا و نرخە ڕۆژانەییەکانی خۆیەوە. "بۆرسە"کان، وەك قیبلەگایەك تەواوی پەرستگاکان-بانکەکان- ڕوویان تێکردوە. ژیانی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم ئایینەوە بە شێوەیەکی چڕ گەمارۆ دراوە و هیچ دەرەتانێك شك نابات بۆ خۆ ڕزگارکردن. ئەو تێزانەی دەخرێنە ڕوو لەبارەی گەڕانەوە بۆ قۆناغی کشتوکاڵ و خێزانی کۆمۆنەیی، تەنها تێزن وەك وەهمێکی دینی بۆ دڵخۆشکردنێکی کاتی بەرچاو دەکەون. چۆن ڕاهیبە دینیەکان خەیاڵی دونیای دیکەیان داتاشی تا ئومێدێکی وەهمی بۆ مرۆڤ داتاشن لەم واقیعە دای ببڕن، گەڕانەوەکانیش بۆ قۆناغی پێش ئایینەکە و خوداوەندە بچکۆلەکە و ئایدیاکەی، فۆڕمێکی دیکەی ئەو وەهمەن کە هیچ کات مرۆڤی سەردەمی سەرمایەداری ناتوانێت تەحقیقیان بکات.

پاش کۆلۆنیالی بازرگانی فۆڕمەکەشی گۆڕا و بەرگێکی سیاسیی و سنوورێکی گەورەتری لەبەر کرد. پیشەسازی و گومرگەکان و بەژداریکردنی هێز و کەرەستە نوێیەکان و جەنگەکان، پەیوەندی نێوان گەلەکان، پەیوەندی نێوان کارکەر و خاوەن کار، پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان، پەیوەندی نێوان هێز و پیشەگەری... هتد، چوونە ئاستێکی دیکەوە و سیستەمەکە بە شوێن وزە و پیشەی نوێدا دەگەڕا و مرۆڤەکانیش ناچاربوون بۆ گونجان لەگەڵ ئەم ئایینە نوێیەداهەنگاوی خێرا بهاون بۆ گۆڕینی خۆیان و ژیانەکەیان لەناو سیستەمەکەدا. (چینەکان ناوی دیکەیان وەرگرت، ئاغا، بەگ، دەسەڵات، ناوی جیاجیای دینی، تا پیشەکان و هاتنە ئارای پیشەی نوێ، نامەوێت لەسەر چینەکانی ئەم سەردەمە ڕۆچم، بەڵام وێنەی یەکەمی چینەکان و ڕەگوڕیشەکەیان بە فۆڕمە دێرینەکە لە پاکێجەکانی سەرەوەدا دیاری کراوە.) باسی ئەوە ناکەین چەند کارەسات لەگەڵ ئەم ئایینە نوێیەدا هاتنە ئاراوە، بەڵام لەسەر ئێستای ئەم سەردەمە کەمێك تێبینی دەنووسین، بزانین لەم قۆناغەدا کە ئایینە نوێیەکە باڵادەستە مرۆڤ بەرەو کوێ دەڕوات و ناکۆکییەکانی لە چ ئاستێکدان و لە پێناو چیدا دەژین و چۆن دەژین و گەمارۆدانەکە تا کوێ هاتووە؟ لەناو ئەم نەزمە نوێیەدا لەماڵەوە دەست پێدەکەین، ماڵ وەك یەکەیەکی بنەڕەتی خێزان و لەوێوە بۆ ناو جیهانە نوێیەکەی ئایینەکە.

ماڵەکان وەك رووبەرێکی تایبەتی ژیان، نموونەی شوێنێکە بۆ تێگەیشتن بۆ شوێنەکانی دیکە. ماڵ، وەك دەقێك دەبێتە سەرتایەك تا لە رێگەی ئەو دەقەوە سەیری ئەو نەزمە نوێیەی ژیان بکەین، بووەتە واقیعێکی ژیاری ناو کۆمەڵگەکەمان و سیستەمە نوێیەکە لەگەڵ خۆیدا جۆرە ژیان و کلتووری نوێی هێناوە. پرسیارکردن لە سیستەمی ئایینە نوێیەکە، لەم بابەتەدا، لە پرسیارکردن لە ماڵەوە دەست پێدەکات، کە یەکەیەکی بچوکی کۆمەڵگەیە و خێزان تێیدا نیشتەجێ دەبێت و بنەوانی کۆمەڵگەشە. پرسیارکردن لە ماڵ دەکەینە شوێنێك تا لێیەوە بچینە ناو ئەو گوندە بچوکەی جیهانی ئەمڕۆوە کە بە کاڵا گەمارۆدراوە. کە پرسیار لە ماڵ دەکەین، پرسیار لەو شوێنە دەکەین لە رابردوودا چ

مانایەکی هەبوو، لە ئێستادا چ مانایەکی هەیە؟ ماڵ لە ئێستادا و ماڵ لە ڕابردوودا جیاوازییەکانی لەکوێدا بوون؟ ئایا ماڵ کە شوێنی خێزانە وەك یەکەیەکی بنەڕەتی ناو کۆمەڵگە، چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە و، گۆڕانەکانی بۆ نەوەکانی ئاینده چ جۆرە ژیانێك دەرەخسێنێت؟ لەناو ماڵدا دونیای جیاواز لەنێوان نەوەکاندا هەیە؟ ڕێچکەی ژیانی نەوەی پێشوو لەگەڵ ئەم نەوەیەدا لە کوێدا جیا دەبێتەوە و نەوەی ئاینده سەر بەکام ڕێچکەیە؟ بۆچی ماڵ دەبێتە ئاوێنەی بچوکی گوندە بچوکەکەی جیهانی سەرمایەداری؟ سیستەمی نوێی جیهان تەنها گۆڕانکاری لە شارەکاندا دەکات، یاخود چووەتە ناو گوندەکان و لەوێشەوە چوەتە ناو تاك بە تاکی خێزانەکان و ماڵی کردووە بە دیوی دووهەمی بازاڕی خۆی؟

لەم چیرۆکە بچوکەی گوندنشینێکەوە دەچینە ناو پرسیارەکان. ((کاتێك لە گوندەکەی خۆمان، لە ماڵە سادەکەی دایك و باوکم کۆدەبینەوە. کۆمەڵێك جیاوازی بنەڕەتی دەبینرێن. خوشکەکانم کە دێن بۆ ماڵی باوکم، باسی شێوەی پەردەکان، شێوەی ساردکەرەوەکە، شێوەی گوڵدانەکانی بەردەم پەنجەرەکە، شێوەی تاقمی قەنەفەکان و گۆڕینیان، شێوەی ڕاخستی فەرشەکان و شێوەی شوێنی ناندەکە دەکەن، کە پێویستە سەرلەنوێ تازە بکرێنەوە. هەمیشە فشارێك بۆ دایکم دروست دەکەن، پێیان وایە: بەشێکی زۆری کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکە کۆنبوون و پێویستە بگۆڕێن. دایکیشم بێ باکانە گوێی خۆی لێ دەخەوێنێت و دەڵێت: ئەمەش کە هەیە زۆر زۆرە. باوکم لە هۆدەکەی خۆی سەرقاڵی گوێگرتنە لە هەواڵی میدیاکان. براکانم پەرتەوازەن، هەریەکیان لە شارو وڵاتێکە، هەریەکیان کارێك دەکات و دونیایەکی سەربەخۆی بۆخۆی دروستکردوە و ئەوانەیان دورن لە ماڵەوە تەنها لە ڕێگەی دەنگەوە پەیوەندی بە ماڵەوە دەکەن. خوشکەکانم هەم خەمی ناو ماڵەکە دەخۆن، هەم خەمی جلوبەرگی دایکم و باوکم و هەریەکەمان.))

ئەم چیرۆکەی ماڵ ڕامان دەکێشێت بۆ کۆمەڵێك جیاوازی گەورە. خوشکەکان سەر بە نەوی نوێن، ئەو نەوەیەی لەناو شارە تازە پێگەیشتووەکاندا دەژین و کەوتونەتە ناو نەزمی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. بۆ ئەوان ماڵ تەنها شوێنێك نییە بۆ کۆبوونەوەی خێزانی، شوێنێکیشە بۆ پیشاندانی کاڵاکان. ئەگەر کاڵاکان لەناو ڕیکلامەکان و ناو مارکێتەکانەوە بگوازینەوە، دووەم نمایشی کاڵاکان لەناو ماڵەکاندایە. ماڵی ئێستا و ماڵی ڕابردوو، بە تەواوەتی جیاوازن. ماڵی ئێستا شوێنی نمایشی دووهەمی کاڵاکانە. ئاوێنەیەکە تا لێیەوە بازاڕی ئەمڕۆی تیا ببینیت. ئەو مرۆڤە مەسرەفگەرایەی لەناو سیستەمەکەدایە، پێویستی بەوەیە هەمیشە کاڵا بەشێکی گرنگی ژیانی داگیربکات. تا ئەم ساتەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ماڵ شوێنی گرنگی پێدانی ژنە، ژن دەیەوێت ماڵ بەو شێوەیە ڕێکبخات دڵخوازی خۆیەتی و لەناو ئەم سیستەمە نوێیەشدا، ئیدی ماڵ وەك مەخزەنێکی خڕکردنەوەی کاڵاکان دەبێتە ئەو پێشانگایەی زۆرترین کەلوپەل و کاڵای تیایدا کۆببێتەوە. نەوەی نوێی ژنەکان، وزەی بەهێزی سیستەمی ئایینی سەرمایەدارین، ئەو وزەیەن بەشێوەیەکی توند خۆیان گرێدەدەن بە کاڵاکانەوە و بازاڕی ئەمڕۆ، بازارێکە بەشێکی زۆری لە ڕێگای داخوازییەکانی ژنەوە جوڵەی پێ دەکرێت. کاتێك

خوشکەکانمان بە شوێن کاڵای نوێ بۆ ماڵی خۆیان و بۆ ماڵی باوکیان دەگەڕێن، ئەم گەڕانە دەبێتە هێزێکی گەورەی مەسرەفگەرا، تا بازاڕی پێ گەرم بکرێت. بۆ دایکەکانی نەوەی پێشوو کاڵاکان گرنگ نین، دایک سەر بە نەوەیەکە نەهاتووەتە ناو ئەم سیستەمە نوێیەی ژیانەوە، سەر بەنەوەیەکە ئەوەی بۆی گرنگە، ماڵ ببێتە شوێنی کۆکردنەوەی خێزانی و بەخشینی خۆشەویستی، شوێنێک کە خێزانەکەی بتوانن خۆشبەخترین کاتی تێدا بەسەر بەرن. دایکەکانمان سەر بە نەوەی دژە کاڵان، نەوەیەک پەیوەندییەکی ناوەکییان لەگەڵ ماڵ و کەسەکانی ناوماڵدا هەیە. (تا ڕادەیەک نەوەی تراژیدیاکان، بۆیە لە گۆشەیەکی ترەوە ژیان دەبینن.) ڕاخستنی سفرەیەک و کۆکردنەوەی خێزانەکە لەسەری و دڵخۆشی خێزانەکەی و پرسیارکردن لە باشی ژیانی نەوەکانی، لای نەوەی پێشوو ئەو مانایە بە ماڵ دەدات هێشتا لەم دونیایەدا شوێنێکی ئارام هەیە. خۆشبەختییەکانی دایکمان جیاوازن لە خۆشبەختییەکانی خوشکەکانمان، ئەوەی بۆ دایکمان خۆشبەختییە بوونی ئێمەیە لە ماڵەکەیدا، نەک بوونی جوانترین پەردە و جوانترین تاقمی قەنەفە. هێشتا زۆرێک لە دایکەکانمان لەناو سندوقە کۆنەکاندا جلەکانیان هەڵدەگرن و هیچ ئامێرێکی نوێش بەکار ناهێنن بۆ دەقکردنی جلەکانیان، جل بۆ ئەوان و ڕەنگی جل بۆ ئەوان، پەیوەندی بە تەمەن و ویقارەوە هەیە، نەک پەیوەندی بە خۆگونجانەوە هەبێت لەگەڵ چاوی ئەویتری دەرەوە. زۆربەی دایکەکان سەرپۆشی سپی و ڕەش و نیلی، لەگەڵ کراسی ڕەش و نیلی و ئاڵەمیانە[25] بەکار دەهێنن. چونکە پێیانوایە ئەم شێوە لە خۆپۆشینە جۆرێک لە ویقار و گونجانە لەگەڵ تەمەندا، کە خۆی دڵی پێیخۆشە بەم جۆرە ویقارەوە دەرکەوێت، بەڵام نەوەکانیان بەرلەوەی خۆگۆڕینەکەیان بۆ دڵخۆشی خۆیانبێت، خۆ گۆڕینەکەیان بۆ ڕاکێشانی چاوی ئەویتری دەرەوەی خۆیانە. هەریەک لە نەوەی نوێ، چ کوڕ چ کچ، نەزمە نوێیەکە بەرەو ئەو ئاراستەیەی بردوون ئەویتر ئاوێنەیە تا خۆیانی لێوە ببینین. جوانی خود لەبەرچاوی ئەویتر، دڵخۆشکردنی خودە بۆ نەوەی نوێ. بە هەمان شێوەش کاڵاکانی ناو ماڵ، بۆ ئەویتری بینەرە، نەک بۆ ئەندامانی خێزان. ڕازاندنەوەی ماڵەکان بە کاڵای گرانبەها و بەردەوام مەسرەفکردن بۆ کڕینی کاڵای نوێ، خۆگونجانە لەگەڵ نەزمە نوێیەکدا تا ئەویتر ددان بە جوانی ماڵەکەدا بنێت و، ددان پێنانەکەی دەبێتە دڵخۆشی خاوەن ماڵ. ئەم نەزمە پێچەوانەی بینینی دایکەکانی نەوەی پێشووە. دایکەکانی نەوەی پێشوو، ماڵیان بۆ تێرکردنی چاوی ئەویتر ناوێت تا لە ڕێگەی کەلوپەلەکانییەوە مانا بە ماڵ بدەن، ماڵیان دەوێت وەک شوێنێک تێیدا کۆمەڵێک بەهای لێکۆبکەنەوە. عادەتەکان و ترادسیۆنەکانی ناو خێزان، بەشێکی بنەرەتین لەو بەهایانەی نەوەی پێشوو تا ئەم چرکەساتەش دەستیان پێوە دەگرێت.

لە ڕابردوودی نزیکدا بۆ دونیای کوردی کە سەر بە تراژیدیا و بێ ماڵییە، ماڵ ماهییەتێکی جیاوازی هەیە، ماهییەتێک نەبەستراوەتەوە بە شتەکانی ناوییەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بەو پەیوەندییە سۆزداری و ڕێزگرتنەوە لەنێوان ئەندامانی خێزانی

[25] ئاڵەمیانە. ڕەنگێکە، یان ستایلێکە بۆ شێوازێک لە جل و بەرگ. شێوازێکە ڕەنگی تۆخ بەکاردەهێنرێت و دەبێت ڕەنگەکانیش لە ڕەش و شینی تۆخەوە نزیکبن. بۆئەوەی کەسێک کە لە تەمەنێکی مامناوەندا دەژیت لەبەریان بکات و بۆ ئاستی تەمەنی بشێت. وشەکە هەورامییە.

ماڵەوەدا هەیە و بوونەتە عادەتی خێزانی. دڵخۆشییەکانی دایکمان لە ماڵدا ئەوکاتە سەر هەڵدەدەن، یەکێك لە منداڵەکانی دڵخۆشبن. چەتری یەکەمی ماڵ بۆ ئەوان، بریتییە لەو خۆشەویستییەی لە دایك و باوکەوە بەسەر منداڵەکانیاندا پەخش دەبێت، پاشان لەنێوان نەوەکانیاندا ئەو خۆشەویستییە ببینینەوە. پێچەوانەی جیهانی خوشکەکانی سەر بەم دونیا نوێیە، ماڵ تەنها پەیوەندییەکی ناوەکی نییە لە نێوان ئەندامەکانی ژێر بنمیچەکەی، بەڵکو شوێنێکیشە پێویستی بەڕازاندنەوەیە، پێویستە کەلوپەلەکانی جوانبن و جوانبوونی ناو ماڵەکە، جۆرێك لە شكۆ بە ماڵ دەبەخشێت و ئەویتری میوان دێتە ناوی، بە کەلوپەلەکاندا سەرسامی خۆی بۆ ماڵ دروست دەکات. بەڵام بۆ دایکمان ئەو جوانییە لەناو پیەوەندییە ناوەکییەکانی ناو ئەندامانی خێزانەیدا دەبینێت، هۆکەشی جیاوازی دوو نەوەیە، نەوەیەکی ناو دونیای مەسرەفگەرایی، نەوەیەکی ناو دونیای ترادسیۆنەکان و کارەساتەکان. بە مانایەکی تر، دایك کە سەربەنەوەی پێشووە، هەرگیز ناتوانێت پەیوەندی خۆی بە ماڵەوە ببەستێتەوە بە کەلوپەلەکانەوە. کەلوپەل بۆ ئەو بریتییە لە کۆمەڵێك کەرەستەی پێویست بتوانێت ژیانێکی ئاساییان پێ بەڕێوە ببات. هەموو کەلوپەلێکی زیادە، لە خەیاڵدانیدا دەبێت بە جۆرێك لە فەوزای ناو ماڵ. کاتێك دایکمان دەڵێت: "ئەم ماڵە پڕبووە لە خاشاك و شێخەڵ." ئەم دەربڕینە ئەو ئەو شێواوییە دەردەخات ناتوانێت ماڵ بەو هەموو کەلوپەلەوە قبوڵ بکات، ئەو سەربەنەوەیەکە ماڵ بریتی نەبووە لە شوێنی کاڵاکان و قەرەباڵغکردنی ماڵ بە کاڵاکان، بەڵکو سەر بە جیهانێکە ماڵ بریتیبووە لە کۆمەڵێك مانای دیکە، کە هیچیان پەیوەندیان بە کاڵاوە نییە.

"پێویستە خێرا خۆتان نوێبکەنەوە و خۆتان بەرهەمبهێننەوە. چونکە بە خێرابوونی گۆڕانکارییەکان، نەوەك هەر ئابووری، بگرە بنەرەتی مانای مرۆڤبوونیش، بە ئەگەری زۆر گۆڕانی بەسەردا دێت."[26] سیستەمە نوێیەکە نایەوێت ئارام بگرین و بۆ ساتێك بوەستین، دەخوازێت بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدا بین، خۆنوێکردنەوەیەکی ڕواڵەتی، نەك خۆنوێکردنەوەیەکی ناوەکی یان عەقڵانی. ئەم خۆنوێکردنەوەیە هەمان ئەو خۆنوێکردنەوەیە خوشکەکانمان بۆ ماڵەکەی خۆیان و باوکیان دەیخوازن. لەناو سیستەمی نوێی جیهاندا ماڵ وەك ڕووبەرێکی تایبەت کە میوانی ئاشنا و نائاشنای دێت، بۆ ئەوەی میوانەکان هەست بە خانەدانییەکەی بکەن، پێویستی بە خۆنوێکردنەوەیە، ئەو خۆنوێکردنەوەیەش لە کەلوپەلەکانیدایە، نەك لەو دونیابینییەی خاوەن ماڵ بۆ ئەویتری ئاشنا و میوان هەیەتی. ئەوەی پێویستە نوێبکرێتەوە بەرلەوەی پەیوەندی بە بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە هەبێت، پەیوەندی بە ڕواڵەتیانەوەیە. ئیشکالەکە لەوەدایە، لەگەڵ خۆنوێکردنەوەی ڕواڵەتدا، مرۆڤبوونەکەش مانایەکی دیکە هەڵدەگرێت. مانایەك هەست بە گۆڕانێك دەکات و گۆڕانەکەش پەیوەندیی بە شێوە بینینەوە نییە بۆ ژیانەکە، هێندەی پەیوەندی بە گۆڕینی شتەکانەوە هەیە و ئەم گۆڕینی شتانە، دەبێتە ئیحای وەهمێك بۆ گۆڕینی مرۆڤەکەش. بەشێك لە مرۆڤەکانی ناو ئەم نەزمەی ژیانی ئایینە نوێیەکە، بە گۆڕینی شتەکانیانەوە مرۆڤ بوونیشان دەگۆڕێت، لەناو وەهمی گۆڕیندا دەژین! ئەشێت کارەکتەرێك هەبێت، بە جلوبەرگ، لە شێوازی ئۆتۆمبێلەکەی، یان

[26] وڤال نوح. دەربارەی ژیانی مرۆڤەکان لە ساڵی (2050) قسە دەکات. و: وریا ئەحمەد. ل 399

گۆڕینی شـێوازی ناوماڵ و ماڵەکەی، بە تەواوەتی مرۆڤبوونی بگۆڕێت و لە دۆخێکی وەهمیدا، وا وێنـای خۆی بکـات مرۆڤێکی مۆدێرنە و لەنـاو ژیـانێکی مۆدێرنـدایە. لە واقیعـدا زۆرجـار لە شـوێنەکـانی نـاو ئەم کۆمەڵگەیەدا، بەر ئەو جۆرە لە مرۆڤ دەکەوین، بەهۆی کـاڵاکـانەوە لە وەهمی چوونە نـاو مۆدێرنەدا دەژیـت. وەهمێـك هیچ پەیوەنـدی بە بیرکردنەوە و دونیـابینییەوە نییە بۆ ســەردەمەکە و بۆ ڕابردوو، بەڵکو پەیوەنـدی بەو کـاڵایـانەوە هەیە وەك بەکـاربەرێـك بەکـاریـان دەهێنێـت و بەهۆی بەکارهێنانیانەوە، لەناو وەهمی ژیانی نوێیدایە و وێنەیەك لە خەیاڵدانی خۆی دروســت دەکـات، کە هیچ پەیوەنـدی بە مرۆڤی نوێیەوە نییە و کـاڵاکـان ئەو وەهمی مرۆڤی نوێییەیان بۆ دروســتکردووە. ئەکرێت هەمان کارەکتەر کاڵاکانی لێوەربگرێتەوە ئیدی پێی وابێت دامـاڵـدراوە لە مۆدێرنبوون و بووەتەوە بە کارەکتەرێکی نـاو دونیای کۆن. (هەڵبەتە تێگەیشـــتنی بەشـــێك لە بەکاربەرانی کاڵا بۆ دونیای کۆن، هێندە کۆمیدییە، بەقەت ئەو وەهمەی تێیکەوتوون بۆ مرۆڤی نوێ شـــایەنی قســـەکردنی تەنزئـامێزە لەسەری.)

خوشـــکەکانمان هەرگیز پرسـیار لە شـێوەی بیرکردنەوەی دایکمان ناکەن بۆ ئێســتای هەریەکەمـان، بەڵام پرســیـار لەســـەر جلوبەرگەکەی، ڕێکوپێکردنی مـاڵەکەی، ئـاگـاداربوونی تەنـدروســـتی دەکەن و کۆنی کەلوپەلەکـان دەکەن. هەریەك لەم هوشـیاریانە، ئەو هوشـیارییە نوێیانەن لەناو سـیسـتەمە نوێیەکەدا لە ڕێگەی میدیا و شاشەکانەوە ئاراستەی بینەرەکان دەکرێت. بینەرەکان چ خوشکەکانی ئێمە بن، یان هەر کەسێکی دیکەی ناو ئەندامانی خێزانەکان، لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیای سیستەمە نوێیەکەوە ســـەرقاڵن بە جیهانێکەوە جیهانەکە وەرگیراوە، جیهانێکە میدیا وەك زمان و وێنەی ئەوان، بەردەوام کاڵای نوێ و هوشیاری دیاریکراو و شێوازی خواردنی نوێ دەخاتە بەردەمیان و، بینەری بەردەم شاشەکەش لەناو واقیعی ژیانیدا هەوڵی دووبارەکردنەوەی ئەو دونیایە دەدات لە شـــاشـــەکانەوە وەریدەگرێت. ئەم هوشـــیارییە پچڕپچڕەی ناو شاشەکان، تەنها پەیوەست نییە بە خوشکەکانمانەوە، بەڵکو براکانمان کە سەر بەنەوەی نوێن، فەزایەکیـان بۆ دروســـتکردوون لەنـاو فەزاکەدا خەریکی خۆ-ونکردنێکی ڕاســـتەقینەن. فەزایەك کە بۆ ئەوان چونکە توانـای زیـاتر چوونە دەرەوەیـان هەیە، کردوونی بە مرۆڤی مۆدێلی. مۆڤێك دەبێت لەگەڵ مۆدێلەکـاندا ژیـانی خۆیـان ڕێـك بخەن. لە شاشەکانەوە هەر مۆدێلێك بەدی بکەن، بە پێچەوانەی خوشکەکانەوە مۆدێلەکە نـاهێننە نـاو مـاڵەکە، بەڵکو خۆیـان دەچن لە دەرەوە ئەو مۆدێلە تەحقیق دەکەن، بەبێ ئەوەی بۆ سـاتێك پرسـیار لە بوونی خۆیان و مۆدێلەکە و سـەردەمەکە بکەن. یەکێك لە کێشـــە گەورەکانی نەزمی ئەم ســیســـتەمە نوێیەی ژیان ئەوەیە، ئەوانەی بە تەواوەتی دەکەونە ناوی، کەوتنێکی چێژاویی دەبین و هیچ کات پرسـیاری جەوهەر نە لە خۆیان و نە لە مۆدێلەکە ناکەن. نایانەوێت پرسیارکردن لە ژیانەکە ببێتە بەشێك لە ئاگاییان و بە ئاگاییەوە بچنە ناو جیهانەکەوە، بەڵکو مۆدێلەکان و کاڵاکان دەیکانکات بە مرۆڤی ناو دونیاکە و ئاگایی و پرســـیار و گومانەکانین لە بەکاڵابوونی ژیان، فەرامۆش دەکەن! لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، ئێمە دژی هەموو کاڵایەك بین، بەڵام ئەو مەسرەفگەراییەی جیهانی نوێ بۆ نەوە نوێیەکەی دروستکردووە، پێویستیشی بە ئاگایی و هوشیارییەکی

نوێ هەیە، پێویستی بە پرسیارکردن هەیە لەسەر ئەو ستایلەی ژیان، پێویستی بە گومانکردن و سەرلەنوێ هەڵوەستەکردن هەیە، تا کەسی گەمارۆدراو بە کاڵا، بۆ ساتێك بیر لە ئێستایی و بیر لە ژیانی بکاتەوە و کاڵا نەبێتە ژیانی و بوونی ون بکات. یاخود کاڵا و ئایدۆلۆژیای شاشەکان وای لێ نەکەن، ماهییەتی لە دەستبدات بۆ ڕەواڵەتگەری. (گەرچی هەژموونی ئایینە نوێکە لەوە بەهێزترە وەستانێك لای مرۆڤی گەمارۆدراو بە کاڵا دروست بکات).

جیاوازییەکان زۆرن لەنێوان نەوەی پێشوو نەوەی نوێدا. بێگومان کۆمەڵگەی ئێمە پاش سالانی نەوەدەکان بە تەواوەتی خۆی دەخاتە ناو سیستەمە نوێیەکەی جیهانەوە و ئیمان بەو ئایینە نوێیە دەهێنێت، بۆیە نەوەی پاش ئەو سەردەمە، نەوەی ناو سیستەمەکەن چ لە ڕووی پەروەردەیی و چ لە ڕووی هوشیاریی سەردەمیانەوە. بەڵام نەوەی پێش ئەو ساتانە، کۆمەڵێك پرەنسیپ و ترادیسیۆنی خۆیان هەیە تێکەڵی ناکەن لەگەڵ سەردەمەکە و نایانەوێت ڕیتمی ژیانی خۆیان بەو جۆرە خێراییە بگۆڕن، بۆیە جیاوازییەکانیان لە کردە و تێگەیشتندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەو جیاوازییە جەوهەرییەی لەنێوان نەوەی پێشوو نەوەی نوێدا هەیە، لە گفتوگۆیەکی خێزانییەوە دەرکی دەکرێت. ڕەنگە ئەو فیگەرە ئایینیەی زیاد لە هەزار ساڵ پێش ئێستا گوتی: "نەوەکانتان بەو جۆرە ئامۆژگاری مەکەن لە خۆتان بچن، چونکە ئەوان سەر بە سەردەمێکی ترن."[27] لە ئێستادا بژیابایە ڕستەیەکی لەو جۆرەی نەدەوت. چونکە خاوەنی ئەم ڕستەیە سەر بە سەردەمێکی زۆر جیاوازە، سەردەمێك تا ڕادەیەکی زۆر ئایندەی بەردەمی نەوەکان ڕوون بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەخوازێت لێبگەڕێن هەر نەوەیە و سەر بە سەردەمی خۆی بێت. لە سەردەمی ئەودا، شار بریتی نەبوو لە دونیایەکی گەورەی ئاڵۆزی بەکاڵا داپۆشراو، بازاڕ ئەو ماشێنە گەورەی ڕیکلام نەبوو بۆ بە کاڵاکردنی ژیانی تاکەکان و، ونکردنی حەقیقەتەکان. شار بریتی بوو لە کۆمەڵائێك ڕایەڵە پێکەوە بەستراوبوونەوە و لەناو ئەو کۆمەڵگە شارنشینەدا بازاڕێك هەبوو بۆ یەکتر بینین و ناسین و، بۆ کڕینی ئەو پێداویستیانەی مرۆڤەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە بە پێویستی ژیانیان دەزانی. شەوەکانیش دوای کزبوونی چرایەك، شار لە مانای شاربوونەوە دەبوویە گوندێکی بێدەنگ و خامۆش و ئارام. (ئەمە تەنها دیوێکی ستاتیشکی شاری دێرینە، دیوە ترسناکەکەی دیکەی سەردەمی خوداوەندە بچکۆلەکە پێشووتر پیشان درا.) ئەمما لە ئێستادا شار شوێنی کاڵاکان و چرا ڕۆشنەکانە، زۆرێك لە شارەکان خەوتن نازان و هەمیشە بە دەروشاوەیی دەمێننەوە. ڕووبەرە گشتییەکان لە فراوانبووندان و بەردەوام سیستەمەکە سەرقاڵی بیرکردنەوەیە بۆ دروستکردنی ڕووبەری نوێ، تاکو تاکەکانی ناو شار بەرەو چێژ و مەسرەفکردن ڕابکێشێت. هەمیشە سوبێکتی شاری بەهۆی گەشەی خێرا و بینینی ڕووبەری نوێ و فەزای نوێدا لەبەردەم ترسی ونبووندایە. وەك یوڤاڵ نوح دەڵێت: "بۆ ئەوەی دەرك بە ونبوون نەکات، بەردەوام پێویستی بە خۆنوێکردنەوەیە." خۆنوێکردنەوەیەك بتوانێت بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕووبەرە نوێیانەدا سیستەمەکە دروستیان دەکات. ئەگەر ڤیگەرە ئایینییەکە لەم سەردەمی خێراییەدا

---

[27] ڕستەیەکی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە، لە کتێبی نەهج بەلاغە، وەرگێرانی مامۆستا عەبدولەتیفی بامۆکی، چاپی دەزگای تەفسیر.

بژیبایە، ڕستەکەی بەو جۆرە دەرنەدەبڕی و شێوەکەی بە تەواوەتی دەگۆڕی، دەیزانی باوان ناتوانن نەوەکانیان ئامۆژگاری بکەن لە خۆیان بچن، هیچ نەوەیەك ناچێتەوە سەرباوانی خۆی بەو مانایەی کە بیەوێت وەك باوانی بژی، چونکە گەر بیەوێت بچێتەوە سەر باوانی خۆی لەناو فەزاکەدا هەست بە جیمان دەکات و ڕەنگە لە ئایندەدا هیچ کارێکی دەست نەکەوێت. خێراییەکە بە جۆرێك ڕوودەدات پێویستی بە خۆ گۆڕینی خێراییە، هەرچۆن پەردەی پەنجەرەکەی ماڵەکانمان کەمێك چرچ بێت، خوشکەکانمان بە نیگەرانییەوە باس لە گۆڕینی دەکەن و داوا دەکەن پەردەیەکی نوێی بۆ بهێنن لەگەڵ دیوار و فەرش و تاقمی قەنەفەکان بگونجێت، مرۆڤ و نەوەی ئەم سەردەمەش کەوتونەتە ناو هەمان نەزمی سیستەمی ژیانەکەوە و دەیانەوێت لەگەڵ ڕەنگە نوێیەکاندا لە ڕێگای کاڵاکانەوە ژیانی خۆیان بگونجێنن.

(لێرەدا گەر خودخواهی، خۆپەسەندی نەبێت، سەرنجێك لەسەر کارەکتەری سەرەکی یەکەم ڕۆمانی خۆم دەدەم، بۆئەوەی کەمێك زیاتر لەسەر جیاوازی نەوەکان ڕوون بکەمەوە، کە ناتوانی ئامۆژگارییان بکەیت لە باوانیان بچن و هەمان ژیان و پیشەی باوانیان وەربگرنەوە. ڕۆمانی **دیوانەیەك لەم شارەیە**[28] کوری پینە چییەکە، کە هەمان گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە، باوکی دەیەوێت لە ڕووی پیشەییەوە بگەڕێتەوە سەر پینەچییتی، چونکە خۆی بە ڕەچەڵەك پینەچیەتی پیشەیان بووە و حەزدەکات کوڕەکەشی هەمان پیشە هەڵبژێرێت. مامۆستای حوجرەکەشی، کە سەر بە هەمان دونیای باوکیەتی ئارەزوویەتی فەقێکەی بەردەستی ببێتە مەلایەکی گوتاربێژ و هەمان ڕێچکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەو. بەڵام کارەکتەرە سەرەکییەکە کاتێك بەر میری دەسەڵاتدار دەکەوێت، بە تەواوەتی دونیابینی دەگۆڕێت. نە دەیەوێت ببێتە مەلایەك و نە ئارەزووشییەتی ببێتە پینە چییەك و پیشەکەی باوکی بگرێتە دەست. بەرکەوتنەکەی لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتدا، بەرکەوتنێکە دونیاکەی و ئایندەی دەگۆڕێت. تا ئەو ئاستەی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا شار بەجێدەهێڵێت، لە ڕاڕایدا دەژیت و دەیەوێت بەشوێن شوناسێکی نوێدا بگەڕێت. شوناسێك هیچکام لەو شوناسانە نییە لە شارەکەدا لێی دەخوازرێت. نە سەر بە دونیا کۆنەکەیە، نە سەر بە دونیای ئەوکاتی شارە. ئایدۆلۆژیای سیستەم گۆڕان بەسەریدا دەهێنێت، لە زۆر وێستگەدا هەست بە ونبوونی خۆی دەکات و دەیەوێت لەو گەمارۆدانەدا خۆی قوتار بکات و لە جێگایەکی دیکە خۆی بدۆزێتەوە).

کارەکتەری سەرەکی هەمان ئەو کارەکتەرەیە لە ئێستای شاردا بەر سیستەم دەکەوێت. نە دەتوانێت لە ڕووی پیشەییەوە ڕێگایەکی دروست بدۆزێتەوە، تاکو ئایندەی خۆی پێ هەڵچنێت، نە پێشیدەکرێت بگەڕێتەوە سەر ئەو پیشەیەی لە باو باپیرییەوە بۆی ماوەتەوە. لە سەردەمە کۆنەکاندا، پیشە بەشێك بوو لە میراس، میراسێك نەوە دوای نەوە دەمایەوە، لەگەڵ هاتنی ئایینە نوێیەکە و گۆڕینی فۆرمی ژیان و شارەکاندا، ئەم میراسەش گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئیدی پیشەوەرەکانی ناو شار تەنها ئەوانە نەبوون لە باوباپیرانەوە پیشەکەیان بۆ دەمایەوە، بەڵکو مۆدێلی نوێ لە پیشە و کار هاتنە پێشەوە و خوێندنگەش بوویە ئەو شوێنەی تا لەوێوە نەوەی نوێ، بۆ جۆرێکی دیکە لە ژیان

---

[28] نەبەز گۆران، ڕۆمانی دیوانەیەك لەم شارەیە. ناوەندی ئەندێشە چاپی سێهەم

بگەڕێن. کارەکتەرەکە گەرچی لەناو شارێکدایە بە مانا کۆنەکەی شار شارە. بەڵام لەو چرکەساتەوە بەر دەنگی سیستەم دەکەوێت لە ڕێگەی فیگەرێکی دەرکراوی ناو سیستەمەوە، تووشی ڕاڕاییەك و گومانێك دەبێت لەسەر ئایندەی خۆی. باوك لەسەر ڕیتمە کۆنەکە دەڕوات، ڕیتمێك لە باوانییەوە پیشەیەکی بۆ جێماوە و خەون بەوە دەبینێت هیچ کەسێکی دیکە نەیەت پیشەکەی لێ بگرێت و بیگوازێتەوە بۆ نەوەکەی. نەوەکەشی کەوتوەتە ناو دونیایەکی نوێووە، دونیایەك سیستەمی دەسەڵات فەزایەکی دروست کردووە لەو فەزایەدا، ئایندە نادیاردەبێت. گەرچی نەوەکە لەناو حوجرەیەکدایە و شار بریتییە لە شاڕێگەیەك و چوارڕیانێك و سنووری شار، تا دەروازەی شارە. ئەمما راڕایی و ترس لە نادیاری ئایندە، خولیای گەڕان بۆ جۆرێکی دیکە لەکار و پیشە سوبێکتی دەگۆڕێت. ئەم کاریگەرییە لە گوتاری ئایدۆلۆژی دەسەڵاتەوە، گەر لەناو ڕۆمانەکەدا دونیای کارەکتەرێکی قوڵپ کردبێتەوە و کردبێتی بە کارەکتەرێك نەزانێت سبەی چی ڕوودەدات، بە هەمان شێوە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەردەوام شاشەکان کە زمانی جیهانە نوێیەکەی کاڵان، کارەکتەری ئەم سەردەمەیان بەرەو ئەو شوێنە بردووە، هەمیشە ڕاڕابێت و نەتوانێت سبەینێی خۆی لێ دیاربێت و، نەخشە تایبەتییەکانی تێکەڵ بە نەخشەی گشتی بووە.

شار بە ماناکەی ئێستا، سنوورێکی نییە. دونیای تەکنەلۆژیا سنووری بۆ شارەکان نەهێشتووە. ئەشێت بە دیوی جوگرافییەوە نزیك لە دەروازەی شارەکان بنووسرێت: "شارەوانی فلان شار بەخێر هاتنتان دەکات." ئەم بەخێرهاتنە فێڵێکە بۆ گەڕانەوەی شار بۆ سنوورێکی دیاریکراو. لەناو دونیای شاشەکان و دونیای مەجازیدا نەك شارەکان و گوندەکان، بەڵکو جیهان بووەتە گوندێکی بچوك و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی زەوی، تەواو ئاسانکراوە و هیچ سنوورێك نەماوە. مرۆڤی ئەم سەردەمە لەناو جیهانێکی تەکنۆلۆژیدا دەژیت. جیهانێك لە یەك چرکەدا هەزاران زانیاری و هەزاران کاڵا و هەزاران دیمەنی جیاواز جیاواز دەخاتە بەردەستی. مرۆڤێکی ڕاڕا، کە نازانێك بە چ ڕێگایەکدا بڕوات تا بتوانێت لە ئایندەدا پیشەیەك و کارێکی شەرفمەندانە بدۆزێتەوە. وەك **یوڤان نوح هەراری** دەڵێت: "کێ دەتوانێت دڵنیایی بدات، دوای پەنجاساڵی تر چ پیشەیەك گرنگە، تا ئەمڕۆ نەوەی نوێ کاربکەن بۆ بەدەست هێنانی ئەو پیشەیە."[29] بێگومان هیچ دڵنیاییەك نییە. ڕاڕایی کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە، هەر ئەو ڕاڕاییە لە ئێستای ئێمەدا لەناو ئەم نەزمە نوێیەی سیستەمی ژیاندا بەدی دەکەین. هیچ کام لە ئێمە دڵنیانین بزانین چەند ساڵی ئایندە چ کار و پیشەیەك گرنە و ژیانێکی شکۆمەندانەی تیاییە و سەردەمەکە بەردەوام گۆڕای خێرای تێدا ڕوودەدات. پێشکەوتنەکان بە جۆرێك خێران، هیچ ئایندەیەکی ڕوون نابینرێت. (بەڵام دونیای ناو ڕۆمان، هەمان ئەو دونیا واقیعییە نییە تێیدا دەژین، دونیاییەکە کارەکتەر دەکرێت بە هەڵهاتنێك لە شارەکە و دوورکەوتنەوە لەو فەزا شێوازەی سیستەمی ژیان، بە شوێن مانایەکی دیکەی ژیاندا بگەڕێت. ئەمما کارەکتەری واقیعی

---

29 بۆ زیاتر ئاشنابوون (یۆڤاڵ نوح هەراری) بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی کتێبی (چەپ و مۆدێرنە) کتێبی چوارەم نێگەتیڤ. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.چاپی (2019) وەرگێڕانی بۆ کوردی: وریا محەمەد

ناو ئێستای نەزمی ژیانی سـەردەمی ئایینە نوێیەکە بۆ کوێ ڕابکات؟ لە هەرشـوێنێکی ئەم ئەستێرەیە بژین، ڕووبەڕووی هەمان سیستەم دەبینەوە.)

گوندە بچوکەکەی جیهان، ئاوێنەی خۆی لە ماڵدا دەبینێت. دەبێت ماڵ وەك جیهانی دەرەوە بە کاڵاکان پڕبکرێتەوە. دەبێت ماڵ بکرێتە شوێنێك بۆ پیشاندانی دیوێکی خۆشی ژیان، ئەو دیوەی خۆشییەکان بە کاڵاکانەوە دێنە ناو ماڵ. کاتێك خوشکەکانمان بەشێکی زۆری بیرکردنەوەیان بۆ کەلوپەلەکانە، ئیدی کەلوپەل دەبێتە ئەو بەشـــەی ژیان لەگەڵ خۆیدا مۆدیلی ژیان دەگۆڕێت و لەگەڵ خۆشیدا مۆدێلێك لە خۆشی دروست دەکات، کە هەریەك لەو خۆشـیانە پەیوەندیان بە ماڵی کۆنەوە نییە و پەیوەندییان بەو ماڵە نوێیانەوە هەیە، کاڵاکان خۆشـییەکان دروسـت دەکەن. دایکەکانمان کاتێك ئاسـودەن کە دەچین بۆ دەشـــت یان باخ، بەڵام بۆ نموونە: باخ بۆ نەوەکانیان بریتییە لەو شـوێنەی چەند مانگ جارێك بۆ گەشـتوگوزار ڕووی تێ بکەن. باخ ئیدی بۆ نەوەکانیان شـوێنێك نییە ژیانی لێ بەرهەم بێت و بکرێتە ســـەرچاوەیەك بۆ ژیان. هیچ کام لە کوڕ و کچەکانیان باخ وەك سەرچاوەی ژیان نابینن و وەك شوێنێکی گەشتیاری دەبینن بۆ چەند ساتێك تێیدابن، بەڵام بۆ دایك و باوکەکانمان، کە باخەوانن، باخ تەنها بریتیی نییە لە شـــوێنێکی خۆش بۆ کات بەسـەربردن، باخ سـەرچاوەی ژیان و داکوتینی ڕەگوڕیشـەیە لە شوێن و، باخ ئەو موڵکەیە ئێمە دەبەســـتێتەوە بە شـــوێنەکە و بە جۆرێك لە ژیـانی ئـارام، تەنها درەختەکانی باخ ئەو ئارامییە بە ئێمە دەدەن. خۆشـویسـتنی نەوەی پێشـو بۆ باخ، یان ڕەز، یان کێڵگەی کشـتوکاڵی، خۆشـەویسـتییەکە بۆ ژیانێکی سـرووشـتی کە پێکەوە لەگەڵ خاك دەیان بەسـتێتەوە. (بۆ جوتیار و پیشـە کۆنەکانی دیکەش، هەمان خوێندنەوە دروستە.)

قسە لەسەر ئەوە نییە، دایك و باوکمان وەك دوو باخەوانی گوندی، یان دوو جوتیار لەم سـەردەمەی ئێمەدا دەژین، قسـە لەسـەر ئەوەیە بوونی ئەوان لەم سـەردەمەدا بوونێکی جیاواز و دونیایەکی جیاوازە. هێشـتا بەرگری لەو شـێوە ژیانە دەکەن پەیوەندییەکان لە ڕێگەی هەسـت و ڕۆح و بەرکەوتنەوە دروسـت دەبن، نەك لە ڕێگەی کەلوپەلەکانەوە. ئەوان نەبەستراوەن بەم دونیا نوێیەی تەکنۆلۆژیاوە، نەبەستراون بە شاشەکانەوە، بەڵکو بەسـتراون بەو شـێوە ژیانە سـادەیەوە بە درێژای تەمەنیان لەسـەری ڕاهاتوون و ئێسـتا ئامادە نین لەبەر مۆدێلێکی نوێ بیگۆڕن. ئەشـێت لە هەندێك شـوێندا مۆدێلە نوێیەکە کـاریگەری لێ کردبن، بەڵام کـاریگەرییەك بەو ڕێتمە بەهێزەوە نـا کە لەســـەر نەوەکانیانی کردووە. نەوەکانیان سەر بە خوێندنگە نوێیەکانی مۆدێرنەن، سەربە جیهانە نوێیەکەن و بە تەواوەتی چوونەتە ناوی، ڕۆیشـــتونەتە ناو شـــارەکان و لەناو دونیای مەجازی و شـــاشـــەکاندا پەیوەندییەکی زۆریان دروســـتکردووە. نەوەکانیان وەك کارەکتەری ســـەرەکی ڕۆمانەکە، نایانەوێت پیشـــەکەی باوکیان بگرنە دەســـت، چونکە ڕازی نین بەو ژیانە سادەیەی لە ڕێگەی بەرهەمی باخ یان پیشەی بە میراس بۆماییەوە بە دەسـتی دەهێنن. نەوەکانیان دەیانەوێت لەگەڵ مۆدێلە سـەردەمییەکەدا مامەڵە بکەن و ســـەر بە جیهانی کاڵاکانن. لەناو ڕاراییەکدان دەیانەوێت لەم گوندە بچوکەی جیهاندا، جیاواز لە ژیانی ڕابردوو بژین و شوێنێك بۆ خۆیان بەدەست بهێنن. گەر نەوەی پێشو

بەیانیان یەکەم ساتی بە خەبەربوونی بەرەو شوێنی کارەکەی و پیشەکەی ڕۆیشتبێت، نەوەی نوێی ئێستا یەکەم ساتی هەڵسانی ڕاستەوخۆ بەرەو ناو دونیای شاشەکان دەچێت. دونیای ناو شاشەکان بووەتە ئەو دونیاییەی نەوەی نوێ لەوێوە سەیری ژیانی واقیعی خۆی لێوە بکات.

"سەردەمی سەرومەسرەفگەریی گوزارشتە لە بونیاتنانەوەی کولتووری نوێی باش بوو(خۆشگوزەرانی) و ئاسایش."[30] نەزمی نوێی سیستەمی ژیان و ئایینە نوێیەکە، کولتووری نوێش لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئەو کلتورەی لەناو ئێستای بەشێك لە ژیانی کارەکتەرەکاندا هەیە، کولتوورێکە خۆشگوزرانییەکەی بەستراوە بە شتەکانییەوە. بۆ نموونە: کافێ نوێیەکان، گوندە نوێیەکان، زانکۆ ئەهلییەکان.. هتد. ئەمانە تەنها مۆدێلی ژیانێکی تازە نییە، کولتوورێکی تازەی ژیانیشە. کردەی بەشێك لە مرۆڤەکانی ناو ئەم شوێنە نوێیانە و شێوازی قسەکردن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتر، جیاوازی گەورەی تێدایە لەگەڵ ڕووبەرێکی دیکە. ئەم مۆدێلە بە ژیانی جیاکراوە، کە ئەشێت بۆ چینێك بێت، کولتوورێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت ئەو کلتوورە ناکرێت تێکەڵ بە شوێنی پەراوێز خراو بکرێت. بۆ نموونە: بە کولتووری نیشتەجێ بووەکانی گوندێکی کەناری بچێونین، لێ کاریگەری لەسەر ئەویش دروست دەکات. کاڵاکان و شتەکان و ڕواڵەتسازی لەم کولتوورە نوێیەدا ڕووبەرێکی فراوانی ژیانی بۆ خۆی مسۆگەرکردووە. بەشێك لە غروری ئەم ڕووبەرە نوێیانە غرورە لە کاڵاکانەوە، غرورە لەو مۆدێلە نوێیانەوە لە مارکێتەکان و بازاڕە تایبەتەکانەوە بەدەستی دەهێنن. مەسرەفگەرایی ئەم چینانە، مەسرفگەراییەکە بۆ ئەویتری دەرەوەش فەزایەك دروست دەکان لەم بچێت. کاتێك خوشکەکانمان لە دورترین گونددا دەیانەوێت سیمای ماڵەکان و سیمای جلوبەرگەکانمان بگۆڕن و لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێن، هەوڵێك دەدەن بچنە ناو هەمان کولتوورە نوێیەکەوە، کە مەسرەفگەرایی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت و کاریگەری ئەو ڕیکلامانەیە لە شاشەکانەوە جیهانە نوێیەکە لە ڕێگەی ڕووبەرە نوێیەکانییەوە دەیخاتە بەرچاو، مرۆڤ تا ئاستی ونبوونێك و خەمگینییەکی گەورە ببات لەناو کاڵادا.

ئەم چیرۆکە دەکرێت بۆ زۆر خێزانی دیکە ڕاستبێت، بەتایبەت ئەو خێزانانەی لە گوندەکاندا دەژین و ئەمڕۆ لە ڕێگەی شاشەکانەوە نەوەکانیان بەستراون بە جیهانەوە. جاران گوند کۆمەڵێك سرووشت و سیفەتی تایبەتی خۆی هەبوو، سرووشت و سیفەتەکانی سوبێکتێکی دروست دەکرد، زۆر جیاوازبوو لەو سوبێکتەی لە شارەکاندا دەژیان. لێ ئێستا هەمان سوبێکتی شار و گوند سەر بەیەك جیهانی بچوکن. هەریەکەیان لە شوێنی خۆیەوە، بە شاشەکەی دەستییەوە، هەمان ئەو زانیار و جیهانە دەبینن، شاشەکان بە مرۆڤی ئەم سەردەمەی دەبەخشن. زانیارییەکانیش جۆرێك لە وەهمی زانینی دروستکردووە، زانینێك کە زانین نییە. وەهمی زانینی سەر بە ئایدۆلۆژیای شاشەکانە. وەهمێکە کەسی گوێگر، یان وەرگر وا بیردەکاتەوە گەشتوەتە زانینێك

[30] ژیل لیپۆڤیتسکی. کۆمەڵگەی سەرو مەسرەفگەرای مۆدێرن. چەپ و مۆدێرنە. وەرگێرانی، وەلید عومەر.ل368

ئەویتر پێی نەگەیشتووە. وەهمێك كە دوای ماوەیەك هاتنی بۆناو جیهانی مەجازی و دونیای شاشەیی توشی ئەو وەهمی زانینە دەبێت و لە شوێنی خۆیەوە هەموو زانینێكی ئەویتر رەفز دەكاتەوە. جیهانە نوێیەكا دونیایەك وەهم بۆ بەكاربەرەكانی دروست دەكات. وەهمی زانین، وەهمی لە بیركردنی ژیانی رابردوو، وەهمی خۆ بە مرۆڤی نوێزان، وەهمی دڵخۆشی رەواڵەتی، وەهمی خەمگینی و تەنیایی قوڵی بێ بەرهەم....هتد. هەڵبەتە ئەم سیستەمە نوێیە، سیستەمێكی بێ نەریت نییە، سیستەمێكە نەریتێكی ڕابردوو كاڵ دەكاتەوە و نەریتێكی نوێی خۆی دەخاتە شوێنی. "كۆمەڵگەی مۆدێرن كۆمەڵگەیەكی سەر بە نەریتی نوێیە.... بەهەر حاڵ، لە هەموو جێگایەك لەبەردەم سیستەمێكی سەرمایەداری و بیرۆكراسیدان، كە دوو داینەمۆ و هێزە سەرەكییەكەی بریتین، لە بازاڕ و بیرۆكراسی."[31] ئەو نەریتە نوێیانە نەریتگەلێكن مرۆڤی نوێ ناچارە لەگەڵ نەزمە نوێیەكەدا بیانخاتە ناو ژیانییەوە. ژیانی سەردەمی جیهانی نوێ، ژیانێك نییە داماڵدرابێت لە نەریت. ئەو بۆچونانە دروست نین كۆمەڵێك محافزكاری دونیا نەناس، باس لە كۆتایی هاتنی نەریت دەكەن لەم سەردەمەدا، بەڵكو ئەوە نەبینینی نەریتی نوێی ئەم ژیانە نوێییە، كە لە شوێنە مۆدێرنەكانەوە دەست پێدەكات و دەگوازرێتەوە بۆ كۆی شوێنەكانی دیكەی. ئەگەر نمونەی كارەكتەرێكی نمایشی وەرگرین. هەموو كارەكتەرێكی نمایشی ناو شاشەكان، لەگەڵ خۆیدا مۆدێلێك دەهێنێت، ئەم مۆدێلە دواجار دەبێتە بە مۆدێلێك لە ستایلی ئەوانەی تر كە سەرسامن بەم كارەكتەرە نمایشییە. یاخود ستایلی نوێی ژیانی گوندە نوێیەكان، كە لەلایەن كۆمپانیاكانەوە لە شارەكاندا دروستدەكرێت، ئەم ستایلە نوێیە، نەریتێكی نوێی ژیانیشە و پاشان ئەم نەریتە نوێیەی ژیان، دەبێتە نەریتی ئەوانی تری دەرەوەی گوندەكانیش. یانی، هەموو ڕووبەرێكی نوێ، هەموو فیگەرێكی نوێ، هەموو ستایلێكی نوێ، نەریتێكی نوێ دەهێنێتە ناوەوە. سیستەمەكە هێزە گەورەكەی لە دروستكردنی ستایلی نوێ و كاڵای نوێ و نەریتی نوێدایە. هێزێك كە زنار[32]ەكەی لەنێوان بازاڕ و بیرۆكراسیدایە. بازاڕێك بۆ كۆكردنەوەی كۆمەڵگەیەكی مەسرەفگەرا و، بیرۆكراسییەتێك بۆ كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵگەكان و دروستكردنی ژیانێكی كاڵای كردنی مرۆڤ بە سوبێكتێكی ناجێگیر و هەڵپەكەر بۆ كاڵا.

هەمان گوندی جیهان، لە فەزای ماڵەكانمانەوە دەست پێدەكات. ئەشێت لە ئاییندەدا ماڵ بریتی نەبێت لەو پەناگە وجودییەی مرۆڤ تێیدا ئارام دەگرێت و بیردەكاتەوە و بوونی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە و لێیەوە بۆ بوونی دونیای دەرەوەی ماڵ بڕوانێت. ئەشێت ماڵی ئاییندە ماڵێك بێت بۆ دۆزینەوەی ئەو كەلوپەلانەی لە بازاڕەكاندا دادەنرێن و لە ماڵەكاندا شوێنی خۆیان دەگرن. ماڵێك بێت بوونی مرۆڤ تێیدا بەسترابێت بە شێوازی بوونی

[31] ادهای غەریب. سنت و سنت گرایی ایدۆلۆژیك. مراد فرهاد پور. انتشارات هرمس. چاپ دوم،1386. یان چاپە كوردییەكەی لەژێر ناونیشانی: بۆچی نەریت (سوونەت) خۆی بەرهەمی مۆدێرنەیە. وەرگێرانی وەلید عومەر. ماڵپەری نێگەتیڤ

[32] زنار. واتە حەلقە. مەحوی دەڵێت: " لەگەڵ دەستی مەلا ڕێناكەوێت زناری زوڵفی یار" واتە حەڵقەی پەلكەكانی یار لەگەڵ دونیابینی مەلادا ڕێك ناكەوێت. پێشوتریش ئەو پشتێنە زەردەشتییەی كە پیاوان بوەستوویانە و پێنج گرێی هەبووە لە پێشەوە، بە پشتوێنی زناری ناسراوە. واتە پشتوێنێكی حەلقەدار، بە كرمانجیش بە قەت پاڵ دەوترێت، زنار، كە ناوەكەی لە پشتوێنەكەوە وەرگیراوە كەمەر دەكات.

كاڵاكانەوە. بێگومان گۆڕینی سیمای ماڵ بە كەلوپەلەكاندا، عادەتەكانیش دەگۆڕێت. دروستبوونی ڕووبەری نوێ لە دەرەوە، بە هەمان شێوە عادەتی ناو ماڵیش دەگۆڕێت، ئەگەر سەرنجێك بدەین لەسەر شێوازی كۆبوونەوەی ماڵ. هەمیشە لە ڕابردوودا سێ خوان لە ماڵدا هەبوون، هەرسێ خوانەكە بوونەتە سێ كۆبوونەوەی خێزانی. كاتێك دایكەكانمان هەڕەشەیان دەكرد: "هەركەس كاتی نانخواردن نەیەتەوە، بەشی هەڵناگرم." هەم هەڕەشە هیچ كات جێبەجێنەدەكرا، بەڵام ئەم هەڕەشەیە بۆ بانگهێشت كردنی ئێمە بوو بۆ كۆبوونەوەی خێزانی. هەڕەشەیەك بوو، ئاگاداری دەكردینەوە خوان تەنها كردەیەك نییە بۆ تێربوون، بەڵكو كردەیەكە خێزان كۆدەكاتەوە و لە یەك ڕۆژدا لە نزیكەوە خێزان سێجار زۆر بەوردی ئاگای لە یەك بەیەكی ئەندامەكانی خۆیەتی. ئەمما ئێستا بە تایبەت لە شارەكان ئەم سێ كۆبوونەوەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەكرێت جەسارەت بكەین بڵێین: دروستبوونی هەر ڕێستورانتێك، هەر چێشتخانەیەكی نوێ-هەوڵێكە بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆبوونەوەی خوانی خێزانی. كاتێك كۆبوونەوەكانیش كەمبوونەوە، پەیوەندی خێزانی كەم دەبنەوە، كە پەیوەندی خێزانی كەم دەبنەوە، لەبری عادەتەكان و ترادسیۆنەكانی خێزان، شتی دیكە شوێنیان دەگرنەوە. ئەو بازاڕ و بیرۆكراسییەی لەناو نەزمی سیستەمە نوێیەكەدا هەیە، لە دەستبردن بۆ گۆڕینی دونیای ماڵ و خێزانەوە دەست پێدەكات، تا دەستبردن بۆ كۆی پێتەكانی ژیانی تاك بە تاكی ئەندامانی كۆمەڵگە و كۆمەڵگەكان. ئەگەر ئێمە لە نزیكەوە دەرك بەم نەریتە نوێیانە، ستایلە نوێیانەی ژیان نەكەین گوندە بچوكەكەی جیهان بۆمانی دروستدەكات، بێگومان دەبینە سوبێكتێكی كاڵای سەر بە نەریتێكی نوێ، كە ئەوەی ئاراستەمان دەكات ئاگاییمان نییە، كاڵاكان و نەریتە نوێیەكانی سیستەمەكەن. (لەم پاكێجەدا لە ڕێگەی ماڵەوە لە بەهای مرۆڤ و شوناسەونبووەكەی لەناو ئایینە نوێیەكەدا سەرنجەكانم خستە ڕوو. لە هەر سێ پاكێجەكەدا هەوڵم دا هێز و وزە، توانا و مەترسییەكانی، ئایدیاكە و خوداوەندە بچكۆلەكە و ئایینەكەی هەندێك كنە كردن ئەنجام بدەم. بێگومان دەقەكە بەدەر نییە لە كەلێن، دەشێت خوێندنەوەی جیاوازی دیكەش هەبێت و گۆشە نیگای دیكە ببنرێن).

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

_(1) ناوی خوداوەندە بچکۆلەکە، لە کتێبی مانیڤێستی شارستانییەتی دیموکراتی، عەبدوڵا ئۆجەلانەوە وەرگیراوە.

_دەوڵەتشارەکان* بە پێی مێژوو یەکەمین شارەکان لە میزۆپۆتامیا دروستکراون، ئەو شارانەش لە لایەن سۆمەرییەکانەوە بنیاد نران، یەکەمین شاریش_ئور_ە. لەناو بەشێك لە میتۆلۆژیادا هاتووە بیرۆکەی شار دروستکردنەکە بیرۆکەی خوداوەندە ژن بووە، بەڵام لە نیوەی میتولۆژیادا ئیدی دەسەڵاتی خوداوەندە پیاو شوێنی دەگرێتەوە و، پیاو دەبێتە دەسەڵات و پاشاو ڕاهیبی گەورە.

** بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی کتێبی _پارە_ یوڤاڵ نوح هەراری، وەرگێرانی: ئارام قەفتان. چاپی ڕەهەند ساڵی2020

_(2) عەبدوڵا ئۆجەلان، مانیڤێستی شارستانییەتی دیموکراتی، بەرگی دووهەم، وەرگێرانی لە تورکییەوە، لوقمان عەبدوڵا، چاپی سێهەم، لاپەڕە60

_(3)_ شاسوار هەرشەمیی، داستانی گەلگامێش، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی دووهەم، ساڵی 2017 لاپەرە 55 دەڵێت: "ئێ یا ناوی خودای ژیری بە زمانی ئەکەدی، بەزمانی سۆمەریش ئەم خودایە ناوی ئێنکی بو."

_(4)_ ئەم دەقە دەقی گێرانەوەیەکی تەها باقرە، نەوشیروان مستەفا لە کتێبی بەدەم ڕێوە گوڵ چنین وەریگێراوە.

_(5)_ فیراس سەواح، نهێنی عەشتار، وەرگێرانی: ئیبراهیم فەتاح. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم ساڵی2010 لاپەڕە26.

_(6)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 37

_(7)_ دۆرۆسی گارۆد. چاخی بەردین لە کوردستانی باشوور. لە ئینگلزییەوە، محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.2021لاپەڕە 77

_(8)_ فراس السواح، سەرکێشی یەکەمی عەقڵ. وەرگێرانی: د، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.چاپی 2012 لاپەڕە311

_(9)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە383

_(10)_ کتێبی پیرۆز، پەیمانی کۆن، کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی کتێبی پیرۆز.قابین و هابیل،4 لاپەڕە 5

_(11)_ فیراس سەواح، نهێنی عەشتار، وەرگێرانی: ئیبراهیم فەتاح. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم ساڵی2010 لاپەڕە 11

_(12)_ مەجید یوسف زادە، مێژووی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا. وەرگێڕانی: سەمیر حسێن. بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم ساڵی2012 لاپەڕە245-246

_(13)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە280

_(14)_ مەجید یوسف زادە، مێژووی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا. وەرگێڕانی: سەمیر حسێن. بەرگی سێهەم، چاپی یەکەم ساڵی 2012 لاپەڕە 182

_(15)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە184

_(16)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە373

_(17)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 377

_(18)_ ئەحمەد ربیع عبدولمنعم. نابو خەزنەسر و مەملەکەتی بابل. وەرگێڕانی: گەرمیان محەمەد ئەحمەد.چاپی یەکەم 2017 لاپەڕە57

_(19)_ هەمان سەرچاوەی پێشوولاپەڕە 115

_(20)_ بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی هەمان سەرچاوەی پێشوو، وەرگێڕانی: دەقی تەتە قورەکان، یان سەرجەم یاساکانی شاری نور و یاساکانی حامورابی، بە تایبەت ئەو برگە یاساییانەی پەیوەندیان بە مرۆڤ و ئابوورییەوە هەیە. کۆی یاساکان لە کتێبی بەدەم ڕێوە گوڵ چنین، بەرگی یەکەم، نەوشیروان مستەفا، کراون بە کوردی.

_(21)_ کارڵ مارکس و فریدریك ئەنگلز، ئایدلۆژیای ئەڵمانیا، وەرگێڕانی: عومەر ڕەسوڵ. دەزگای دوارۆژ چاپی یەکەم 2017 لا77

_(22)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 74

* بۆ زیاتر ئاشنابوون (یۆڤاڵ نوح هەراری) بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی کتێبی (چەپ و مۆدێرنە) کتێبی چوارەم نێگەتیف. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.چاپی (2019) وەرگێرانی بۆ کوردی: وریا محەمەد

* ئاڵەمیانە. ڕەنگێکە، یان ستایلێکە بۆ شێوازێك لە جل و بەرگ. شێوازێکە ڕەنگی تۆخ بەکاردەهێنرێت و دەبێت ڕەنگەکانیش لە ڕەش و شینی تۆخەوە نزیکبن. بۆئەوەی کەسێك کە لە تەمەنێکی ماماناوەندا دەژیت لەبەریان بکات و بۆ ئاستی تەمەنی بشێت. وشەکە هەورامییە.

_(23)_یوڤال نوح. دەربارەی ژیانی مرۆڤەکان لە ساڵی (2050) قسە دەکات. و: وریا ئەحمەد. ل399

_(24)_ڕستەیەکی علی کوری ئەبوتالیبە، لە کتێبی نەهج بەلاغە، وەرگێرانی مامۆستا عەبدولەتیفی بامۆکی، چاپی دەزگای تەفسیر.

_(25)_نەبەز گۆران، ڕۆمانی دیوانەیەك لەم شارەیە. ناوەندی ئەندێشە چاپی سێهەم.

_(26)_ ژیل لیپۆڤیتسکی. کۆمەڵگەی سەرو مەسرەفگەرای مۆدێرن. چەپ و مۆدێرنە. وەرگێرانی، وەلید عومەر.ل368

_(27)_ بادهای غەریب. سنت و سنت گرایی ایدۆلۆژیك. مراد فرهاد پور. انتشارات هرمس. چاپ دوم،1386. یان چاپە کوردییەکەی لەژێر ناونیشانی: بۆچی نەریت (سوونەت) خۆی بەرهەمی مۆدێرنەیە. وەرگێرانی وەلید عومەر. ماڵپەری نێگەتیڤ.

* زنار. واتە حەلقە. مەحوی دەڵێت: " لەگەڵ دەستی مەلا ڕێناکەوێت زناری زوڵفی یار" واتە حەڵقەی پەلکەکانی یار لەگەڵ دونیابینی مەلادا ڕێك ناکەوێت. پێشوتریش ئەو پشتێنە زەردەشتییەی کە پیاوان بوەستوویانە و پێنچ گرێی هەبووە لە پێشەوە، بە پشتوێنی زناری ناسراوە. واتە پشتوێنێکی حەلقەدار، بە کرمانجیش بە قەت پاڵ دەوترێت، زنار، کە ناوەکەی لە پشتوێنەکەوە وەرگیراوە کەمەر دەکات.